
ڕیکلام

هاوپەیمانیی کوردستان

التحالف الكوردستاني

٣٧٢



دڵنیا قەرەداغی: پێیاندەوتم خەپە ..12



مێردی شاعیرێک ..18

دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (١٩)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/١٧
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە

www.destur.net

# حەمە تۆفیق ڕەحیم: دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگەدەنگکەر لەپەرلەمانی عێراق‌و لێپێچینەوە لەوەزیرە کوردەکان دەکەین

تایبەت بەدەستوور

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئەزمونێکی جیاواز لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغداد پێشکەش دەکەن، ئاماژە بەوە دەدات کە پۆست بەلای ئەوانەوە گرنگ نییە بۆ بەشداریکردن لەحکومەتی عێراق، بەڵکو بایەخ بەکارنامەی کابینەکەی حکومەت دەکەن لەبارەی مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتی «بەڵام سەرکردایەتی کورد لەبەغدا پۆستی سەرۆک کۆمار یان جێگری سەرۆک وەزیران‌و پەرلەمانیان بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە لەبەرامبەر ئەوەدا دەبێت دەستبەرداری بەرژەوەندییە گشتییەکان ببن، ئێمە ئەو شتانەمان بەلاوە گرنگ نابێت، گرنگ نییە وەزیرمان دەبێت یان نا، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەو حکومەتە ئەگەر بێت‌و مافی کوردو کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغداد بەشێوەیەکی دیموکراسیانە‌و واقعیانە چارەسەربکات پشتگیری دەکەین، نەیکات کێشەی بۆ دروستدەکەین‌و دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگەدەنگکەر».

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت لیستی گۆڕان لەوەزیرە کوردەکانی حکومەتی عێراق دەپرسێتەوە ئەگەر کەموکوڕی‌و کەمتەرخەمیان هەبێت.

وتەبێژی لیستی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی داوای هاوپەیمانێتی لێکردبێتن.



حەمە تۆفیق ڕەحیم

952

پارتی چارەسەر لەسلێمانی دەنگ بەزەحمەتکێشان‌و لەهەولێر بەگۆڕان دەدات

پارتی چارەسەر دوو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ هەریەکە لەلیستی گۆڕان‌و حیزبی زەحمەتکێشاندا ئەنجامداوە، بەپێی ئەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێککەوتوون، ئەندامان‌و لایەنگرانی پارتی چارەسەر لەسلێمانی دەنگ بەجەلال دەباغ کاندیدی زەحمەتکێشان‌و لەهەولێر دەنگ بەمەهدی کاوانی کاندیدی لیستی گۆڕان دەدەن. .. 02

لێدوانێکی بارزانی یەکێتی نیگەران دەکات

باسکردنی کوتلەگەری وەک تانە لەلایەن مەسعود بارزانیەوە، یەکێتی نیگەران دەکات، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش ڕەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت کە کوتلەگەری ناو حیزبەکەی بەتانە سەیر دەکەن‌و دەڵێت ئەوان وەک مینبەری جیاوازی کوتلەگەرییان بەکارهێناوە. .. 03

کەس گوێ بۆ بەرنامەی لیستەکان شلناکات!

هاوڵاتیان دەڵێن گوێ بەبەرنامەو بەڵێنی لیستەکان نادەن، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لای ئەوان گوێگرتن لەبەرنامەی لیستەکان بووە بەبەشێک لەرابردوو. .. 05

عەرەب فێری کوردی دەبێت

عەلی عەباس، هاوشێوەی سەدان هاووڵاتی عەرەبی تر کە لەهەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، بەر لەسێ مانگ دەستیکردوە بەفێربوونی زمانی کوردی، پاش ئەوەی درکی بەوەکرد بەبێ فێربوونی ئەم زمانە، دۆزینەوەی هەلی کار کارێکی ئاسان نابێت. .. 08

موچەی مامۆستا لەسلێمانی کەمترە لەموچەی مامۆستا لەهەولێر

موچەی مامۆستایانی سنووری پەروەردەکانی سلێمانی‌و گەرمیان کەمترە لەموچەی مامۆستایانی پەروەردەی هەولێر، یەکێتی مامۆستایانیش داوا دەکات حکومەت لیژنەیەک بۆ یەکخستنی پێکبهێنێت. . 09

## فەرەیدون جوانڕۆیی: گەشەنەکردنی پارتی لەسلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زۆری‌و بۆرییەی کادیر

دەستوور

فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات گەشەنەکردنی ڕێکخستنەکانی حیزبەکەی بەهۆی زۆری‌و بۆری کادیرەوە بووە، دان بەوەدا دەنێت کە نەیانتوانیوە وەک پێویست گۆڕان لەڕێکخستنەکانیان‌و لەئەداو سیستەمی کارکردنیاندا بکەن.

فەرەیدون جوانڕۆیی دەڵێت ئێستا ئینتیمای حیزبی لاوازبووەو پەیوەست بوون بەڕێکخستنەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی‌و موچەیە.

ئاماژە بەوەشدەدات پارتی هەمیشە خۆی نوێکردووەتەوە، ڕەتیدەکاتەوە کوتلەگەری لەناو پارتیدا هەبێت‌و نێچیرڤان بارزانی ڕابەرایەتی باڵێکی تایبەت بکات، وتی «کاک نێچیریش وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و



ئێستاش وەک جێگری سەرۆکی پارتی سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی پارتی دەکات، هەموو سەرکردایەتی‌و کادیری ئێمە پشتگیری لێدەکەین بۆ گۆڕانکاری‌و ئەنجامدانی ریفۆرم‌و چاکسازی بەمانای وشە، ئەو ریفۆرمەش لەکۆنگرەدا دەکرێت، هەمووشمان پشتگیری‌و پشتیوانی کاک نێچیر دەکەین، بەسەرۆکی پارتیشەوە».

جوانڕۆیی دەڵێت ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی‌و پارتی پەیوەندی بەمەسەلەی هەڵبژاردنەوە نییە، وتی «یەکێتی چارەکی ئەودەنگانە بهێنێت کە لە٧/٢٥ هێنای، ڕێکەوتنی ستراتیژی هەڵناوەشێتەوە».

## پۆستی نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەبەغدا بەبەتاڵی ماوەتەوە

پ. دەستوور

دوای ئەوەی کە د. ڕۆژ نوری شاوەیس کرا بەجێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، تائێستا پۆستی نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەبەغدا بەخاڵی ماوەتەوە کەپێشتر ناوبراو بەڕێوەی دەبرد.

لەکاتێکدا کە چەندین کێشە لەنێوان هەرێم‌و ناوەندا ماوەیەکی زۆرە بەهەڵپەسێردراوی ماوتەوەو پەیوەندییەکانی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی هەرێم گرژی تێکەوتووە، سەرۆکی هەرێم نوێنەری خۆی دیارینەکردووە.

سامی ئەتروشی ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ دەستوور وتی "ئەوەندەی ئاگاداربم د.ڕۆژ جگە لەپۆستە سەرەکییەکەی خۆی پۆستی نوێنەری سەرۆکی هەرێمیش لەبەغدا بەڕێوەدەبات، بۆیە تائێستا هیچ کەسێک بۆ ئەو کارە رانەسپێردراوە".

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاترو راو بۆچوونیشیان دەستوور لەچەندکاتێکدا پەیوەندی کرد بەچەند بەرپرسێکی باڵای سەرۆکایەتی هەرێمەوە، بەڵام بەهۆی وەڵام نەدانەوەی هیچ یەکێک لەپەیوەندییەکان نەتوانرا وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە وەربگیرێت.

ڕیکلام

داکۆکیکارێکی بە ئەزمون لەدەستکەوتەکانی گەلی کورد لە بەغداد

کاندیدی ژمارە ٢ پارێزگای هەولێر

هاوپەیمانیی کوردستان

التحالف الكوردستاني

٣٧٢

ژیاننامە

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە ١٩٣٨/٣/٢١ لە شاری کۆیە لە دایکبووە.
لە زانکۆی (الازهری قاهیرە) دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرتووە.
لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٢ مامۆستا بووە لە زانکۆی (بەسرە)دا.
لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٥ نوێنەری شۆرشی کورد بووە لە (قاهیرە).
لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ یەکەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٣ کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٨ سەرپەرشتیاری (ڕێکخستن) و (ڕاگەیاندن)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات.
لە ساڵی ٢٠٠٢ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە (دەستەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق لە لەندەن).
لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی لێژنەی میکانیزمی دانانی دەستور لە عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پارلەمانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی دارشتنی دەستووری عێراق و پاشانیش جێگری سەرۆکی لیژنەی دەسکاری کردنی دەستوری عێراق.
بەشداریکردووە لە چەندین لێژنەی موناقەشەی تێزی ماجستێرو دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستاندا.
کتێبێکی بە ناوی «اخوان الصفاء - فلسفتهم و غايتهم» چاپو بڵاوبۆتەوە.
چەندین نووسینی جیا جیای لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو بۆتەوە.
خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ یە.





# لەدهۆك كاندیدەكانی پارتی، پەنا بۆ عەشیرەتو ناوچەگەرێتی دەبەن

شەنگ هاشم لەدهۆك

لەپارێزگای دهۆک کاندیدەکانی پارتی بۆ بانگەشەکردن بۆ خۆیان، پەنا بۆ عەشیرەت دەبەنو ناوچەگەرێتیو عەشیرەتچێتی لەدژی یەکتر زیندوو دەکەنەوە، بەرپرسانی پارتیش ئەو هەواڵە بەناڕاست دەزانن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەشێوازی بانگەشەکانی پارتی بۆ کاندیدەکانیان، لەسنووری پارێزگای دهۆک، بەدەستووری راگەیاند "بەمەبەستی دەنگدانو بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان، کاندیدەکانی پارتی مەسەلەی ناوچەگەرێتیو عەشیرەتچێتی لەدژی یەکتر زیندوو دەکەنەوە".

هەروەها وتی "ئەو کاندیدانە هەریەکە لەراست خۆیەوە گروپی جیاواز دروستدەکاتو ناوچەگەرێتیو مەسەلەی عەشیرەتیان تێکەڵ بەبانگەشەی هەڵبژاردنەکان کردووە، رێکخستنەکانی پارتیش لەژێرەوە داوایان لەئەندامانو لایەنگرانی خۆیان کردووە، تەرکیزیان بچێتە سەر چەند کاندیدێکی دیاریکراو، ئەوانەی کەخۆیان مەبەستیانە دەربچێت".

بەهجەت ئاڤدەل، بەرپرسی نووسینگەی هەڵبژاردنی لقی یەکی پارتی لەدهۆک، بەدەستووری وت "نەخێر ئەوانە هەمووی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە بڵاوبووەتەوە، هیچ راستی تێدا نییە، ئێمە پلانی خۆمان هەیەو هەر کاندیدێکمان لەناوچەیەکدا داناوە بۆئەوەی خەڵکی ناوچەکە بەنوێنەری خۆیانی هەڵبژێرن".

# لێدوانێکی بارزانی یەکێتی نیگەران دەکات

دوێن هاشم لەهەولێر

باسکردنی کوتلەگەری وەک تانە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە، یەکێتی نیگەران دەکات، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش رەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت کە کوتلەگەری ناو حیزبەکەی بەتانە سەیر دەکەنو دەڵێت ئەوان وەک مینبەری جیاوازی کوتلەگەرییان بەکارهێناوە.

لەکۆبوونەوەیەکی لقو مەکتەبی ناوەندییەکانی پارتی کە بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیو جێگرەکەی نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەچووە، مەسعود بارزانی لەوتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە لەناو پارتیدا نە کوتلە هەیەو نە کوتلەشی تێدادەبێت، دەڵێت ئەوانەی باسی کوتلەگەری ناو پارتی دەکەن غیرە لەیەکڕیزی پارتی دەکەن، بەرامبەر بەم قسەیەش یەکێتی نیگەراندەبێتو پێیوایە ئەم قسەیە دەچێتەوە چوارچێوەی تانەدان لەیەکێتی.

بەکر مستەفا ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور باسکردنی کوتلەو باڵ لەلایەن هەر کەسێکەوە بەبێ ویژدانی وەسفکردو رایگەیاند "ئەوانەی یەکێتی بەکوتلەو کوتلەکاری ناو دەبەن، ناحەزی گەورەی یەکێتین".



بەکر مستەفا وتی "ئێمە هیچ کاتێک لەناو یەکێتیدا باڵو کوتلەکانی خۆمان نەشاردووەتەوە، ئەمەش نیشانەی مینبەری جیاوازە لەناو یەکێتی". ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو "هیچ حیزبێک ناتوانێت کوتلەو کوتلەکاری بکات بەتانەیەک بۆ یەکێتی".

# بۆ ئەوانەی ناویان نەهاتووەتەوە، کۆمیسیۆن ناوەندێکی تایبەت دەکاتەوە

کاروخ نامیق



تاهیر محەمەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کۆمسیۆن لەبەرنامەیدایە بۆ ئەوانەی ناویان نەهاتووەتەوە، ناوەندێکی تایبەت بکاتەوە.

تاهیر محەمەد وتی "لەرۆژانی هەڵبژاردندا بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لەهیچ ناوەندێکی دەنگداندا ناویان نەهاتووەتەوە کۆمسیۆن ناوەندێکی تایبەت دەکاتەوە کەئەم شێوازی دەنگدانە پێی دەوترێت دەنگدانی مەرجدار، دەبێت ئەو کەسەی لەو ناوەندە دەنگدەدات لەهیچ ناوەندێکی تر ناوی نەبێت". ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان ناوی سەرجەم ناوەندەکانی دەنگدانیان لایە، هەرکەسێک لەهەر ناوەندێک ناوی هەبێت، دەنگەکەی بۆ هەژمارناکرێت. هەروەها وتی "دەبێت ئەو کەسە فۆرمی ئەو پارێزگایەی هەبێت کەدەنگی لێدەدات".

# تا فەرمانی دامەزراندنیان نەگەڕێتەوە، مانگرتن بەردەوامدەبێت

فەرمان چۆمانی

ماوەی چەند رۆژێکە دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان، لەبەردەم پەروەردەکانی رانیەو قەڵادزێ مانگرتنیان راگەیاندووەو لەژێر خێوەت دەمێننەوەو چاوەڕوانی بڕیاری دامەزراندن دەکەن.

بەپێی ئەو یاداشتەی کەئەو مانگرتووانە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەتیان کردووەو وێنەیەکی دەست دەستوور کەوتووە، ئەو دەرچووانە ئامادەن لەهەر پەروەردەیەک دابمەزرێن بەمەرجێک رەچاوی نمرە بکرێتو نابێت هیچ دەرچوویەکیش بمێنێتەوە کەدانەمەزرێ. هەروەها هاتووە "ئەگەر وەڵامی داواکارییەکەشمان نەدرێتەوە، ئەوا ئامادەین رێگەی یاساییتر بگرینەبەر".

عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ، بەدەستووری راگەیاند "داواکاری ئەو دەرچووانەیان گەیاندووەتە سەرووی خۆیانو لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ دامەزراندنیان".

هەروەها وتی "لەگەڵ لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستانیش گفتوگۆمان لەسەر ئەو کێشەیە کردووە، بەڵام دامەزراندنی ئەو دەرچووانە پەیوەندی بەپەسەندکردنی بودجەوە هەیەو کاتێک بودجە پەسندکرا ئەوانە هەریەکەیان بەپێی نمرەی خۆیان دادەمەزرێنرێن".




# داوای موچە بۆ بریندارانی چەکی کیمیاوی دەکرێت

دەستوور لەهەڵەبجە

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە رەخنە لەحکومەتو کاربەدەستان دەگرێت کە پابەند نەبوون، بەبڕینەوەی موچەیەکی شایستە بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیاییو دەڵێن بەشێک لەبەرکەوتووان توانای کارکردنیان نەماوە.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات، ژمارەیەک لەبەرکەوتووان بەهۆی سەختیو درێژەکێشانی رادەی برینداریەکەیانەوە توانای ئیشکردنیان لەدەستداوە، جگە لەوەش رۆژانە پارەیەکی زۆر لەچارەسەری خۆیان خەرجدەکەن، بەڵام تائێستا ئەو بەڵێنانەی کەپێیان درابوو بۆ بڕینەوەی موچە جێبەجێ نەکراوە.

لوقمان عەبدولقادر وتی "بڕیارمانداوە جارێکی تر بەفەرمی ئەو بەڵێنە بەبیر بەرپرسان بهێنینەوە، بۆئەوەی ئەو بریندارانەی کە قورساییەکی زۆر کەوتۆتە سەریان لەرێگەی بڕینەوەی موچەیەکی مانگانەوە بەشێکی سوک ببێت".

لەکابینەی پێنجەمیشدا وەزارەتی تەندروستی بڕیارێکی دەرکرد بۆ بڕینەوەی موچەیەکی ٣٠ هەزار دیناری بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، بەڵام کۆمەڵەی قوربانیان بەفەرمی بڕیارەکەیان رەتکردەوە.

## دەلاقە

کاوە محەمەد

# دیسان لەبەردەم پرسیارە جەوهەریەکەدا

ئەو پرسیارە جدییەی لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە رووبەڕووی رۆژنامەی ئەهلی بۆتەوە، پرسیاری بێلایەنبوونیانە لەبەرامبەر هێز و کێشمەکێشە سیاسییەکان، چونکە ئەو مەسەلەیە جەوهەر و بناغەی رۆژنامەی ئەهلی پێکدێنێ و هەر لەسەرەتاوە مانیفیستۆی خۆی وا بەیانکرد کە دەیەوێ ستایلێکی جیاوازی رۆژنامەنووسیی بێنێتە ئاراوە، ئەو جیاوازییەش تەنیا لەوەدا نەبووە کە رووبەرێکی زۆری لاپەڕەکانی بۆ رەخنە و هەواڵەکانی پشتی پەردە تەرخان بکات، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە چەندە بێلایەنانە و دوور لەداشکاندن بەلای ئەم هێز و ئەو هێز کارە رۆژنامەنووسییەکانیان ئاراستە دەکەن، ئاخر ئەوان لەبەرامبەر رۆژنامەگەریی حزبی و لەپێناوی رۆژنامەیەکدا دابەزینە نێو مەیدانەکە کە بەهیچ حزب و رێکخراوێک شەتەک نەدرابێت، بەتایبەتی کە رۆژنامەگەریی حزبی لەماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆدا زۆر داخراوانەتر لەپێشوو حزبێنرا و هەرچی هەناسە و نووزەی ئازادی و رەخنە هەبوو تێیدا نەهێڵرا، رۆژنامەکان بەسەر هەردوو ناوچەی سەوز و زەرد دابەش ببوون و هیچیان بۆی نەبوو لەناوچەی بەرامبەردا بڵاوبکرێنەوە، ئیتر ئەمە ژانی لەدایکبوونی ئەو ستایلە جیاوازەی رۆژنامەگەریی (ئەهلی) زیاتر کرد و وایکرد پەرۆشانەتر پێشوازیی لێبکرێ. کەواتە ئەوان بۆئەوە دروستبوون کە بەسەرچوونی مۆدێلی رۆژنامەگەریی حزبیی رابگەیەنن و کەوتنەژێر سایەی حزبەکان بخەنە نێو بازنەی ناپیشەییبوونـەوە، نەک ئەوانیش بەشێوە و شێوازێکی دیکە ببنە گەیەنەری ناڕاستەوخۆی ئەم لایەن و ئەو لایەن و وەک ئامرازی ململانێ حزبی و شەخسییەکان بەکاربهێنرێن، کەبەداخەوە سەرنجام کەموزۆر (هەندێک بەمەبەست و هەندێکیش بێ مەبەست) وەک لایەنگرکەوتنە نێو ململانێکان و رۆژبەرۆژ پرسیاری (بێلایەنبوونیان) زەقتر و رەقتر رووبەڕوو بۆوە، بۆیە بەناچاری وەڵامی پرسیارەکەیان بە (هۆکاری نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن) پاساودایەوە کە گوایە بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستان، ئەوان رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنبوونیان لەپێناو و بەرژەوەندیی خەڵکدا بینیوە. بەڵام ئەوە لەدوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی دیار و بەرچاو و بەدەم و زمان و خاوەن کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێنراو دروستبووە و هیچ پێویستی بەرۆژنامەی ئەهلی نییە لەپێناویدا (بێلایەنبوونی خۆی) بکاتە قوربانی.



بەهەرحاڵ ئێستا کە چەند رۆژێکە بانگەشەی راگەیاندنی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەستیپێکردووە، کە یەکەم هەڵبژاردنی دوای دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنە لەکوردستان، پرسیارەکە پاساوهەڵنەگرانەتر سەریهەڵداوەتەوە و رۆژنامەگەری ئەهلی لەسەنگی مەحەک دەداتەوە کە تاچەند لەگەڵ پەیامو سەرەتاکانی خۆیان راستگۆن و بێلایەنانە و پیشەییانە کاری خۆیان دەکەنو تەنیا تەرکیز دەکەنە سەر هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەبنە چاودێر بەسەر لیست و قەوارە بەشدارەکان کە بەهێمنی و شارستانییانە پروپاگەندە بۆ لیستو کاندیدەکانیان بکەن و دواتریش بەوپەڕی چاوتیژییەوە ببنە هاوکار و هاندەری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو پاک کە لەفرتوفێڵو ساختەکاری و توندوتیژیی بەدووربێت... کە ئەمانە ئەرکو بەرپرسیارێتیی رۆژنامەگەریین، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگایەکدا کە هێشتا کلتووری دیموکراسی تێیدا نەخەملیوەو بەرامبەریەکتر وەستانەوەی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن لەسەرەتاییترین قۆناغیدایە. بۆیە ئەوەی لەرۆژنامەگەریی ئەهلی چاوەڕێدەکرێ بوونیەتی بەچاودێری ململانێکان کە بەیەک مەسافە خۆی لەهێزو لایەنەکان بەدووربگرێ، نەک بچێتە نێو گۆڕەپانی زۆرانبازیی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و بۆ پشت لەئەرزدانی ئەم یان ئەویان، لەژێرەوە هەر خەریکی هەڵخلیسکاندنی قاچەکان بێت و سەرەنجام شەرمەزاری بەردەم جەوهەریترین پرسیار بێت کە ئایندەی رۆژنامەگەریی کوردستان بەوەڵامدانەوەیەکی بێگەردی ئەو پرسیارەوە بەندە.

kawamuhamad@yahoo.com

# لیستەکان بانگەشەی گەرمو هێمن بەڕێوەدەبەن

## تائێستا سەرپێچییەکان سەرەتایینو لیستەکان لەیەکتر تورە نین

پەیامنێرانی دەستوور

پێنج رۆژ بەسەر پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا تێپەڕیوە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکەدا زۆرێک لەپۆستەرو وێنەی ئەو لیستانە لەلایەن کەسانی نادیارەوە دڕێندرانو لێکرانەوە، چەندین سەرپێچیش تۆمارکراون، بەڵام هێشتا لیستەکان لەیەکتر تورە نینو دۆخەکە بەهێمی بەڕێوەدەچێت.

### لەهەولێرو بادینان پۆستەری یەکێتیو گۆڕان لێدەکرێنەوە

شایەتحاڵێک لەگەڕەکی مامۆستایانی شاری هەولێر، بەدەستووری راگەیاند "شەوانە وێنەکانی کاندیدی هەردوو لیستی گۆڕانو یەکێتی بەیەکەوە لێدەکرێنەوەو هیچ جیاوازییەک لەنێوان کاندیداکانی ئەو دوو لایەنەدا ناکرێت".

هەروەها وتی "لەم شەوانەی دواییدا، دوایئەوەی چەند گەنجێک هێرش بۆ لێکردنەوەی وێنەکانی گۆڕانو یەکێتی دەبەن، لەلێپرسینەوەشیان لەلایەن کەسێکی مەدەنییەوە، پێناسی حیزبی دەردەهێنن کەسەر بەرێکخراوەکانی پارتین".

فوئاد مەعسوم کاندیدی یەکێتی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهەولێر بەدەستووری وت "خۆمان بەدڕاندنو لێکردنەوەی پۆستەرو وێنەوە سەرقاڵ ناکەین، چونکە هەڵمەتی هەڵبژاردنەو وێنەو پۆستەر هەر لێدەکرێنەوە".

داهێن هاشم کاندیدی لیستی گۆڕان لەهەولێر بەدەستووری راگەیاند "پۆستەرەکانمان لێدەکرێنەوە، بەڵام ئاگاداری ئەوەنین کەبەرنامە رێژییەک بۆ لێکردنەوەی پۆستەرەکان لەئارادا بێت، تەنها پێمانوایە ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، لەدیموکراسی تێنەگەیشتوونو هێزی بانگەشەی هەڵبژاردنیش نازانن".

### لەسلێمانی پۆستەری هەموو لیستەکان لێدەکرێنەوە

شەقامەکانی سلێمانی بەدرێژایی رۆژ تادرەنگانێکی شەو جمەی دێت لەو ئۆتۆمبێلانەی ئاڵای گۆڕانو هاوپەیمانیان بەرزکردووەتەوە، هەرچەندە چەند پێشێلکارییەک تۆمارکراون، بەڵام لیستو کاندیدەکان هێشتا لەیەکتر دڵگران نەبوون.

لەتیف شێخ مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لەپارێزگای سلێمانی دەڵێت پۆستەرو وێنەی زۆربەی کاندیدەکانی پارێزگای سلێمانی دڕێندراونو لێکراونەتەوە، وتی "زۆربەی پۆستەرو وێنەکانی خۆم دڕێندراونو لێکراونەتەوە، پێشیان وتوم کێ دڕاندوویەتیو لێیکردۆتەوە، ناوەکەشی ئاشکرایەو لەلای خۆمە،بەڵام تائێستا سکاڵام تۆمارنەکردووە، بەنیازم لەداهاتوودا لەکۆمسیۆن سکاڵا تۆماربکەم".

شێخ لەتیف، روونیدەکاتەوە ئەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی بەدڵبووە، ئەگەر بانگەشەی ئەمجارەش بەهەمان شێوە بێت، وتی "ئەگەر لەماوەی ئەم بانگەشەیەدا هەرشتێک رووبدات ئەوا حکومەتو دەسەڵات لێی بەرپرسە".

بەکر حەمە سدیق کەسەرۆکایەتی لیستی یەکگرتوو دەکات لەپارێزگای سلێمانی، دەڵێت لەچەند شوێنێکی پارێزگای سلێمانیدا وێنەو پۆستەرەکانیان لێکراوەتەوە، وتی "تائێستا روویانداوە نەبوونەتە دیاردەیەکی گەورەو لەلایەن لیستەکانی ترەوە بەرنامەیان بۆ داڕێژرابێت".

بەکر حەمە سدیق وتی "کەسی نابەرپرس ئەو کارانەی کردووە لەبارێکی حەماسدابووە بۆ لیستو کاندیدەکەی خۆی، یان کەسانێکن دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە، بۆیە لەکۆمسیۆن سکاڵامان تۆمارنەکردووە، بەڵام ئەگەر زیادبکات بەتەئکید سکاڵا تۆمار دەکەین".

حاکم فەرهاد سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لەپارێزگای سلێمانی، دەڵێت هەرچەندە زۆربەی وێنەو پۆستەری کاندیدەکانی لیستەکەیان لێکراونەوتەوەو دڕێندراون، بەڵام هیچ لایەنێک لەسەر لێکردنەوەو پۆستەرو وێنەی کاندیدەکانی ئەو لیستەکەیان لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا تۆمەتبار ناکەن.

حاکم فەرهاد وتی "بەشێکیمان بەبەڵگەوە داوەتە پارێزەرەکانی خۆمان لەکۆمسیۆن تا سکاڵا تۆماربکەن".

ئەو وتی "لێکردنەوەو دڕاندنی وێنەو پۆستەر کارێکی هەرزەکارانەیەو قوڵکردنەوەی گیانی رقوکینەیە، دەبێت هەوڵبدەین گیانی دیموکراسی لەناو خەڵکدا قوڵبکەینەوەو فێری یەکتر قبوڵکردنیان بکەین".

سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی نەیشاردەوە لەناو شاری سلێمانیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان وێنەو پۆستەرەکانیان لێکراوەتەوەو دڕێندراوە، وتی "هیچ لایەنێک تاوانبار ناکەین کە ئەوکارەی کردبێت، بەڵام لەرێی ناوەندی هەڵبژاردنی خۆمانەوە کۆمسیۆنمان ئاگادارکردۆتەوەو ئەوان رێوشوێنی یاسایی دەگرنەبەر".

### ١٥ سەرپێچیو ٩ سکاڵا لەهەرێمی کوردستان تۆمارکران

بەهۆی سەرپێچی قەوارە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن، لەسێ پارێزگای هەرێمی کوردستاندا پازدە سەرپێچی لەلایەن کۆمسیۆنەوە تۆمارکراونو تا ئێستاش نۆ سکاڵا لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە ئاڕاستەی کۆمسیۆن کراون.

هەندرێن محەمەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەدەستووری راگەیاند، "لەلایەن لیستی گۆڕانەوە دوو سکاڵا ئاڕاستەی کۆمسیۆن کراون کە گوایە پۆستەرەکانیان دڕێندراون، بەڵام سکاڵاکە بێهێزە".

ئەو وتی "بەهۆی بەکارهێنانی عامود بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کە موڵکی حکومەتە، لەلایەن لیژنەکانمانەوە چوار سەرپێچیمان تۆمارکردووە".

بەیار دۆسکی بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆن بۆ دەستووری ئاشکراکرد "تا ئێستا تەنها دوو سکاڵا لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە ئاڕاستەی کۆمسیۆن کراوە، بەڵام لەلایەن لیژنی سەرپێچی لەکۆمسیۆنەوە ١١ سەرپێچی تۆمارکراون، چونکە ماڵی حکومەتیان بەکارهێناوەو سیکۆتینو کەلوپەلی نایاساییان لەهەڵواسینی پۆستەرو وێنەی کاندیدەکانیاندا بەکارهێنراون".

لەلایەکی ترەوە، تاهیر محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن ئاشکرایکرد "لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە، لەپارێزگای سلێمانی پێنج سکاڵا تۆمارکراون، بەڵام ناتوانین ئەو قەوارانەی کە سکاڵاکەیان تۆمارکردووە ئاشکرابکەین تا لەبەغدا وەڵاممان نەدەنەوە".

ئەوەشی خستەڕوو، بەهۆی ئەوەی قەوارە سیاسییەکانو کاندیدەکان یاسای ژمارە ١٩ی کۆمسیۆنیان پێشێلکردووە، "بۆیە چەند سەرپێچییەکمان بەڤیدیۆ تۆمارکردووەو ئاڕاستەی بەغدامان کردووە".

تاهیر محەمەد باسی لەوەشکرد، لەکاتی ساغبوونەوەی هەر سکاڵاو سەرپێچییەکدا، کاندیدو قەوارە سیاسییەکە بەشەش ملیۆن بۆ ١٥ ملیۆن دینار غەرامە دەکەین.

### هێزە ئەمنییەکان بێلایەن بوون

زۆرینەی لیستە رکابەرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکان تا ئێستا بێلایەننو لایەنگیری لیستی دەسەڵاتیان نەکردووە، هۆشداریش دەدەن کە هەر بەرپرسێک فەرمان بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بکات بۆ لایەنگیری لیستی دەسەڵات ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەر یاسادا.

سەرۆکی لیستی گۆڕان لەسلێمانی، پێیوایە هێزە ئەمنیەکان تائێستا توانیوانە بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن، وتی "ئەگەر بەرپرسی هەندێک لەو هێزە ئەمنیانە فەرمان بەکارمەندانی هێزە ئەمنیەکان بکەن کە کار بۆ لایەنێکی دیاریکراو بکەن، ئەوا ئەو کەسانە بەرپرسن".

یاسین حەسەن محەمەد سەرۆکی لیستی کۆمەڵ لەسلێمانی، وتی "تائێستا هێزە ئەمنییەکان بەیەک چاو روانیویانە بۆ هەر لایەک، جگە لەهەندێک حاڵەت کە لەهەندێک شاشەوە دەربکەون کە لایەنگیری لیستێک بکەن، بەڵام نازانم ئەوە ئالیەتو میکانیزمەکەی بە چ شێوەیەک بووە".

هاوکات قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم لەسلێمانی، دەڵێت بەیەک چاو سەیری هەموو لایەنەکان دەکەن، وتی "هێزە ئەمنییەکان لایەنگری هیچ لیستو لایەنێکیان نەکردووە، رەنگە هەندێک کێشەی ورد لەهەندێک شوێن رویدابێت کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بەهەموو لایەکەوە هەیە".





---

### زۆربەی راوێژکارەکانی سەرۆکی هەرێم پارتین

پ.دەستوور

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، چوار راوێژکار بۆ خۆی دادەنێت کەسیانیان پارتینو یەکێکیان یەکێتییە.

وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمەوە بڵاویکردەوە، دوێنێ سێشەممە بەفەرمانی مەسعود بارزانی، چوار راوێژکاری کۆمەڵایەتی لەسەرۆکایەتی هەرێم دامەزرێنران کەسیان لەو چوار راوێژکارە پارتینو دوانیان بۆ کاروباری کۆمەڵایەتییەو ئەویتریان بۆ کاروباری یاسایی، راوێژکارەکەی یەکێتیش بۆکاروباری ئاینییە.

ئەو دوو راوێژکارە کۆمەڵایەتییە هەریەکە لەمەحمود کاوە حەفیدو عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەبدوڵڵا (حاجی حاجی برایم) ئەمەی دوایین پێشتر نوێنەری مەسعود بارزانی بووە لەلقی ١١ی راپەڕین، ئازاد عزەدین مەلا فەندیش بۆ کاروباری یاساییو شێخ محەمەد شاکەلیش بۆ کاروباری ئاینیی دانراون.

---

# پارتی چارەسەر لەسلێمانی دەنگ بەزەحمەتکێشانو لەهەولێر بەگۆڕان دەدات

فەرهاد قادر لەسلێمانی

پارتی چارەسەر دوو رێککەوتننامەی لەگەڵ هەریەکە لەلیستی گۆڕانو حیزبی زەحمەتکێشاندا ئەنجامداوە، بەپێی ئەو خاڵانەی کە لەسەری رێککەوتوون، ئەندامانو لایەنگرانی پارتی چارەسەر لەسلێمانی دەنگ بەجەلال دەباغ کاندیدی زەحمەتکێشانو لەهەولێر دەنگ بەمەهدی کاوانی کاندیدی لیستی گۆڕان دەدەن.

دوێنێ سێشەممە ٢٠١٠/٢/١٦، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەهۆڵی سلێمانی پالاس هەریەک لەفەتاح زاخۆیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو نەجیبە عومەر جێگری سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پرۆتۆکۆڵی رێککەوتننامەی نێوان هەردوو پارتیان راگەیاند.

نەجیبە عومەر لەلێدوانێکی تایبەتدا بەدەستووری وت "بەپێی ئەو خاڵانەی داوامانکردووەو لەسەری رێککەوتووین، لەشاری سلێمانی سەرجەم ئەندامو لایەنگرانمان دەنگ بەجەلال دەباغ دەدەن وەک پاڵێوراوی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو لەهەولێریش دەنگ بەمەهدی کاوانی دەدەین وەک پاڵێوراوی بزووتنەوەی گۆڕانو سەبارەت بەشوێنەکانی تر لەئایندەدا رایدەگەیەنین کەدەنگ بەکێ دەدەین".

نەجیبە عومەر وتی "لەگرنگترین خاڵەکانی ئەو رێککەوتننامەیە گرێدانی خەباتی هاوبەشی نەتەوەیی نێوان هەردوو حیزبو هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەدەستووری عێراقدا لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردو چارەسەرکردنی پرسی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکان، هەمان ئەو خاڵانەش واژۆکراوە لەنێوان پارتی چارەسەری دیموکراتو پاڵێوراوەکەی گۆڕاندا".

# سەرجەم کارمەندەکانی بەشی سکاڵای کۆمسیۆن لەبەغدا عەرەبن

بیلال جەعفەر

بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، ئەو سکاڵایانەی لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە ئاراستەی کۆمسیۆن دەکرێن، لەبەغدا لەلایەن لیژنەی سکاڵاوە لێکدەدرێتەوە، بەڵام ئەو لیژنەیە هیچ کورد نین.

عەبدولڕەحمان خەلیفە بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆن بەدەستووری راگەیاند، تا ئێستا لەلایەن قەوارە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە چەندین سکاڵا ئاڕاستەی لیژنەی سکاڵای کۆمسیۆن کراوە، لیستە کوردییەکانیش چەند سکاڵایەکیان ئاراستەی ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن کردوە لەپارێزگاکانو رەوانەی بەغداد کراون.

خەلیفە وتی "کارمەندەکانی لیژنەی سکاڵا کە حەوت کارمەندن، سەرجەمیان عەرەبنو هیچ کارمەندێکی کوردی تێدانییە".

# کەس گوێ بۆ بەرنامەی لیستەکان شلناکات!

## حیزب و کەسایەتی کاندیدەکان لە بەرنامەی لیستەکان زیاتر کار لەدەنگدەر دەکات



خەڵک دەنگ بە کاندیدەکان دەدەن یان ڕەنگەکان؟

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

هاوڵاتیان دەڵێن گوێ بەبەرنامەو بەڵێنی لیستەکان نادەن، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لای ئەوان گوێگرتن لەبەرنامەی لیستەکان بووە بەبەشێک لەرابردوو.

بەشێک لەهاوڵاتیانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی کاندیداکانیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوەخت بڕیاری خۆیانداوەو بەشەکەی تریان کەسایەتییەکانی نێو لیستەکان هەڵدەسەنگێنن پاشان بڕیاردەدەن، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا کەس گوێ بۆ بەرنامەی هیچ یەکێک لەلیستو قەوارەکان شلناکات.

شیروان شەریف تەمەن ٣٦ساڵ کارمەندی شارەوانییە، پێشوەختو هەر لەسەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بڕیاری خۆی داوە دەنگ بەچ لیستو کەسایەتییەک دەدات. "بەدڵنیاییەوە پێتەڵێم بەرنامەی یەک لیست ناخوێنمەوە، چونکە بڕیاری پێشوەختی خۆممداوە دەنگ بە چ قەوارەیەک دەدەم".

شیروان وتی"ئەو قەوارەیەی بڕیارمداوە دەنگی پێبدەم، کۆمەڵێک کاندیدی باشی تیایە، کەدەتوانن لەداهاتوودا حەزو پێداویستەکانمان پڕبکەنەوە".

لەکوردستان بەشێک لەهاوڵاتیان، رابردووی کەسەکان وقەوارەکان دەکەنە پێوەر بۆ دەنگدانیان، بەشێکیشیان دەڵێن کام لایەن خزمەتی کردووین ئەوە هەڵدەبژێرین، لەبەرامبەردا هەندێکیان دەڵێن بەباشی دەزانن ئەو لایەنە هەڵبژێرن کەلەتوانایدایە خزمەتی زیاتر بکات.

دانیار شرامی تەمەن ٢٤ ساڵ، خوێندکاری زانکۆ، بەدەستووری وت"تەرکیز دەکەمە سەر رابردوی ئەو کەسانە بۆ دەنگدان، پاشان بەرنامەی قەوارەکە، چونکە ئەگەر قەوارەیەک بەرنامەیەکی باشی هەبێت، بەڵام کەسانی باشی نەبێت ناتوانێت ئەو بەرنامەیە بەباش جێبەجێ بکات"، بەڵام دانیار تائێستا بەرنامەی هیچ لایەنێکی نەخوێندووەتەوە.

ئەو وتی"بەڵام پێم باشە، هەم کاندیدەکەو هەم بەرنامەکەش لەبەرچاو بگیرێت".

بەڕای دانیار دەنگدان لەسەر بنەمای "بڕیاری پێشوەختو سۆزو عاتیفەو ئینتما زۆر هەڵەیە، چونکە دەنگەکەی تۆ چارەنووسی میللەتێکی پێوە بەندە".

هەڵمەتی هەڵبژاردن کەچەند رۆژێکە لەهەرێمی کوردستانو عێراق دەستی پێکردووە، هاوڵاتیان بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان، بەئاڵاو وتنەوەی دروشمی لیستەکانیان رژاونەتە سەر شەقامەکان، بەبێئەوەی هیچ کام لەئەوان گوێ بەبەرنامەی لیستو قەوارەکان بدەنو بیخوێننەوە.

لەدوای دەسپێکرنی بانگەشەی هەڵبژاردن لە ٢/١٢وە، قەوارە سیاسییەکان بەرنامەو کاندیداکانی خۆیان راگەیاندا، بەو ئومێدەی هاوڵاتیان بەپێی بەرنامەو کاندیداکان دەنگبدەن، دوای هەڵسەنگاندنیان، بەڵام هاوڵاتیان دەڵێن گوێ بۆ بەرنامەی لیستەکان شلناکەینو هەمووی دووبارەیە.

بەشێک لەپاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەکان، پێیانوایە ئەمجارە هاوڵاتیان بەئاگاییەوە دەنگدەدەن، بەڕای ئەوان ئەزموونی رابردوو هۆکارە بۆ دەنگدان لەسەر بنەمای باشیو هەڵسەنگاندنی قەوارەو کاندیدەکان.

هەروەها بەشێکی تر لەکانیدەکان رای جیاوازتریان هەیەو جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە، کە بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەو بەڵێنانەی دراوە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، جێبەجێنەکراوە، بۆیە خەڵکی گوێ بەبەرنامەی لیستەکان نادەن.

شێخ لەتیف سەرۆکی لیستی گۆران لەپارێزگای سلێمانی، بەدەستووری وت "ئەمجارە زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەساسی کاندیدو بەرنامەی قەوارەکان دەنگدەدات، بە بەراورد بەهەڵبژاردنەکانی پێشوو".

سەرۆکی لیستی گۆران داوا لەهاوڵاتیان دەکات، لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو خزمایەتی دەنگنەدا، چونکە پێیوایە لەدوای ٧/٢٥وە بارودۆخێکی تایبەتی هاتووەتەکایەوە بۆیە "پێویستە خەڵکی ئاگایانە دەنگبدنو بتوانن نوێنەرێکی باش رەوانەی پەرلەمانی عێراق بکەن کەوەک جەنگاوەرێکی ئازا بتوانێت داکۆکی لەمافەکانی خەڵکی کوردستان بکات".

شێخ لەتیف وتی"پێموایە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو شارستانی بوونی خەڵک، جێگای خزمایەتیو ئینتماو هەستو سۆز دەگرێتەوە".

سامان فەوزی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وتی"یەکێک لەو هۆکارانەی کە پاڵ بەخەڵکییەوە دەنێت بەرنامەی قەوارەکانە، بەڵام ئەمە تاکە هۆکار نییە".

هەروەها وتی"هەندێک کەس سەیری کاندیداکان دەکات، بەڵام گرنگترین شت لای خەڵکی رابردووی قەوارەکانە".

هەموولیستەکانلەبەرنامەکانیاندا، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و شەفافی بودجەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێرو مەسەلەی هێزی پێشمەرگەو گرێبەستە نەوتییەکانو ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی ناوچە دابڕاوەکانیان کردووەتە خاڵی سەرەکی بەرنامەکانیان، هاوڵاتیان هیچ شتێکی جیاواز بەدی ناکەن.

بەڕای سامان فەوزی خەڵکی لەئەزموونی رابردووەوە تێگەیشتووە کەزۆرێک لەو بەرنامانەی کەقەوارەکان دایدەنێن زۆری جێبەجێناکرێت، "بۆیە مەرج نییە بۆ سەرکەوتنی لیستێک لەداهاتوودا بەرنامەکەی باشبێت".

بەشێکی تر لەهاوڵاتیان پێیانباشە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی قەوارەو کاندیداکان دەنگبدرێت، نەک لەسەر بنەمای بڕیاردانی پێشوەختو ئینتما.

مقداد حەمەساڵح تەمەن ٢٨، پیشەی مامۆستاییە، بەپێچەوانەی بەشێک لەهاوڵاتیانەوە، وتی"هیچ بڕیارێکی پێشوەختم نەداوە، مادام کاندیداکان دیارن دەتوانین دەنگ بەکەسەکان بدەین"، هەروەها وتی"دەبێت بەراورد بکەیت لەنێوان کەسەکاندا کامیان باشترینە، نەک لەسەر بنەمای ئینتماو بڕیاری پێشوەخت".

مقداد بۆ ئەوکەسایەتییە دەگەڕێت کە بەتوانا بێتو لەپەرلەماندا بتوانێت هەست بەکێشەکان بکاتو هەڵوێستی هەبێت، "کەسێکی مردووم ناوێت بچێتە بەغداد".

عەتا رەزا ئەحمەد تەمەن ٣٩ساڵ پیشەی دوکاندارە، وتی"پێشوەخت هیچ قەوارەو کەسایەتێکم دیاری نەکردووە، چونکە ئێستا وەک جاران نییە کەتەنها یەک لیست هەبوو، پێشوەخەت بڕیارت دەدا".

بەڵام سامان فەوزی وتی"هەندێک دەنگدەر وابەستەن بەحیزبەکانەوە، بەبێ گوێدانە کاندیدو بەرنامەی لیستەکان".

شیروان وتی"خەڵی ئێمە زیاتر حەماسییەو بەلایەنی عاتیفە دەجوڵێت، بۆیە پێویست ناکات بەرنامە سەیرکەیت".

# بۆ پۆستەکەی وایکرد، یان ریفۆرم دەکات؟

## رۆشنبیران دەڵێن ئەگەر نێچیرڤان هەر ریفۆرمێک بکات لەچەند گۆڕانکارییەکی شکڵی زیاتر نییە

کاروخ نامیق

نووسەرانو رۆشنبیران پێیانوایە دوورنییە، نێچیرڤان بارزانی تەنها بۆ پێدانی پۆستێک کەهاوشێوەی پۆستەکەی پێشووی بێت، باسی ریفۆرمی کردبێت لەناو حیزبەکەیدا، ئەوان پێیانوایە ریفۆرم لەناو پارتی ئەستەمە.

دوای ئەوەی بەبڕیاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی، نێچیرڤان بارزانی کرایە جێگری سەرۆکی پارتی، دەنگۆکانی ئەنجامدانی ریفۆرم لەناو پارتیدا ونبوون، بۆیە بەشێک لەرۆشنبیرانو نووسەران رایانوایە مەسعود بارزانی تەنها بۆ نەهێشتنی ئەو دەنگۆیانە ئەو کارەی کردبێت، بۆچوونێکی تریش هەیە لەبارەی ئەوەی دوورنییە نێچیرڤانیش تەنها وەرگرتنی ئەو پۆستە باسی ریفۆرمی کردبێت.

ئاسۆس ئەحمەد هەردی نووسەرو رۆژنامەنووس، پێیوایە وەرگرتنی ئەو پۆستە زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کەدوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی لەپۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم نامێنێت، دەبێت پۆستێکی هەبێت لەناو پارتیدا کەهاوشانی ئەو پێگەو دەسەڵا تەبێت کە لەناو حکومەتدا هەیبووە.

ئەو وتی "بەڕای من ئەوە هۆکاری دانانی نێچیرڤان بارزانییە بەجێگری سەرۆکی پارتی".

هەردی دەڵێت "هەڵبژاردنی ٧/٢٥ بۆ یەکێتیو پارتی چاوەڕواننەکراوبوو، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی هەردوولایان بەخۆیاندا بچنەوە".

لەبارەی پێدانی ئەو پۆستەوە بەنێچیرڤان بارزانی، هەردی وتی "رەنگە پارتی بەم هەنگاوەی بیەوێت رێگە لەو رووداوانە بگرێت کە لەدەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەناو یەکێتی روویاندا".

پێش ئەوەی نێچیرڤان بارزانی پۆستی جێگری پارتی وەربگرێتو دوای ئەوەی لەسەرۆکی حکومەت نەما، چەند جارێک لەکاناڵەکانی راگەیاندندا لەبارەی کاری داهاتوویەوە باسی لەئەنجامدانی ریفۆرمکرد لەناو حیزبەکەیدا، بەوەی حیزبەکەی پێویستی بەریفۆرم هەیە.

رۆشنبیران لەسەر ئەو وتانەی نێچیرڤان دوو بۆچوونیان هەیە، بەشێکیان دەڵێن دوورنییە ئەوە نیشانی خەڵکی بدات کەدەیەوێت ریفۆرم بکات تا پێگەی جەماوەری خۆی زیاتر بکات، بەشەکەیتریان پێیانوایە هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەو هیچی تر.

ئاسۆس هەردی وتی "تائێستا روون نییە نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت چ ریفۆرمێک لەناو پارتی بکات، بەڵام هەر ریفۆرمێک بکات لەچەند گۆڕانکارییەکی شکڵی زیاتر نابێت، ناتوانێت گۆڕانکاری ریشەیی بکات".

کەنعان حەمە غەریب مامۆستای زنستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی وتی "رەنگە پارتی بیەوێت بەدانانی نێچیرڤان بارزانی بەجێگری سەرۆک، دەسەڵاتەکانو بەرپرسیارێتییەکان لەناوخۆی خۆیدا دابەش بکات، بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزو بڕیاردان لەناو پارتیدا".

کەنعان حەمە غەریب دەڵێت "هەموو حیزبێک پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، بەڵام دەبێت پرسیار لەوە بکرێت گۆڕانکارییەکان لەناو پارتیدا تاکو کوێ بڕ دەکەن؟".

بەڕای کەنعان پارتی ترسێکی لێنیشتووە لەکەرتبوونو جیابوونەوەی ئەندامان لەناو حیزبەکەیدا.

ئەو وتی "ئەو کەرتبوونەی لەناو یەکێتی روویدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەکرێت لەناو حیزبەکانی تریش دووبارە ببێتەوە، ئەمە ترسی لای پارتی دروستکردووە، بۆیە پارتیش حیساب بۆ ئەو فشارو ئەگەرانە دەکات".

گۆڕانو ریفۆرمکردن لەناو پارتیدا لای رۆشنبیران بەئەستەم دەزانرێت، بۆیە ئاماژەکان لەبارەی نیەتی نێچیرڤان بارزانی لەریفۆرمکردن یان هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پۆستێک، بەلای خاڵی دووەمدا دەشکێتەوە.

لەتیف فاتیح فەرەج نووسەرو رۆژنامەنووس بەدەستووری وت "نێچیرڤان بارزانی ئەگەر نیەتی هەبێت دەتوانێت جۆرێک لەریفۆرم بکات، لانیکەم دەتوانێت پارتی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئێستا لەکوردستانو عێراق هەیە بگونجێنێت".

ئەو وتی "یەکێک لەگرفتی حیزبەکان لەکوردستانو عێراق ئەوەیە زۆر بەزەحمەت رێگە بەریفۆرمو چاکسازی دەدەن، هیچ حیزبێک لەکوردستان رێگە بەریفۆرم نادات، لەبەرئەوە ئەو گرفتەش دێتە رێگەی نێچیرڤان بارزانی".

لەتیف پێیوایە لەهەموو حاڵەتەکاندا گۆڕانی ریشەیی لەناو هیچ حیزبێکی کوردستانو عێراق ناکرێت، "چونکە گۆڕانی ریشەیی گۆڕانی هەموو سیستمی سیاسی ئەو حیزبەیە، هیچ حیزبێکی کوردستان قبوڵی ئەو جۆرە گۆڕانە ناکات".



چۆن ریفۆرم لەبنەماڵەدا دەکرێت؟

# کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە!

## بەپێی پێشبینی لیستو پاڵێوراوە کوردەکان بێت، کورد ٨٤ کورسی دەهێنێت



کورد شەڕی دیموکراسی لە بەغدا یەکلاییدەکاتەوە


کاروخ نامیق لەسلێمانی


بەپێی پێشبینی سەرۆکی لیستو پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن بێت، کورد ڕێژەیەکی بەرزی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەهێنێت کەزیاتر لە٨٠ کورسی دەبێت، لەکاتێکدا هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆک تەنها ٤١ کورسی هەیە.

هەریەکە لەسەرۆکی لیستو پاڵێوراوە جیاوازەکانی لیستەکان پێشبینی بەدەستهێنانی کورسییەکی زۆر دەکەن لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام پێشبینییەکانیان لەسەرووی ڕێژەی ئەو کورسییانەوەیە کە لەپارێزگاکاندا بەر کورد دەکەوێت.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کەبڕیارە لە٧ مارسدا، ئەنجامبدرێت، چوار قەوارەی سەرەکی لەکوردستان ململانێی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی کورد دەکەن کەئەوانیش هەریەکە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامین، بەڵام پێشبینی ئەو لیستانە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان لەسەرووی ڕێژەی دەنگدەرە کوردەکانەوەیە لەعێراقدا.

لیستو قەوارە کوردییەکان بەپێی پێشبینییەکانی خۆیان بێت، بەنیازی بەدەستهێنانی ٨٤ کورسین، لەکاتێکدا کورد لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ تەنها ٥٨ کورسی هەبوو.

شۆڕش حاجی پاڵێوراوی لیستی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر پێیوایە لیستەکەیان لەتوانایدایە، یەک لەسەر چواری کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بهێنێت کەبەر کورد دەکەون.

ئەو وتی "لیستی گۆڕان دەتوانێت یەک لەسەر چواری دەنگی کورد بەدەستبهێنێت، واتا دەتوانین نزیکەی ٢٠ کورسی بهێنین".

لیستی گۆڕان بۆ یەکەمینجارە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات.

دوای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، لیستە کوردییەکان لەپارێزگاکانی هەرێمو ناوچە دابڕاوەکان، بەجۆشو خرۆشەوە بانگەشەی هەڵبژاردنیان دەستپێکردووەو هەریەکەیان دەیانەوێت زۆرترین کورسییەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێت، بۆئەوەی باڵانسی خۆیان لەنێو ململانێی حیزبو قەوارەکانی کوردستاندا یەکسان بکەنەوە.

بەکر حەمە سدیق سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "بەئومێدی ئەوەین لەم هەڵبژاردنەدا بتوانین باڵانسی خۆمان هاوسەنگ بکەینەوەو دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن کەشایستەی سەنگو قورسایی یەکگرتووبێت لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا".

هەروەها وتی "دەتوانین لەزۆربەی شارەکانی کوردستان دەنگبهێنین بەتایبەت لەپارێزگای سلێمانیو پارێزگای دهۆک".

بەکر حەمە سدیق ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لەم هەڵبژاردنەدا دەتوانین زیاتر لە٥ کورسی بهێنین، وتی "چونکە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیادی کردووەو لەهەمانکاتدا خۆشەویستییەکی زۆر هەیە بۆ لیستەکەمان".

یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بەجیاواز بەشداری لەهەڵبژاردنەکان کردو توانی ٥ کورسی بەدەستبهێنێت.

حاکم فەرهاد وتەبێژو سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی پێیوایە لیستەکەیان لەتوانایدایە، زیاتر لە٥٣ کورسی لەسەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بهێنێت.

ئەو وتی "ئێستا هاوپەیمانی کوردستان لەبارودۆخێکی زۆر باشدایەو خەڵکی بەگەرمییەوە پێشوازی لەلیستەکەمان دەکەن".

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەتەواوی قەوارە سیاسییەکانی کوردستانەوە جگە لەیەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا، ٥٣ کورسی بەدەستهێنا.

عەبدولستار مەجید پاڵێوراوی دووەمی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای هەولێرو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە ئەوان بەهۆی پاڵپشتی جەماوەرەکەیانەوە بتوانن کورسییەکی باشتر بەدەستبهێنن.

عەبدولستار بەدەستووری وت "ئێمە خاوەنی جەماوەرێکی تایبەتی خۆمانین لەهەموو قۆناغەکاندا پاڵپشتو هاوکاری کۆمەڵی ئیسلامیمان کردووە، لەم قۆناغەشدا وێڕای جەماوەری تایبەتی خۆمان ئومێد دەکەین دەنگی زۆربەی خەڵکی کوردستان بەدەستبهێنین".

عەبدولستار مەجید پێشبینیکرد ئەوان زۆرترین دەنگی لیستەکەیان لەپارێزگای سلێمانی بێتو دوای ئەوەش لەشارەکانی هەولێرو کەرکوک. ئەو وتی "بەپێی ئەو ڕاپرسییانەی کردوومانە، دەتوانین ٦ کورسی بەدەستبهێنین".

لەئێستادا کۆمەڵی ئیسلامی خاوەنی ٢ کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە لەچوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا.

سەردار عەبدوڵا پاڵێوراوی لیستی گۆڕان لەپارێزگای سلێمانی، پێشبینیکرد ئەوان لەسلێمانیو کەرکوکو هەندەرانیش زۆرترین دەنگی کورد بەدەستبهێنن.

# کێ سەروەریی کێ بۆ بانگەشە بەکاردەهێنێت؟

## یەکێتیو بزووتنەوە دەڵێن سەروەرییەکانمان لەلایەن گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامییەوە بەکاردەهێنرێت


مەعاز فەرحان لەسلێمانی


یەکێتی ناڕەزایی لەدژی بەکارهێنانی سەروەرییەکانیان لەلایەن لیستی گۆڕانەوە دەردەبڕێت، بزووتنەوەی ئیسلامیش لەدژی کۆمەڵی ئیسلامی، هەردوو ئەو لایەنەش ئەو سەروەریانە بەسەروەری خۆیان دەزانن.

یەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێن سەروەریو کارو چالاکیو ڕابردووەکانمان، لەلایەن گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامییەوە لەهەردوو کەناڵی (KNN)و کەناڵی پەیامەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت، ئەو دوو لیستەش ئاماژە بەوە دەکەن کەئەو سەروەریانە بەشێکە لەسەروەرییەکانی ئەوانیش.

لەهەردوو ئەو کەناڵە ئاسمانییانەی گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامی، کۆمەڵێک وێنەی ڤیدیۆی سەردەمی شاخو دوای ئەو سەردەمەش بڵاودەکرێتەوە، یەکێک لەو شتانەی کەگۆڕان بەکاریدەهێنێت ناوی سەرکردە دیارەکانی ڕابردووی یەکێتی نیشتیمانییە، لەوانە، (شەهید ئارام، خاڵە شیهاب، مامەڕیشە.."، لەگەڵ نیشاندانی ڤیدیۆکانی سەردەمی ڕاپەڕینو کۆڕەو، یەکێتیش ئەوانە بەسەروەری خۆی دەزانێت، بەڵام گۆڕان دەڵێت ئەوانە بەشێکن لەسەروەرییەکانی سەرکردەکانی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان.

بزووتنەوەی گۆڕان دوای ئەوەی بەجیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردوو، بەفەرمی جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند لەیەکێتی نیشتمانی، بەڵام سەرۆکی بزووتنەوەکە ڕایگەیاند بەرپرسیارە بەرامبەر مێژووی یەکێتی چ لەشکستو چ لەدەستکەوتەکانیدا.

بەرپرسانی یەکێتیش ئاماژە بەوەدەکەن کاتێک ئەوان بەهەموو شێوەیەک یەکێتیان بەجێهێشت، ئیتر چۆن بەڕەوای دەبینن سەروەرییەکانیان بەکاربهێنرێت، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

لەکاتێکدا ڕاپەڕینو کۆڕەو دوو دەستکەوتی نیشتمانین، نەک حیزبی، بەڵام ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان هەریەکەو بەموڵکی خۆی دەزانێت.

عارف ڕوشدی ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ڕاپەڕینو سەروەرییەکانی ڕابردووی یەکێتی، موڵکی یەکێتین، گۆڕان بۆی نییە سەروەری سیاسی یەکێتی بۆ بانگەشە بەکاربهێنێت، چونکە ئەوان خۆیان دەڵێن ئێمە بێبەرین لەڕابردووی یەکێتی".

بزووتنەوەی گۆڕان بەکارهێنانی ناوی سەرکردەکانو دۆکیۆمێنتەکانی سەردەمی شاخو ڕاپەڕینو کۆڕەو بەمافی خۆیان دەزانن، خۆیان بەخاوەنی بەشێک لەو دەستکەوتانە دەزانن.

دانا نوری پاڵێوراوی بزووتنەوەی گۆڕان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەوان خۆیان بەخاوەنی بەشێک لەو دەستکەوتانە دەزانن کە پێشتر بەدیهاتوون، چ وەک بزووتنەوەی گۆڕان بەگشتی چ وەک تاک، "کاک نەوشیروانو برادەران ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەتۆمارکردنی ئەو سەروەرییانە".

هەروەها وتی "ئەوانە دەستکەوتی میللەتن، نەک بەتەنها هی حیزبێک".

لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی ئیسلامی بەکارهێنانی مێژوو، سەروەرییەکانی ڕابردووی ئەو حیزبەو پیشاندانی شەهیدو سروودەکانی کۆساری بەبەشێک لەسەروەرییەکانی خۆیان دەزانن نەک کۆمەڵی ئیسلامی.

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بەکارهێنانی سروودو وێنەی پێشمەرگەکانیان لەکەناڵی پەیامەوە بەناڕەوا دەبینن.

شوان قەلا□درێیی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی بەدەستووری وت "مێژووی حیزب لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کەحیزب دروستدەبێت، ئەوسەروەرییانە هەموویان موڵکی بزووتنەوەی ئیسلامین".

هەروەها وتی "سەروەریش بۆ حیزبی دایک دەمێنێتەوە، بزووتنەوە نەمردووە، تاوەکو ئەوان خۆیان بەخاوەنی سەروەرییەکانی بزانو بۆ بانگەشە بەکاریان بهێنن".

کۆمەڵی ئیسلامی بەکارهێنانی ڕابردووی بزووتنەوەی ئیسلامی بەمافی خۆیان دەزانن، وتەبێژی ئەو حیزبە تەئکید لەوەدەکاتەوە کەهاوبەشن لەمێژووی بزووتنەوەداو پشکی شێریشیان بەر دەکەوێت.

عەبدولستار مەجید وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی ئەو سەروەرییانەی بزووتنەوەی ئیسلامی ٧٥٪ی ئەو کەسانەی کەئەو سەروەرییانەیان تۆمارکردووە لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدان، ئەو ٧٥٪ەش موڵکی ئێمەیە".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ وتی "هەر لەسەرکردایەتییەوە تا شەهیدو پێشمەرگە دێرینەکانو ئەندامانی تر، ئێستا لەناو کۆمەڵدان، بۆیە بەڕاستی ئەوە بەحەقی خۆمانی دەزانین".

هەریەکە لەیەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامی، پێیانوایە بەکارهێنانی ئەو کارو چەلاکییانە کەئەوان بەتەنها بەهی خۆیانی دەزانن، لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانو کۆمەڵەوە، بۆ هەڵخەڵەتاندنو لەخشتەبردنی جەماوەر دەگێڕنەوە.

عارف ڕوشدی وتی "بۆ ئەوە ئەو شتانە بەکاردەهێنن کەخەڵکی پێ لەخشتەبەرن، ئێمە زۆر ناڕازین بەو حاڵەتە ئەوان نامۆن بەو مێژووەو خیانەتیان لەو مێژووە کردووە کاتێک بەجێیانهێشتووە".

شوان قەڵادزێیی بەدەستووری وت "بزووتنەوە نەمابێت ئینجا مافی ئەوانە ئەوشتانە پەخشبکەن، بەدڵنیاییەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەرە".

هەروەها وتی "کاروانی بزووتنەوە لەماموستا مێزەرە بەسەرەکانی وەک ماموستا عوسمانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ماموستا شێخ سدیق کە ئێستا ڕابەری بزووتنەوەیە".

بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بەوەدەکەن کەیەکێتی نەیتوانیوە مافی ئەو سەروەرییانە بدات، بۆیە ئەوان ئەوە بەپاساوی بەکارهێنانی ئەو سەروەریانە دەزانن.

دانا نوری وتی "بەداخەوە حیزب نەیتوانیوە مافی تەواوی ئەو سەروەرییانە بداتەوە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین بەجۆرێکی تر ئێش لەسەر ئەو سەروەرییانە بکەینو پاداشتی خەڵکیان پێبدەینەوە، بەلامانەوە ئاساییە کەڕاپەڕینو کۆڕەوو ڕابردووی پێشمەرگە بەکاربهێنین".




سەروەرییەکان هی میللەتن نەک حیزبەکان



لاپەڕە٩





# "لەپەرلەمانی عێراق لێپێچینەوە لەوەزیرە کوردەکان دەکەین"

## وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

**محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئەزمونێکی جیاواز لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغداد پێشکەش دەکەن، ئاماژە بەوە دەدات کە پۆست بەلای ئەوانەوە گرنگ نییە بۆ بەشداریکردن لەحکومەتی عێراق، بەڵکو بایەخ بەکارنامەی کابینەکەی حکومەت دەدەن لەبارەی مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە. محەمەد تۆفیق رەحیم ئاماژە بەوەش دەدات گەر حکومەتی عێراق دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو ناوەند چارەسەر نەکات، ئەوا گۆڕان دەبێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی دەنگەدەنگکەر.**

**سازدانی: دەستوور**

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنی پێشوودا دروشمی نەهێشتنی گەندەڵیو باشترکردنی ژیانی خەڵکتاندا، بەڵام نەتانتوانی زۆرینە بەدەستبهێننو حکومەت پێکبهێنن، بەچ رێگەیەک ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکەن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** باسمان لەوەکردووە گەندەڵی نەهێڵینو پەرلەمان چالاک بکەین، هەوڵبدەین دەسەڵاتی قەزا ئازاد بکەین، راستە ئێمە زۆرینەمان بەدەستنەهێنا، بەڵام هەموو کەسێک شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدات لەوەتەی فراکسیۆنی گۆڕان لەناو پەرلەماندایە، چالاکو کاردەکەنو حکومەت ناچارکراوە کە بەشێک لەشێوەی کارکردنی خۆی بگۆڕێت، بۆ نمونە لەمەسەلەی بودجەدا، زۆر هەوڵیاندەدا بودجە بەشێوەی شاراوەو نادیار رێکبخەن، بەڵام ناتوانن، چونکە گۆڕانی لێیەو داوای دەکاتو پرسیاری لەسەر دەکاتو مەسەلەکان دەوروژێنێت.

**دەستوور:** ئەو بەڵێنانەی دابووتان لەکاتێکدا جێبەجێدەکرا کە حکومەت جێبەجێبکەن، هەستناکەیت ووردنەبوون لەدانانی بەرنامەو پێدانی بەڵێن بەهاووڵاتیان؟

**محەمەدتۆفیق رەحیم:** بەرنامەکانمان هیچ عەیبی نەبووە، هەموو حیزبێک واکاردەکات، دەڵێ ئەگەر متمانەم پێبدەیتو بتوانم حکومەت دروستبکەم ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکەم، دەبێت لەکاتێدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەیت کە بووبێتە حکومەتو بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردبێت، ئەوە ئێمە نەبووینەتە حکومەت، ئۆپۆزسیۆنین، ئەی خۆ لیستی کوردستانی زۆرینەیان بەدەستهێناوە، جار بەهەر شێوەیەک هێناویانە، هێنایان، ئێستا حکومەتیان بەدەستەوەیە ئەو بەڵێنانەی لەلیستی کوردستانیدا هەبووە پێویستە خەڵک بچێت بیخوێنێتەوەو سەیرییکات، ئەو بەڵێنانەی کە لیستی کوردستانی دابووی ئایا ئەم حکومەتە توانیویەتی هیچی لێ جێبەجێ بکات، بێگومان هیچی لێ جێبەجێنەکردووە.

**دەستوور:** نەدەکرا ئێوە باس لەوەبکەن کە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دروستدەکەنو چاودێری حکومەت دەکەنو دژایەتی گەندەڵی بکەنو کێشەکانی خەڵک بەحکومەت بگەیەنن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئێستا ئەوکارانە دەکەین، ئەو پرۆژەیاسایانەی کە فراکسیۆنی گۆڕان لەناو پەرلەماندا پێشکەشی دەکاتو گفتوگۆی لەسەردەکەن بەشێکی زۆری ئەوانەیە کە لەبەڵێنەکانی گۆڕاندا هاتووە، گۆڕان هەوڵی جدی دەدات کە حکومەت ناچاربکات کە ئەو بەرنامانە جێبەجێببن، بەڵام حکومەت تائێستا هیچی جێبەجێنەکردووە.

**دەستوور:** تاچەند حکومەتو پەرلەمان هاوکاربوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی لیستی گۆڕان پێشەکەشی کردووە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** خۆی ئەسڵەن حکومەت نە بەرنامەیان هەیە، نە دەزانن پرۆژەیاسا چییە، نە حکومەتێکە کە حکومەتی کردەیی بێت، لەبەرئەوە هیچی پێ جێبەجێناکرێت.

**دەستوور:** ماوەی چەند رۆژێکە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکردووە، گرنگترین ئەو بابەتانەی دەیکەنە کارو بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە٣/٧دا چین، تیشک دەخەنە سەر چی؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** سێ چوار مەسەلە زۆرگرنگە بەلای ئێمەوە، یەکێکیان ئەوەی رێگا بگرین لەوەی دیکتاتۆرییەت بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراق، بەچی دەتوانیت ئەوە بکەیت، ئەویش نەهێشتنی گەندەڵی لەعێراقدا، دواتریش تیرۆریزم نەهێڵیت، خاڵێکی تریش باری دەزگا دیموکراسیەکانی عێراق بەهێز بکەیت، ئەمە بەشێکە دەبێت لەکاری فراکسیۆنی گۆڕان لەبەغدا، هەروەها گۆڕان هەوڵدەدات بەپێچەوانەی ئەم لیستی هاوپەیمانیەی ئێستا لەبەغدایە کاربکات کە ماوەی چوار ساڵە لەوێیەو هیچی پێنەکراوە، چونکە هەموو تەرکیزەکانیان لەسەر مەسائیلی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بووە، نەک بەرژەوەندی کورد بەگشتی، گۆڕان هەوڵدەدات لەبەغدا بەجدی کاربکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان هەولێرو بەغدا هەیە بەقازانجی میللەتی کورد.

**دەستوور:** لیستی گۆڕان چۆن نوێنەرایەتیەکی جیاواز لەبەغداد پێشکەشدەکات لەچاو نوێنەرانی کورد لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئەو کەسانەی ئێمە هێناومانو دەچنە بەغداد هەموویان کەسانی خۆبەخشن، ئێمە رامانسپاردون، چونکە نێو پەرلەمانیان لەبەغداد ئەرکە لەلایان نەک وەک ئیمتیازات، هەمووشیان لەبوارە جیاوازەکاندا پسپۆڕییان هەیە، لەبیرورِا ئازادن، بەقەناعەتێکی تەواوەوە دەچن لەوێ کاردەکەن، ئیش بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکەن، نەک بەرژەوەندی تایبەتی.

**دەستوور:** ئێوە ئەلتەرناتیڤتان بۆ شێوازی کاری لیستی هاوپەیمانی چییە؟ بۆنمونە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکانو دۆسییەی نەوتو گاز، بودجەی هەرێم، مەسەلەی پێشمەرگە.. ئایا دیدێکی جیاوازترتان هەیە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئەلتەرناتیڤی ئێمە ئەوەیە کە ئەو فراکسیۆنەی ئێمە کە دەچێتە بەغدا، پشتگیری ئەو حکومەتەی بەغداد کە دروستدەبێت دەیکات یان نایکات، بەندە بەوەی ئەو حکومەتەی بەغدا چ لەبەرنامەیدا هەیە کە لەبەرژەوەندی میللەتی کورد بێت، چی لەبەرنامەیدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم، لەسەر بنەمای ئەوە ئیش دەکەین، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی چ پۆستێکمان هەبێت، وەزارەتە، سەرۆکە یان جێگرەکەیەتی، ئەو شتانە بەلای ئێمەوە گرنگ نابێت، هەر حکومەتێک لەبەغداد بزانین جدیە لەپێشخستنی پرۆسەی دیموکراسی لەعێراقو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداد، ئێمە هاوکاری دەکەین، ئەگەر وانەبێت بەرامبەری دەوەستینەوە، دیدی جیاوازیشمان بۆ ئەو مەسەلانە ئەوەیە کە بەجدی کاریان لەسەر دەکەین، بەس دروشم نین.

**دەستوور:** بەبڕوای ئێوە ئاڵۆزبوونی ئەو کێشانە بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنیانەی بەرپرسانی عێراقەوەیە، یان بەهۆی کەمتەرخەمیو لاوازی بەرپرسانی کوردەوەیە؟

**محەمەدتۆفیق رەحیم:** ئەوکەسانەی ئێمە دەیاننێرین لەعێراقدا خۆیان بەهاوبەشی راستەقینە دەزاننو خۆیان بەبرا بچوک نازانن، کار بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایە ناکەن کە دەچنە ئەوێ داوای بەشی کوردستان دەکەن وەک هاوبەش، بەڵام سەرکردایەتی کورد لەبەغدا ئەوەی بەلاوە گرنکە پۆستی سەرۆک کۆمار یان جێگری سەرۆک وەزیرانو پەرلەمانیان بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە لەبەرامبەر ئەوەدا دەبێت دەستبەرداری بەرژەوەندییە گشتییەکان ببیت، ئێمە ئەو شتانەمان بەلاوە گرنگ نابێت، گرنگ نییە وەزیرمان دەبێت یان نا، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەو حکومەتە ئەگەر بێتو مافی کوردو کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداد بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو واقعیانە چارەسەربکات پشتگیری دەکەین، نەیکات کێشەی بۆ دروستدەکەینو دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگەدەنگکەر.

**دەستوور:** لەماوەی رابردوودا هیچ لیستێکی عێراقی داوای هاوپەیمانێتی لێکردوون، بۆ نمونە لیستەکەی مالکی یان عەلاوی؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئامادەنین لەگەڵ هیچ لیستێکدا هاوپەیمانی بکەین، بەهەموولایەکمان وتووە، بەلیستە کوردستانیەکان، بەلیستە عێراقیەکانەوە، ئێمە تەنها ئامادەین دوای هەڵبژاردن دابنیشینو گفتوگۆ بکەین، ئێستا ناتوانین، چونکە ئێمە ئەو کەسانە گفتوگۆ دەکەن کە هەڵدەبژێردرێنو دەچنە پەرلەمانەوە، ئەوانە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە دابنیشنو گفتوگۆ بکەن.

**دەستوور:** بەڵام یەکێک لەسەرکردەکانی خۆتان دەڵێت لیستەکەی مالکی داوای هاوپەیمانی لێکردون؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** نەخێر شتی وانییە.

**دەستوور:** مەرجتان بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لیستێکی عێراقی یان هەرێمیدا چییە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** هەموو مەرجی ئێمە ئەوەیە کە ئەو لیستانەی هاوپەیمانی لەگەڵ دەکەین بیروبۆچونیان چییە لەبارەی هەرێمی کوردستانو فیدرالیزم لەعێراقدا.

**دەستوور:** پێشترلیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بەشداری لەحکومەتدا کردوە، بەپێی رێککەوتننامەی نێوان لایەنە بەشدارەکان، دەبوایە حکومەت مادەی ١٤٠ی جێبەجێبکردایە، بەڵام هیچ لەو حکومەتانە (عەلاویو جەعفەریو مالکی) پابەند نەبوونو لیستی هاوپەیمانیش لەحکومەت نەکشایەوە؟ ئەگەر لیستی گۆڕان هاوپەیمانیکرد لەپێکهێنانی حکومەتداو داواکارییە سەرەکییەکانی کورد پشتگوێخرا، دەکشێنەوە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئێستا لیستی هاوپەیمانی هاوبەشە لەحکومەت، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر بەوان نەبووە، ئێمە بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەبین، ناچینە حکومەتێکەوە یان پشتیگری لێناکەین کە ئەو مادانە جێبەجێنەکات.

**دەستوور:** پێشبینی دەکەیت لیستەکەی ئێوە لەدوای هەڵبژاردن لەکام لیست نزیکبێتو هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** هێشتا دیارنییە، دوای هەڵبژاردن کە لیستەکەی ئێمە دانیشتو گفتوگۆیکرد کە ئەوکاتە سەیری بەرنامەکان دەکات، بزانێت بەرنامەی چ لیستو گروپێک لەبەرژەوەندی کورددایە ئەوە دەکەین.

**دەستوور:** یەکێک لەکەموکوڕییەکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەبەغداد رازیبوون بووە بەبەڵێنی زارەکی؟ ئەی خەڵک چۆن دڵنیا بێت ئێوە ئەو ئەزمونە دووبارە ناکەنەوەو ئەزمونێکی دیکە پێشکەش دەکەن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئێمە بۆیە ئەم بزووتنەوەیەمان دامەزراندووە بۆ ئەوەی لەو سیاسەتە لاساییە رزگارمان بێت، لەو سیاسەتە هەڵەو چەواشەیەی کە هەبووە، بەبەڵێنی زارەکیو بەقسەی خۆشو بەموجامەلات، ئەو شتانە لای ئێمە نابێت.

**دەستوور:** جگە لەکێشە سیاسییەکان بەشێک لەگرفتی حکومەتی هەرێمو خەڵکی کورستان ئیدارین، وەک نەناردنی بەشە نەوتو کارەبای هەرێم، مەسەلەی پاسپۆرت، پلەی ئەفسەرە کوردەکانی پۆلیسو سوپای عێراق، سەپاندنی بەرپرسی بەرەگەز عەرەب لەکەرکوکو خانەقین، بەڵام وەزیرو کاربەدەستە کوردەکان لەحکومەتو سوپای عێراقدا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەداو بەر لێپرسینەوە نەکەوتوون؟ ئێوە لەئایندەدا لەوەزیرە کوردەکان دەپرسنەوە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** عەیبە ئێمە وەک کورد گلەیی لەبەغدا بکەین لەسەر کارەبا، ئێمە بودجەمان هەیە، بەنداومان هەیە، ئەی بۆ خۆمان کارەبا دروستنەکەین، ١٨ ساڵە حکومەتین، بۆچی ئەم هەرێمە پێویستی بەوەبێت کە بەغدا کارەبای بداتێ، لەجیاتی ئەو نەوتە رەشەی ئاودیو دەکرێت، دەکرێت کارەبای پێدروست بکرێت، پارە هەیە بودجە هەیە کە چوینە پەرلەمانی عێراقیش ئامادەین لێپێچینەوە لەوەزیرە کوردەکان بکەین، ئێستاش دەڵێم عەیبە هەرێمی کوردستان چاوەڕوان بێت بەغدا کارەبای بداتێ.

**دەستوور:** واتە ئێوە چیتر لەوە ناڕوانن چاوەڕێی حکومەتی عێراق بکەن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** بۆ چاوەڕێ بکەیت، بەرنامەو بودجەت هەیە، ئەگەر حکومەت، حکومەت بێتو شتێک هەبێت ناوی حکومەت بێت ئەو بودجەو توانایە بەکاردەهێنێتوکارەبای پێدروستدەکات، کارەبا کەی ئەو کێشەیەیە، یان ئەوەیە ئێمە حکومەتێکمان نییە، لەسۆماڵ کارەبا هەیە.

**دەستوور:** دوای ئەوەی بە٢٥ کورسییەوە چوونە پەرلەمانی کوردستان، لایەنی بەرامبەرتان دەڵێن ئەوان کە ئۆپۆزسیۆنن کێشە بۆ حکومەت دروستدەکەن، ئێوە چی دەڵێن؟ ئایا لەبەغدا هەمان شت دووبارە دەکەنەوە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئەو پرۆژەیاسایانەی ئێمە پێشکەشی دەکەین لەبارەی خوێندنو رێگاوبانو بودجە، ئەمە کێشەی بۆ حکومەت دروستکردوە، ئەی حکومەت ئیشی چییە، ئیشی ئەوە نییە ئەو شتانە جێبەجێبکات کە جێبەجێی نەکات دەبێت پێیبڵێی بۆ جێبەجێی ناکەیت، حکومەت خۆی هاوکار نەبووە.

**دەستوور:** رۆڵی سەرەکی لەدیاریکردنی کاندیدەکاندا کێ بووە، وەک سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرەوە دیاریتانکردون؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** بەسەدان کەس دانیشتووینو گفتوگۆمانکردوە کێ کاندیدبکرێت، هەموویان CV یان هێناوە، سەیری CVییەکانمانکردووەو چێککراوە، بەو شێوەیە بووە.

**دەستوور:** لەدیاریکردنی کاندیدەکاندا، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان تاچەند رۆڵی هەبووە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئەو لەدوورەوە سەرپەرشتی کردووە، ئەو مەرجانەی بۆ کاندیدەکانمان داناوە رەچاوبکرێت.

**دەستوور:** پێوەرەکانتان بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان چی بوو؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** پێوەرکانمان ئەوە بووە کەسەکە پسپۆڕ بێت، خەڵکو دەوروبەرەکەی رای لەسەر بێتو خۆشیان بوێت.

**دەستوور:** وەک دەبینرێت زۆرینەی کاندیدەکانتان خەڵکی سەربەخۆو بێلایەنی بزووتنەوەی گۆڕانن، کەمتر پشت بەکادیرانی باڵی ریفۆرم یان کۆنە یەکێتییەکان دەبەستن، هۆی ئەوە چییە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** هەموومان بۆچوونمان لەسەر ئەوەبووە، دەبێت دەموچاوی تازە بێت پێشەوەو نەوەی نوێیو کەسانی پسپۆڕو شارەزاو تەکنۆکراتبن.

**دەستوور:** بۆچی وەک جاری پێشوو، نەوشیروان مستەفا یان سەرکردەکانی تری گۆڕان لەناو لیستەکەدا نین؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** هیچ هۆکارێک بۆ ئەوە نەبووە، ویستومانە رێگا خۆشبکەین بۆ ئەوەی خەڵکی تازەو نەوەی نوێی بێنە پێشەوە.

**دەستوور:** مەسەلەی هاوسەنگی نێوان ئەو رەوتەی ناو بزووتنەوەی گۆڕان چۆن چارەسەر دەکەن، واتە کەس سەربەخۆکانو ئەوانەی پێشتر باڵی ریفۆرم بوون؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** باکگراوندی سیاسی بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، بەلای ئێمەوە ناو ناوبانگ گرنگە، بەلای ئێمەوە ئەوە گرنگە خەڵک باوەڕی بەپرۆگرامەکە هەبێتو کار بۆ گۆڕان بکات، بەلای ئێمەوە گرنگ نیە پێشتر لەچ حیزبو گروپێکدا بووە.

**دەستوور:** میکانیزمەکانی رێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان چۆن دەبێت؟ دەتوانیت بەرچاوڕوونیەک بخەیتەڕوو؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئێستا بەرنامەیەکمان هەیە بۆ رێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، چاوەڕێدەکەین دوای هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک جێبەجێبکرێتو دوای هەڵبژاردن خۆمان رێکدەخەینەوە، بەڵام ئێستا سەرقاڵی هەڵبژاردنین.

**دەستوور:** پێشبینی دەکەیت چەند کورسی بەدەستبهێنن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** زۆر زیاتر لەوەی پێشووتر، بەس ناتوانین دیاریبکەین کە چەند کورسییە.

**دەستوور:** لەماوەی ئەم چەند رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەدا لایەنەکان یەکتری بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پۆستەرو وێنەی یەکتر لێدەکەنەوە؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** ئێمە پۆستەرو وێنەی هیچ لایەکمان لێنەکردۆتەوە، ئەوان پۆستەرو وێنەی ئێمە لێدەکەنەوە.

**دەستوور:** ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان بەدەستەوەیە، تا لەکۆمسیۆن سکاڵا تۆماربکەن؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** بەڵگەمان لەلایە، لەکۆمسیۆنیش سکاڵامان تۆمارکردوە.

**دەستوور:** لەپەرلەمانی عێراقدا کێ دەبێتە سەرۆکی لیستی گۆڕان؟

**محەمەد تۆفیق رەحیم:** جارێ دیاریمان نەکردوە، بابزانین ئەنجامەکان چۆندەبنو کێ دەردەچێت، ئەوکاتە دیاریدەکەین.


> لەهەر حکومەتێکی عێراقدا بەشدارییـنو مادەی ١٤٠و دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان جێبەجێ نەکات دەکشێینەوە

> سەرکردایەتی کورد لەبەغدا ئەوەی بەلاوە گرنکە پۆستی سەرۆك كۆمار یان جێگری سەرۆك وەزیرانو پەرلەمانیان بدرێتێ، لەبەرامبەر ئەوەدا دەستبەرداری بەرژەوەندییە گشتییەکان بووە

# "بەشێکی زۆری گەشەنەکردنی پارتی لەسلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زۆریو بۆرییەی کادیر" فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیرو گۆران وەهاب

**فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانو لێپرسراوی لقی هەڵەبجەی شەهیدی ئەو حیزبە، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات ئەدای بەشێک لەکادیرەکانیان لاوازە، دەڵێت ئێستا ئینتیمای حیزبی لاواز بووەو پەیوەست بوون بەڕێکخستنەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیو موچەیە. جوانڕۆیی رەتیدەکاتەوە کوتلەگەری لەناو رێکخستنەکانی پارتیدا هەبێت، دەڵێت دانانی نێچیرڤان بارزانی بەجێگری سەرۆکی پارتی بۆ ریفۆرمکردنە، نەک مەسەلەی باڵ باڵێنە.**



فەرەیدون جوانڕۆیی

**دەستوور:** پارتی بەنیازە نوسینگەیەکی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بکاتەوە؟ هۆکاری کردنەوەی ئەو نوسینگەیە چییە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** کردنەوەی نوسینگەی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بەڕاستی بۆ کارئاسانی لقەکانی سنووری سلێمانییە، ئیشەکانی ئێمە رۆژانە دەبێت بچێتە مەکتەبی سیاسی کە لەمەسیف سەلاحەدینە، کردنەوەی ئەو نوسینگەیە بۆ لقەکانو ئیشوکاریانەوە کارئاسانییەک دەکات، لەلایەکی تریشەوە وەکو مەکتەب سیاسیەکان خۆیان سەرپەرشتی لقەکان دەکەنو لەنزیکەوە ئاگاداری کارەکانی لقەکان دەبن، زیاتر لەسەر بنەمای کار ئاسانییە بۆ هەردوولا چ بۆ کەمتەبی سیاسی چ بۆ لقەکان.

**دەستوور:** دەوترێت رێکخستنەکانتان لەپارێزگای سلێمانی نەیانتوانیوە گەشە بکەن، کردنەوەی ئەو نوسینگەیەی مەکتەبی سیاسیش هەر لەو پێناوەدایە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** بەپێچەوانەوە کرنەوەی ئەو نوسینگەیە پەیوەندی بەگەشەکردنی رێکخستنەکانەوە نییە، چونکە مەکتەبی سیاسی کە دێت ناتوانێت ناوچە بەناوچە سەرپەرشتی رێکخستن بکات، خۆی ئەو سەرپەرشتی گشتی ناوچەکان دەکات، چۆن مەکتەبی سیاسی ئێستا دەیکات، ئەو نوسینگەیەش لەسلێمانی وادەیکات، رێکخستن پەیوەندی بەو ئیشکردنو کاری رۆژانەی کادیرەکانەوەیە لەسنورەکە، هەروەها ئێستا بمانەوێتو نەمانەوێت بەگشتی ئینتیمای حیزبایەتی لاواز بووە، هەموو شتەکان بۆتە بەرژەوەندیو دەستکەوتی تایبەتیو موچە، وایلێهاتووە، ئەمە پەیوەندی بەوەنییە ئەو نوسینگەیە بێت لەبەرخاتری ئەوەی ئێمە رێکخستنمان لاوازە، بەپێچەوانەوە رێکخستنمان لاواز نییە، دوای هاتنەوەی لقەکان بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی رێکخستن تارادەیەک ناڵێم زۆر گەشەیکردووە، بەڵام رەنگە ئەو گەشەکردنە لەئاستی تموحی ئێمەدا نەبێت وەک پارتی.

دەستوور: باست لەوەکرد ئێستا خەڵک وەک جاران لەحیزبایەتی ناڕوانن، ئایا ئەمە پەیوەندی بەوەهەیە کە حیزبەکان نەیانتوانیوە بەپێی بارودۆخەکە گۆڕانکاری لەناوخۆی خۆیاندا بکەن، یان خەڵک لەم سەردەمەدا باوەڕی بەحیزبایەتی بوون نەماوە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** دەکرێت بڵێی هەردوو لایەنەکەیە، ئێمەش وەک پێویست نەمانتوانیبێت گۆڕان لەرێکخستنەکانمانو لەئەداو سیستمی کارکردنماندا بکەین، هەروەها بەڕاستی ئەو ئینتیمایەش لاواز بووە، ئینتیمای نیشتمانپەروەریو نەتەوەیی لەناو خەڵکو میللەتی ئێمەدا لاواز بووە، لەهەمانکاتیشدا وەک وتم دونیا بۆتە دونیای بەرژەوەندی، تاکەکان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتدا دەگەڕێن، ئەو رێکخستنەی جاران بەو حەماسەتەوە هەبوو ئێستا نەماوە.

**دەستوور:** وەک پارتی لەرێی رێکخستنەکانتانەوە کادیرێکی زۆرتان هەیەو مانگانەش موچەیان پێدەدرێت، تارادەیەکیش بەرژەوەندیان لەگەڵ حیزبەکەدا بووە، واتە ئیمتیازاتێکیان دەستکەوتووە، ئایا ئەوانەش ئینتیمای حیزبیان لاوازبووە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** بەبۆچوونی خۆم بەشێکی زۆری گەشەنەکردنی رێکخستن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زۆریو بۆرییەی کادیر، کادرێک توانای نەبێت، کادرێک نەزانێت ئەدای ئیشی چییە، کادرێک ئیشی کادرو مانای کادر نەزانێت چییە، دەبێت چۆن ئیشبکاتو هەوڵبدات رێکخستنەکان ئاراستە بکات، ئەوە تەنها وەک کادیر هاتوەو دامانناوەو موچەیەکمان بۆ بڕیوەتەوە، بەڕاستی بەشێکی گەشەنەکردنی رێکخستن دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیو هەستنەکردن بەلێپرسراوێتیو نەزانینی کادیر.

**دەستوور:** زۆرجار لەراگەیاندنەکان کادیرەکانتان لەم سنووره گلەیی ئەوە دەکەن پشتگوێ خراون، ئایا ئەو نوسینگەیە چۆن ئەوە چارەسەر دەکات؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** شتی لەو شێوەیە نییە، ئەوە خۆی نەکادیرە نەدەشزانێت ئیشی کادیری چۆنە، ئەگینا لەسەرتاسەری کوردستان کادیر وەک یەک تەماشادەکرێن، بەیەک شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، وەک حیزب، وەکوتریش بمانەوێتو نەمانەوێت بۆ کوردستانی ئێمە ئێستا خەریکین دەبین بەیەک ئیدارەو حکومەت، پێشتر دوو ئیدارە بووە بەتەئکید رەنگە هەندێک ئیمتیازاتمان لەهەولێر بۆ کادیرەکانمان دابینکردبێت، بەڵام لەسلێمانی پێمان نەکرابێت، ئەگینا وەک حیزب پشتگوێخستنو شتی وا نییە.

**دەستوور:** بۆچی نەتانتوانیوە ئەو ئیمتیازانەی لەوێ بۆ کادیرەکانتانکردوە لێرەش بیکەن؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** ئێ نەکراوە، دەسەڵات بەدەستی ئێمە نەبووەو حکومەت لەدەستی ئێمە نەبووە.

**دەستوور:** هەستدەکرێت کارکردنی پارتی لەسلێمانیو گەرمیان جدی نییە، وەک ئەوەی لەهەولێرو کەرکوک هەیە، ئایا ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەڵێن خەڵکی سلێمانی نابن بەپارتیو پارتی لەوە زیاتر گەشە ناکات؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** بەتەئکیدی دەتوانێت زیاتر گەشە بکات، من ئەو مەسەلەیە بەپێچەوانەوە دەبینم، ئەو رێکخستنانەی ئێمە لەسنوری پارێزگای گەرمیانو شارەزوورو هەورامانو پێنجوێنەوە تا دەگاتە قەڵادزێ هەمانە، رەنگە لەشوێنەکانی دیکە ئەو رێکخستنانەمان نەبێت بەو حەماسەتە پارتایەتی بکات، رەنگە لەشوێنەکانی تر وانەبێت، ئەو رێکخستنانەی لێرە هەمانە هەموویان لەسەر پارتایەتی دڵسۆزن، زۆریشی زوڵمو تەعدای لێکراوە بۆیە ئەوانە رێکخستنێکن کە دەکرێت هەموو کات حسابیان بۆ بکەیت، بەڵام گەشەناکات وەک وتم هۆکاری خۆی هەیە، بەگشتی وایە ئەوە نییە تەنها پارتی وابێت، نهێنیەک لەرێکخستنی حیزبیدا هەیە، ئێستا دنیا گۆڕاوەو بەردەوام لەگۆڕانداية دەبێت بەشێوازێکی تر لەگەڵ خەڵکو رێکخستنی خۆتدا مامەڵە بکەیت تا لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا بگونجێت.

**دەستوور:** پێتوایە حیزبەکان ئەو هەوڵەیاندابێت تاچوارچێوەی کاری سیاسی خۆیان بگۆڕنو بەپێی سەردەمەکە مامەڵە بکەن؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** ئەوە هەر حیزبەو بۆ خۆی لێپرسراوە لەئیشی خۆی، ئێمەش خەریکین، بەتەئکید ئەوەی پێویست بێت لەکۆنگرەدا دەکرێت.

**دەستوور:** وابڕیارە لەمساڵدا پارتی گۆنگرە ببەستێت، پێتوایە ئەم گۆنگرەیە دەتوانێت گۆڕانکاری ریشەیی لەناو پارتیدا بکات؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** پارتی هەموو کاتێک لەنوێبوونەوەدا بووە، ئەوە تەسەور نەبێت تەنها بەکۆنگرە نوێدەبێتەوە، بەتەئکید ئەم کۆنگرەیە کەوتۆتە قۆناغێکی نوێ، بەدڵنیاییەوە لەم کۆنگرەیەدا گۆڕانکاری جۆری دەکرێتو بەپێی ئەم گونجان لەگەڵ سەردەمەکەدا بێت.

**دەستوور:** بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەست ئێمە گەیشتووە، موچەی خەڵکانی بادینی لەدەزگاکانی پارتیدا، لەموچەی سۆرانییەکان زیاترە، چ موچەی پێشمەرگە، یان کادیری راگەیاندن، یان کادیری حیزب؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** شتی لەو جۆرە نییە، لەزاخۆوە بۆ خانەقین موچەی کادیر یەک موچەیە بەپێی پلە، تەنها جیاوازی لەنێوان ئەوانەدایە کە بڕوانامەیان بەرزەو خزمەتیان زیاترە، ئەگینا هیچ جیاوازیەک لەنێوان موچەی کادیرەکاندا نیە.

**دەستوور:** سەرکردەکانی پارتی بەتایبەت سەرۆکی پارتی لەدوای ١٩٩٣ سەردانی گەرمیانی نەکردووە، هۆکاری ئەوە چییە؟ ئایا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ناتانەوێت یەکێتی ئیستفزاز ببێت؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** سەرۆکی پارتی لەم هەڵبژاردنەی دواییو لەم خولەی سەرۆکایەتی هەرێمیشدا بڕیاریداوە سەردانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکات، چۆن سەردانی ناوچەکانی پشدەرو بتوێنی کرد، بەهەمان شێوەش سەردانی گەرمیانوسلێمانیش دەکات، پێشتریش سەردانی سلێمانیکردو خەڵکی هەموو شارو شارۆچکەکانی بانگهێشتکردو چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەموویانکردووە، ئەو سەردانانە پەیوەندی بەکاتەوە هەیە.

**دەستوور:** نێچیرڤان بارزانی باسی لەگۆڕانکاریو ریفۆرم لەناو پارتیدا کرد، پێتوایە بتوانێت ئەو ریفۆرمو گۆڕانکاریە لەناو پارتیدا بکات؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** بەتەئکید هەموو پارتی بەردەوام لەگۆڕانکاریدا بووین، یانی ئەمە ئەوە نییە ئێمە ئێستا بەنیازبین گۆڕانکاری بکەین، پارتی لەهەموو قۆناغەکاندا گۆڕانکاری بەسەر خۆیو رێکخستنەکانیدا هێناوە، کاک نێچیریش وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیو ئێستاش وەک جێگری سەرۆکی پارتی سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی پارتی دەکات، هەموو سەرکردایەتیو کادیری ئێمە پشتگیری لێدەکەین بۆ گۆڕانکاریو ئەنجامدانی ریفۆرمو چاکسازی بەمانای وشە، ئەو ریفۆرمەش لەکۆنگرەدا دەکرێت، هەمووشمان پشتگیریو پشتیوانی کاک نێچیر دەکەین، بەسەرۆکی پارتیشەوە.

**دەستوور:** بۆچوونێکی واهەیە کە پارتی حیزبێکی داخراوە بەهۆی ئەوەی لەلایەن بنەماڵەی بارزانیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، بۆیە ئەو گۆڕانکاریو ریفۆرمەی کەسە نزیکەکانی ناو پارتی باسی لێدەکەن زۆر زەحمەتە لەناو پارتیدا بکرێت؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** ئەو گۆڕانکارییانەی لەناو پارتیدا کراوە بڕواناکەم لەناو هیچ حیزبێکی تردا کرابێت، حیزبەکانی ترکام گۆڕانکارییان کردبێت کە لەپارتی زیاترو باشترە، کام گەشەکردنیش کرابێت ئەوەندەی پاتری کردوویەتی، ئەو هەورازو نشێوانەی پارتی بەرگەی گرتووە لەو بڕوایەدانیم هیچ رێکخستنێک بتوانێت بەرگەی بگرێت، بەڵام پارتی جارێکی تر لەسەر پێی خۆی وەستاوەتەوە، ئەوە ناحەزانی پارتی ئەو رەخنانە دەگرن، ئەگەر تەماشای کۆنگرەکانی پارتی بکەیتو ئەو ئینشقاقانەی تیایدا رویداوە پارتی هەر لەسەر پێی خۆی وەستاوەتەوە، ئەو دەستکەوتانەی پارتی بۆ خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە بزانم کێی تر دەتوانێت ئەوە بۆ گەلەکەی تۆمار بکات.

**دەستوور:** دوای کردنی نێچیرڤان بارزانی بەجێگری سەرۆک، دەوترێت بۆیە پارتی ئەوەیکردوە تا نێچیرڤان بارزانی نەتوانێت باس لەریفۆرمو گۆڕان لەناو پارتیدا بکاتو لەو چوارچێوەیە نەچێتە دەرەوە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** پێشتر گلەییو گازندە لەوە هەبوو سەرۆکی پارتی مادام بوو بەسەرۆکی هەرێم دەبێت واز لەپۆستی سەرۆکایەتی پارتی بهێنێت، ئێستاش بۆ ئیشوکارو سەرپەرشتی پارتی ئەگەر جێگرێک بۆخۆی دابنێت، دەڵێن ئەمە لەبەر ئەوەیە ریفۆرم نەکرێت، نەخێر شتی وانیە، سەرۆکی پارتی سەرقاڵە بەئیشوکاری سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کاتی خۆی بۆ ئەو پۆستە تەرخانکردوە، وەک پێویست ناتوانێت سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی حیزب بکات، بۆیە تا کۆنگرە کاک نێچیری داناوە سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی پارتی بکات وەک جێگری خۆی.

**دەستوور:** پەیوەندیتان لەگەڵ دەزگاکانی یەکێتیو بەرپرسەکانی ئەو حیزبە چۆنە، بەتایبەت ئێوە لەسنوری جێنفوزی ئەواندا کاردەکەن؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** پەیوەندیەکی باشمان هەیە، پەیوەندی بەردەوامی رۆژانەمان لەگەڵ برایانی یەکێتی زۆر باشە.

**دەستوور:** پەیوەندیی ئێوە وەک لقەکانی پارتی لەم سنورە لەگەڵ گۆڕان چۆنە؟ هیچ هەماهەنگیو هاوکارییەکتان هەیە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** لەگەڵ گۆڕانیش وەک هەموو لایەنەکانی تری سیاسی لەکوردستاندا پەیوەندیمان هەیە، لەگەڵ هیچ لایەنێک پەیوەندی خراپمان نییە، ئەوانیش وەک لایەنەکانی دیکە، وەک هەماهەنگیش نەخێر نیمانە، یان بڵێی وەک رێککەوتنێک ئەوەمان نییە، بەڵام وەک پەیوەندی وەک هەموو حیزبەکانی تر چۆن پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ ئەوانیش هەمانە.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥دا یەکێتیو پارتی نەیانتوانی دەنگی پێویست لەم سنورەدا بهێنن؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** بڕوام نیە ئێمە نەمانتوانیبێت دەنگ بەدەستبهێنین، بەڵام زۆرجار هەیە قەبارەی خۆت ئەوەیە، لەوانەی پێشتر جیاوازیەک هەبوو بێت لەبەرئەوەی پێکەوە بووین، نازانرێت دەنگەکان چەندی پارتی بووەو چەندی یەکێتی، چەندی لایەنەکانی تری ناو لیستی کوردستانی بووە، بەڵام لێرە لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر مەسەلەکە روونتر دەبێتەوە، هەر لایەنەو قەبارەی خۆی بۆ دەردەکەوێت، هیچ کاتیش ناتوانیت سەنەدێک بدەیتو بڵێی لەم هەڵبژاردنە ئەوەندە دەنگ دێنم، چونکە ئەوە هەڵبژاردنەو ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان چاوی کراوەتەوەو پێیناوەتە قۆناغێکی نوێتر، خەڵک تێگەیشتنی زیاترە، لەسەر بنەمای ئەدای هەر حیزبێکو خزمەتی ئەو حیزبە دەنگی خۆی دەدات، بەڕاستی لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا ئاشکرابوو چەند لایەنێک تەرکیزیان خستبووە سەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود دەنگ نەهێنێت، دەستی دەرەکیش هەوڵی جدیان دەدا، بەتایبەت وڵاتانی هەرێمی کە سەرۆکی هەرێم دەنگ نەهێنێت، بەڵام دەنگی باشمان هێنا، یەک تاکە کەسی ئەو حیزبانە دەنگی بەسەرۆکی هەرێم نەدا، دەنگیادا بەشەخسێکی تر کە بۆ خۆشیان بڕوایان پێینەبوو، چونکە هەڵمەتەکە، هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو بۆ سەرۆکی هەرێم.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو دەرکەوتنی سەنگی هێزە سیاسییەکان پەیوەندییەکانی ئێوەو یەکێتی دەچێتە چوارچێوەو قاڵبێکی ترەوە، ئەگەر یەکێتی نەیتوانی سەنگی خۆی بپارێزێت؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** یەکێتی چارەکی ٧/٢٥یش دەنگ بهێنێت بچوکترین کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئێمەو ئەوان نابێت، رێککەوتنی ستراتیژی نێوانمان بەردەوام دەبێت، تا ئەو رۆژەی لەسەری رێککەوتووین.

دەستوور: دوای ئەوەی دیندار زێباری بەفەرمی دانی نا بەوەی لەناو پارتیدا کوتلەگەری هەیە، دواتریش لەهەولێر دەستکراوە بەبڵاوکردنەوەی وێنەکانی نێچیرڤان بارزانیو وەسفکردنی کە ئەوەش وەک بانگەشە بۆ باڵی نێچیرڤان بارزانی لێکدەدرێتەوە، دەتوانیت پێمان بڵێیت ئەو کوتلەگەرییەی ناو پارتی لەسەر چ بنەمایەکەو ئامانجەکەی چییە؟

**فەرەیدون جوانڕۆیی:** هیچ کوتلەگەرییەک لەناو پارتیدا بوونی نییە، ئەوەشی دەوترێت قسەی سەرجادەو بازاڕە، لەناو پارتیدا نەکوتلەگەریی هەیە، نەپێشتر هەبووە، نەداهاتووش دەبێت، دیندار زێباریش قسەی خۆیەتی، دیندار زێباری ئەوەندە مێژوویەکی دووری لەخەباتو تێکۆشانی ناو پارتی نییە، تا باسی ئەوەبکات بڵێ لەناو پارتیدا کوتلەگەری هەیە، ئەو لەپۆستێکدا لابراوە، جا هەرکەس لەپۆستێک لابرێت ئەمە ببەستێتەوە بەوەی کە کوتلەگەری هەیە، دیارە پۆستێکی زیادکراوبووەو لەوێ پێویستی نەکردووە ئەو پۆستە هەبێت، حکومەت گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ئەو پۆستانە یەکبخاتو بیانکاتە نوسینگەیەک، ئەوە پەیوەندی بەئیشوکاری حکومەتەوە هەیە.

> بمانەوێتو نەمانەوێت بەگشتی ئینتمای حیزبایەتی لاواز بووە، هەموو شتەکان بۆتە بەرژەوەندیو دەستکەوتی تایبەتیو موچە

> رەنگە وەك پێویست نەمانتوانیبێت گۆڕان لەرێکخستنەکانمانو لەئەداو سیستمی کارکردنماندا بکەین

> یەکێتی چارەکی ئەو دەنگانە بهێنێت کە لە ٧/٢٥ هێنای رێکەوتنی ستراتیژی هەڵناوەشێتەوە

# هەڵبژاردن ئاگرەکە خۆش دەکات

## لەگەڵ نزیکبوونەوە لەهەڵبژاردن، هێڵی تەماسی کوردو عەرەب ئاڵۆزتر بووە




ئا: دەستوور

لەناو بازاڕی شارۆچکەی خانەقین لەنزیک سنووری ئێرانەوە، لەهەموو ڕێگاکان کە بۆ شەنگال لەنزیک سنووری سوریا دەچێت، لەو ڕێگا پێچاوپێچەی بەناو باکووری عێراقدا تێدەپەڕێت، هێزی چەکدار دانراوە، بۆ خۆرهەڵاتو باکوور هێزە کوردییەکان کە بەپێشمەرگە ناسراون جێگیرکراون‌و بەپەرۆشن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خاکەی لەلایەن سەدام حسێن لەماوەی دوو دەیەی پێشوو لێیان زەوتکراوە، لەهێڵی بەرامبەریان بۆ خورهەڵاتو باشوور، یەکەکانی سوپای عێراق کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی لەبەغداوە نێردراون بۆ بەرگرتن لەمەترسی جموجوڵی کوردەکان لەناو ئەو شارە کۆنانەی دەکەونە سەر ڕووباری دیجلە، دانراون.

تائێستا چەند جارێک پێکدادان بەتایبەتی لەدەرەوەی ئەو شارانەی فەرماندەکان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان کاردەکەن خەریک بووە دروستببێت، ساڵی ڕابوردوو یەکەیەکی سوپای عێراق چووە ناو شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری لەناوچە جێناکۆکەکان کەزۆرینەی کوردن‌و قەناسەیان لەسەر بانی ماڵان دانا، کاتێک دانیشتوان کە لەلایەن پێشمەرگەوە پشتیوانیان لێدەکرا دەستیانکرد بەخۆپیشاندان لەدژی ئەو یەکەیە، بەسەربازە عەرەبەکان وترا تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن، لەدواساتدا نەهێڵرا خوێنبڕژێت‌و سوپای ئەمەریکا لەو نزیکانە جێگیرکرا.

چەند ڕووداوێکی بچوکی لەو جۆرە زۆر بەئاسانی دەتوانێت پێکدادانێکی فراوان هەڵبگیرسێنێت.

نیگەرانییەکان بەدرێژایی ئەو هێڵەی کە بە"هێڵی پەلەپیتکە" ناسراوە، ئێستا بووەتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر سەقامگیریی عێراق، هەرچەندە گرژی تایەفی لەنێوان عەرەبە سونەو شیعەکان لەباشوور دوورە لەچارەسەرکردن، بەڵام ململانێی عیرقی لەنێوان عەرەبو کوردەکان زۆر مەترسیدارترە، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو لایەنەکە باش چەکدارکراون، لەبەرئەوە ئەمەریکییەکان دواهەوڵی خۆیان دەدەن بۆ هێورکردنەوەی توندوتیژییەکان بەرلەوەی یەکە جەنگییەکانیان لەکۆتایی مانگی ئابی داهاتوو دەست بەکشانەوە بکەن.

لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمەوە، چەند سەد سەربازێکی کوردو عەرەب بەیەکەوە دەوریاتیان لەناوچە جێناکۆکەکان داناوەو ئەمەریکییەکانیش ڕێنماییان دەکەن، ئەم بیرۆکەیە لەلایەن جەنەراڵ رای ئۆدێرنۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا لەعێراق گەڵاڵە کراوە، بەمەبەستی بنیاتنانی متمانە لەنێوان هەردوولاداو دروستکردنی پەیوەندی ڕۆژانە لەنێوانیان، جگە لەدەوریەی هاوبەش، خاڵی پشکنینی هاوبەشیان بەیەکەوە داناوەو لەهەندێک شوێنیشدا بەیەکەوە نان دەخۆن‌و دەخەون.

ئەمەریکییەکان‌هەمیشەیارمەتیدەر دەبن لەپاراستنی ئاشتی، دەوریاتەکان سێ‌لایەنەیەو ئێستا ئەمەریکییەکان بوونەتە هێزی ئاشتیپارێز زیاتر لەوەی هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارەکان بن، لەوەتەی لەساڵی ڕابوردووەوە لەناو شارەکانی عێراق کشاونەتەوە، چاودێریی خاڵی پشکنینی دەرەوەی بنکەکانیان ناکەن.

ئایا ئەم کارە دەکرێت؟ بەر لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی ڕابوردوو ئاڵۆزییەکان زیادیان کردو لەکاتێکدا هەڵبژاردنە گشتییەکانی ڕۆژی ٧ی مانگی مارس نزیک دەبێتەوە، ئێستا لەجاران زیاتر بوون، ئومێد دەکرێت خاڵی پشکنینی هاوبەش ئازادیی هاتوچۆ بۆ دەنگدەرەکان لەناوچە جێناکۆکان فەراهەم بکاتو ڕێگە لەدووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی وەکو ئەوەی لەپارێزگای نەینەوا ڕوویدا بگیرێت، لەکاتێکدا هێزە چەکدارە کوردەکان نەیانهێشت پارێزگار سەردانی شارۆچکەی بەعشیقە بکات، لەو سنوورەی پێویستە خۆی حوکمی بکات.

هەروەها ئومێد دەکرێت کە دەوریاتی هاوبەش بوار نەدات بەخۆکوژەکانی قاعیدە گرژیی‌و ئاڵۆزییە ڕەگەزپەرستییەکان بەدرێژایی هێڵی پەلەپیتکە بەمەبەستی سەرلەنوێ جۆشدانەوەی شەڕی ئەهلی، بقۆزنەوە.

هێشتا متمانە بەیەکتر کەمە، کوردەکان، عەبدولئەمیر کە فەرماندەیی فیرقەیەکی سوپای عێراق لەنزیک شاری کەرکوک دەکات، بەپشتیوانێکی دڵسۆزی سەدام کە خەڵکی شارەکەی کوشتووە دادەنێن‌و پێیانوایە ئەمیش ئامادەیە ئەو کارە دووبارە بکاتەوە، لەبەرامبەریشدا زۆر لەعەرەبەکان لەو باوەڕەدان کوردەکان هەرگیز سازش لەسەر ئەو ناوچانە ناکەن کە دوای ڕووخانی سەدام دەستیان بەسەردا گرتووە.

لەکاتێکدا هەردوو لایەنەکە لەکەرکوک کە لەگەڵ ئەمەریکییەکان ناوەندێکی فەرماندەی پۆلیسی هاوبەش بەڕێوەدەبەن زۆر هەماهەنگی یەکتر دەکەن، بەڵام کوشتن‌و ڕفاندنی لێپرسراوان بەردەوامە، وادەردەکەوێت هەوڵەکان بۆ دروستکردنی هەماهەنگی بەدرێژایی هێڵی پەلەپیتکە ڕەوشەکە خراپتر بکات.

لەناو خانەقین، سەربازانی کوردو هێزی وەزارەتی ناوخۆ دەوریەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لێپرسراوانی هەردوولا خۆیان بەتاکە لێپرسراو دەزانن، هەلی کەم هەیە بۆئەوەی جێگیرکردنی هێزەکان بەدرێژایی کەلار تا کفری کە دەکەونە خۆرهەڵاتی باکووری خانەقین بەم نزیکانە کۆتایی پێبێت یان مینەکان لاببرێن.

هەروەها کوردەکان پێیانخۆش نییە هێزەکانیان لەدەوروبەری دوبز کە وێستگەیەکی گەورەی پاڵاوتنی لەیەکێک لەگەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق دانراوە، کەم بکەنەوە.

بەم شێوەیە پێدەچێت هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئاشتی زۆر دواکەوتبێت، هەردوولا ناڕازین‌و لەو مەسەلەی بەخەباتی مانەوەی دەزانن تێوەگلاون.

لەکۆتاییدا هەر ئاشتییەکی سەرتاپاگیر کاتێک سەردەگرێت کەهەردوولا لەسەر دیاریکردنی سنووری ئاشکرای ناوچەکان ڕێکبکەون، ئەو کارەش هێشتا نەکراوە.

*لەئیکۆنۆمیستەوە وەرگیراوە

# تائێستاش ٨ هەزار مامۆستای کەرکوکی لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمن

زانیار داقوقی

تائێستاش‌ئەوفەرمانبەرە کەرکوکییانەی سەر بەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمن، نەگەڕێنراونەتەوە سەر بودجەی حکومەتی عێراق کە لەنێویاندا ٨ هەزار مامۆستای تیدایە کە لەکەرکوک وانەدەڵێنەوەو موچەکەشیان لەسەر حکومەتی هەرێمە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس‌و گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوک بۆ شوێنی خۆیان، تائیستا بڕیاری گەڕاندنەوەی فەرمانبەرە کەرکوکییەکان دەرنەچووەو هەر لەحکومەتی هەرێم موچە وەردەگرن‌و نەخراونەتەوە سەر حکومەتی عێراق، بەڵام بەپێی ڕەشنووسی دەستوور دەبوو بگەڕێنرانایەتەوە.

دکتۆر عیزەت بەرپرسی فەرمانگەی دارایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند "بەفەرمانێکی حکومی لەکاتی خۆیدا لەلایەن وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو داوایە خرایە پێش چاو، بەڵام ئێستا وادیارە دووبارە داوای ناوی ئەو فەرمانبەرانە کراوە کەمادەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، یەکلاییبکرێنەوە".



بەرپرسی فەرمانگەی دارایی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەشی وت "نزیکەی ٨ هەزار مامۆستای کەرکوکی لەحکومەتی هەرێم دامەزراون، ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە بەپێی مادەی ١٤٠".

# موچەی مامۆستا لەسلێمانی کەمترە لەموچەی مامۆستا لەهەولێر

کامەران کەریم

موچەی مامۆستایانی سنووری پەروەردەکانی سلێمانی‌و گەرمیان کەمترە لەموچەی مامۆستایانی پەروەردەی هەولێر، یەکێتی مامۆستایانیش داوا دەکات حکومەت لیژنەیەک بۆ یەکخستنی پێکبهێنێت.

شێرکۆ سابیر مامۆستایەکی سنووری پەروەردەی سلێمانییە، ئاماژە بەوە دەدات کە دامەزراوە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، موچەکەی ئەو شەست هەزاری عێراقی کەمتر بووە لەموچەی هاوڕێکەی، بەهۆی ئەوەی ئەو سەر بەپەروەردەی هەولێرە.

مامۆستا شێرکۆ وتی "خۆ یەک حکومەتمان هەیە، کەچی دوو جۆر موچە دەدرێت بەمامۆستایان".

عەفان نەقشبەندی سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا جیاوازی موچەکە دەمێکە هەیەو پەیوەندی بەکاتی بەستنی (عەلاوە)وە هەیە بۆ مامۆستایان.

نەقشبەندی وتی "داوامان کردووە لیژنەیەک دروستببێت لەوەزارەتی پەروەردەو دارایی‌و سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایان، بۆئەوەی چارەسەری ئەو گرفتە بکەین‌و ئەو جیاوازییە نەهێڵین، چونکە ئەو جیاوازیی موچەیە لەنێوان دهۆک‌و زاخۆشدا هەیە".



# "ئەگەر بگەمە پەرلەمان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران دەکەم"

## میدیا زاهیر کاندید بۆ پەرلەمانی فنلەندا بۆ دەستوور

**سازدانی: هەژار بابان**

میدیا زاهیر کچە کوردی خەڵکی شاری کەرکوکو دانیشتووی وڵاتی فنلەندا کەئێستا لەلایەن یەکێک لەحیزبەکانەوە کاندیدکراوە بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتە، ئاماژە بەوە دەکات کەئەگەر بگاتە پەرلەمان کار دەکات بۆ میللەتی کوردو هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو وڵاتی فنلەندا بەهێزتر بکات، وتی "یەکەم کارم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران دەبێت، بەتایبەت پەنابەرانی کورد".

**دەستوور:** کوردێک یان کەسێکی بیانی لەو وڵاتە چۆن دەتوانێت بگاتە ناوەندی بڕیار؟

**میدیا زاهیر:** دیارە هەرکەسێک دانیشتووی ئەم وڵاتە بێتو خاوەنی ناسنامە بێتو زمان بەباشی بزانێت، دەتوانێت ببێتە ئەندامی هەر حیزبێکی فنلەندی پاشئەوەش لەرێگای ئەو حیزبەوە دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەندامێتی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکان، من لەلایەن پارتەکەی خۆمەوە ئاگادار کرامەوە کەکاندید کراوم بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان.

**دەستوور:** ئەگەر ببیت بەئەندام پەرلەمانی فنلەندا دەتوانی چی بۆ کوردستان بکەیت؟ یان رۆڵت چی دەبێت لەگەیاندنی دەنگی کورد بەدەرەوە؟

**میدیا زاهیر:** ئەگەر لەهەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتنم بەدەستهێناو دەنگی پێویستم پێدرا، ئەوکات من بەدڵنیاییەوە زۆر کاری باش دەکەم بۆ میللەتی کوردو هەوڵدەدەم پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو وڵاتی فنلەندا بەهێزتر بکەم، دیارە رۆڵی من لەچەند بوارێکدا دەبێت وەک چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران بەتایبەت پەنابەرانی کورد، هەروەها کەسانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستی تایبەتو پاراستنی ژینگەو گەنجانو مەسەلەی خوێندن.

**دەستوور:** لەو ماوەیەی لەفنلەندا دەژیت توانیوتە چ خزمەتێک بەرەوشی کوردستان بکەیت؟

**میدیا زاهیر:** لەو ماوەیەی من لێرەم توانیومە چەند کارێک بکەم وەک ناردنەوەی زۆر شتی پێویست بۆ کەمئەندامان، نەخۆشخانەکان، منداڵان، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەت بەپاراستنی ژینگە سەردانی کوردستانم کردووە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەژینگەو یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان لەرووی کارەباوە، بەڵام تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی نیشانندداوە ئەو کۆمپانیایە لەکوردستان کار بکات، هەروەها ئەوەی زۆر بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە توانیومە لەزانکۆی هێلسنکی پایتەختی فنلەندا چەند کورسییەکی خوێندن وەرگرم بۆ خوێندکارانی کورد بۆئەوەی بتوانن لێرە بخوێنن لەبواری ماستەرو دکتۆرا کەخۆشبەختانە تائێستا کارەکان زۆر بەباشی دەڕۆن بەڕێوەو سەرکەوتوو بوونەو پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکرد کەهاوکاریو مەسرەفی ئەو قوتابییانە بکەن کەناویان دەردەچێت لەزانکۆی هێلسنکی، هەروەها خۆشبەختانە توانیومە هاوکاری چەند پەنابەرێکی کورد بکەم بۆئەوەی بتوانن مافی پەنابەری بەدەستبهێنن.

**دەستوور:** وڵاتی فنلەندا چۆن لەبارودۆخی کوردستان دەڕوانێت؟

**میدیا زاهیر:** حکومەتی فنلەندا دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی باش ئاگاداری بارودۆخی کوردستانەو زۆرشت دەزانن سەبارەت بەگەلی کوردو کوردستان، کاتێکیش باسی هەرێمی کوردستان دەکرێت ئەوان دەزانن باری ئاسایشی ئەوێ باشەو وەک ناوچەکانی تری عێراق نییە.

**دەستوور:** مەرجو شێوازی خۆ کاندیدکردن لەفنلەندا چین؟

**میدیا زاهیر:** وەکو پێشتر باسمکرد هەر کەسێک ئەندامی پارتێکی فنلەندی بێتو چالاک بێت لەبوارە جیاوازەکانداو تاڕادەیەک لەبواری سیاسەتدا شارەزایی هەبێتو زمانی فنلەندی بەباشی بزانێت، دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەندامێتی پەرلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان.

**دەستوور:** رەوەندی کورد لەفنلەندا تاچەند یەکگرتوونو توانیویانە دەنگی ناوەوەی کوردستان بگەینن بەجیهانی دەرەوە؟

**میدیا زاهیر:** خۆشبەختانە هەندێک کورد هەن لێرە چالاکنو کاردەکەن لەسەر ئەوەی میللەتی کورد بەدونیا بناسێننو خەڵکی فنلەندا ئاشنا بکەن بەگەلی کورد، خەڵکی ئێرە هەموویان دەزانن کورد کێیەو چینو کوردستان کاتی خۆی وڵاتێکی یەکگرتووبووەو دابەشکراوە بەسەر ٤ وڵاتی تردا، ئەوەش دەزانن کەکورد لەوڵاتەکانی تورکیاو سوریاو ئێران مافی ئەوەی نییە زمانی خۆی لەژیانی رۆژانەیەدا بەکاربهێنێت، هەروەها دەزانن کورد لەکوردستانی باشوور واتە کوردستانی عێراق بارودۆخیان باشەو بۆ خۆیان حکومەتو پەرلەمانیان هەیەو سیستمی حوکم فیدراڵییە، دیارە کوردە چالاکەکانی دانیشتووی فنلەندا بەردەوام هەوڵدەدەن لەرێگای چالاکی جۆراو جۆرەوە وەک کردنەوەی پێشانگاو نیشاندانی بارودۆخی کوردستان بەوێنە کورد بەجیهان بناسێننو نیشانی جیهانی بدەن کەکورد جینۆسایدی بەسەر هاتووە وەک ئەنفالو هەڵەبجەو بارزانییەکان یان کۆڕەوە گەورەکەی خەڵکی کوردستان.



# عەرەب فێری کوردی دەبێت

**قاسم خدر محەمەد**

عەلی عەباس، هاوشێوەی سەدان هاووڵاتی عەرەبی تر کە لەهەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، بەر لەسێ مانگ دەستیکردوە بەفێربوونی زمانی کوردی، پاش ئەوەی درکی بەوەکرد بەبێ فێربوونی ئەم زمانە، دۆزینەوەی هەلی کار کارێکی ئاسان نابێت.

ئەم گەنجە تەمەن ٢٤ ساڵە، پارساڵ کۆلیژی زانستی زانکۆی سەلاحەدینی تەواوکردو لەو کاتەوە بەدوای کاردا دەگەڕێت، چونکە خێزانەکەی بەهۆی بارودۆخی ئەمنیەوە، بەر لەدوو ساڵ شاری بەغدایان جێهێشتو روویان کردە هەولێر، بەنیاز نین بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان، گەر بارودۆخەکە تەواو ئارام نەبێتەوە.

عەلی بەکوردییەکی پچرپچرەوە وتی "من نامەوێ لەسوپەرمارکێت کار بکەم، چونکە دەرچووی زانکۆم، دەمەوێ لەرێکخراوێکی ناحکومی یان کۆمپانیایەک کار بکەم، ئەمەش پێویستی بەزانینی باشی زمانی کوردی هەیە".

بەر لەراپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، بەهۆی خزمەتی زۆرەملێی سەربازیو بڵاوبوونەوە بەنێو پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقدا، بەگشتی هاووڵاتیانی کورد شارەزایی باشیان لەزمانی عەرەبیدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی خوێندن بەزمانی عەرەبی بوو، بەڵام لەپاش راپەڕینو بەتایبەت نەوەی نوێ کە لەکوردستان گەورە بوون، زیاتر گرنگی بەزمانی ئینگلیزی دەدەنو زمانی عەرەبی نازانن، ئەمەش وایکردووە لەیەکگەیشتن لەنێوان عەرەبو کورددا ئاسان نەبێت.

سێ مانگ لەمەوبەر رێکخراوی تواناسازیی لاوانی کوردستان، بەیارمەتی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان (USAID)، کۆرسێکی فێربوونی زمانی کوردیان بۆ نزیکەی ٥٠٠ هاووڵاتی ئاوارەی عەرەبو مەسیحی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.

قوتابخانەکەیان کەوتووەتە شارۆچکەی (عەنکاوە)ی پارێزگای هەولێرو پۆلەکانیش بەگوێرەی تەمەنی قوتابییەکان پۆلێنکراون، تەمەنی قوتابیان لەهەندێ پۆلدا لەسەرووی ٥٠ ساڵیدایە.

لەمبارەیەوە شاد محەمەد، بەرپرسی رێکخراوی تواناسازیی لاوان وتی "(USAID) نیو ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم پرۆژەیە دابین کردووە، رۆژانە ٥ دۆلار بۆ هاتوچۆی هەر قوتابییەک تەرخانکراوەو مامۆستاکانیش مانگانە موچەیان بۆ براوەتەوە".

ئەم بەرپرسە بۆ نیقاش ئاشکراکرد تائێستا نزیکەی ٢ هەزار هاووڵاتی عەرەبو مەسیحی ناوی خۆیان بەمەبەستی فێربوونی زمانی کورد تۆمارکردووە، بەڵام ئەوان بەهۆی سنوردار بوونی باری دارایییان، تەنیا توانیویانە ٥٠٠ کەس وەربگرن، ناوبراو رایگەیاند "ئێمە دەمانەوێ ئەو کۆرسە بەردەوام بێتو ئەو دەرفەتە بۆ هەمووان برەخسێنین، بەڵام پێویستیمان بەیارمەتی هەیە".

بەرپرسەکەی تواناسازیی لاوان بیری لەسێ رێگا کردووەتەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بودجەی پێویست بۆ بەردەوامبوونی کۆرسەکانیان کە بریتین لە: دووبارە وەرگرتنەوەی یارمەتی لە (USAID)، یاخود تەرخانکردنی فەند لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان دوا رێگا ئەوەیە کە قوتابیان خۆیان پارەی خوێندنی خۆیان دابین بکەن.

لەمبارەیەوە ئاشکرایکرد "ئێمە قسەمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردووەو هیوامان زۆرە یارمەتیمان بدەن.

قوتابییەکان کە تەنها بۆیان هەیە بەزمانی کوردی لەنێو پۆلەکاندا قسەبکەن، خۆشحاڵی خۆیان بەبەشداربون لەم جۆرە کۆرسەدا دەربری.

دۆمێنیک ساڤیانی تەمەن ١٧ ساڵ، مەسیحی شاری کەرکوکەو ماوەی ساڵێکە لەگەڵ خێزانەکەیدا لەهەولێر نیشتەجێبوون، دۆمێنیک بەنیقاشی وت "ئێستا بەبێ کێشەی زمان، پێداویستییەکانم لەبازاڕ دەکڕمو لەقوتابخانەشدا بەکوردی لەگەڵ هاوڕێکانم قسە دەکەم."

وەک بەشێکیش لەبەرنامەی کۆرسەکە، هەموو هەفتەیەک فیلمێکی کوردی نمایشدەکرێتو قوتابیان گفتوگۆی لەسەر دەکەن، هەروەها بەم دواییانە گروپ گروپ سەردانی سوپەرمارکێتو شوێنە گشتییەکان دەکەن تا لەگەڵ خەڵکدا بەکوردی بدوێن، ئەمە جگە لەوەی هەندێ جاریش ئەفسەری هاتوچۆ بەزمانی کوردی لەپۆلەکاندا باسی یاساکانی هاتوچۆیان بۆ دەکاتو لەگەڵ زاراوەکانی هاتوچۆ بەزمانی کوردی ئاشنایان دەکات.

مەبەستی سەرەکی بەشی زۆری بەشداربووانی ئەم کۆرسە، درککردنیانە بەگرنگێتی فێربوونی زمانی کوردی، بەو پێیەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، ئەمە جگە لەوەی گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی گەر زمانەکە نەزانن، هەلی کاریان دەستناکەوێت.

باسم عومەر ئەندازیارێکی بەغدییەو ئێستا لەهەولێر ژیان بەسەردەبات، ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا لەکوردستاندا نیشتەجێیەو پێویستە زمانی کوردی بزانێت، ناوبراو بۆ نیقاشی ئاشکراکرد "بۆ داواکردنی کار چوومە کۆمپانیای کۆکاکۆلا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردی نازانم، کارم دەستنەکەوت، بۆیە بڕیارم دا زمانەکە فێر بم."

لەئێستادا ئەم کۆرسە ناوبانگێکی زۆری لە نێو عەرەبەکاندا هەیە، بەڕێوەبەرەکەی تواناسازیی لاوان روونیکردەوە "ژمارەیەک لەبەڕێوەبەرو راوێژکاری عەرەب کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا دامەزراون، داوایان کردووە کۆرسی تایبەتیان بۆ بکەینەوە"، ئەمە جگە لەوەی هەمان داوامان "لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراقیش بۆ هاتوە."

***لەسایتی نیقاش وەرگیراوە.**

# روونکردنەوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوکەوە سەبارەت بەهەواڵێکی رۆژنامەی دەستوور

لەژمارە (١٨)ی رۆژی (٢٠١٠/٢/١٠)دا رۆژنامەی دەستوور لەلاپەڕە (١)دا هەواڵێکی بڵاوکردبووەوە لەژێر ناونیشانی (گومان دەکرێت دەزگای پاراستن لەپشت پشێوییەکانی چەمچەماڵەوە بێت) کە لەو بابەتەدا ناوی عەمید (هەڵو نەجات) بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوک هاتووە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بابەتە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک بەپێویستی زانی ئەم روونکردنەوەیە بدات:

وەک روونو ئاشکرایە دەزگای ئاسایش بۆ بەرقەرار بوونی ئەمنو ئاسایشو پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان دامەزراوە، نەک بۆ نانەوەی پشێویو ئاژاوە، بۆیە دەمانەوێت لەم روونکردنەوەیەدا ئەو پڕوپاگەندانە رەتبکەینەوەو روونیبکەینەوە بۆ هاووڵاتیان کە نە بەڕێوەبەرو نە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوکو نە دەزگای پاراستن نە لەدوور نە لەنزیکەوە دەستی نییە لەو نا ئارامیو رووداوانەی کە لەشارۆچکەی چەمچەماڵدا روودادەت، وەک ئاشکرایە زۆربەی رووداوو کێشەکانی چەمچەماڵ کێشەی کۆمەڵایەتینو هاووڵاتیانی ئەو شارۆچکەیەش باش دەزانن کێن ئەوانەی کە دەستیان هەیە لەو نا ئارامیو لەپشت ئەو کوشتنو ئاژاوانەوەنو ئەو کارمەندەی ئاسایش کە لەو بابەتەدا ناوی هاتووە پێشتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە هەر بەو هۆیەوە تەقەی لێکراوە نەک بەفەرمانی بەڕێوەبەری ئاسایش، کەسیش بریندار نەبووە، جەخت دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک بەهیچ شێوەیەک دەستێوەردانو ئاژاوە دروست ناکات نە لەو شارۆچکەیەو نە لەهیچ شوێنێکی دیکەش، بەڵکو بەردەوام دەبێت لەراوەدوونانو سزادانی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئاژاوەو دووبەرەکی دروستبکەنو ترس بخەنە ناخی هاووڵاتیانەوە، ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە بەهیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر هانمان دەدات بۆ بەردەوامبوون لەسەر پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیانو خولقاندنی کەشێکی ئارام بۆ تەواوی دانیشتوانی شاری کەرکوک بەسەرجەم نەتەوەکانەوە، دووپاتیدەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک بەهەموو شێوەیەک یارمەتیدەری ئاسایشی چەمچەماڵو دەوروبەری دەبێت لەپێناو بەرقەراربوونی ئەمنو ئاسایشو پاراستنی گیانی دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە، لەکۆتاییدا داوا لەرۆژنامەی دەستوور دەکەین کە خۆیان دووربگرن لەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە پڕوپاگەندەو درۆیانە، بەپێچەوانەوە گەر جارێکی دیکە هەواڵی لەوجۆرە بڵاوبکەنەوە ئەوا لەرێگای یاساوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک**

# لەساڵیادی دەستگیرکردنی ئۆجالاندا باکووری کوردستان مانیگرت


ئا: محەمەد عەلی کەمال


لە١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا، عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی پەکەکە لەپیلانێکدا لەلایەن میتی تورکیو بەهاوکاری چەند وڵاتێک، لەوڵاتی کینیا دەستگیرکراو بەرەو تورکیا هێنرایەوە.

هەموو ساڵێک لەیادی دەستگیرکردنی ئاپۆدا کوردان لەزۆرینەی شوێنانی دنیاوەو بەتایبەتی لەباکووری کوردستان خۆپیشاندان بۆ ئازادی ئۆجالان سازدەکەنو دەستگیرکردنەکەی پرۆتستۆ دەکەن، ئەم ساڵیش چ لەوڵاتانی ئەورووپاو چ لەباکووری کوردستان چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدران.

سایتی فورات بڵاویکردەوە لەهەریەک لەشارەکانی ئامەد، وان، هەکاری، ئاگریو موشو چەندین شارو شارۆچکەی دیکە دوکاندارەکان وەک ناڕەزایی دەربڕین دوکانەکانیان نەکردۆتەوە.



کوردەکانی باکور داوای ئازادکردنی ئۆجەلان دەکەن

**لەشارەکانی کوردستان ژیان وەستا**

لەشاری ئامەدو شارۆچکەی بیسمیلو سیلڤانی سەر بەو شارە لەڕۆژی ١٥ی شوباتدا نزیکەی تەواوی دوکاندارانی ئەو شارە دوکانو شوێنەکانی کارکردنیان نەکردەوە، بەجلی ڕەشەوە لەبەردەم شوێنی ئیشەکانیاندا راوەستان وەک ناڕەزاییەک دژ بەدەستگیرکردنی ئاپۆ، هەروەک خوێندکارانی شارەکەش بایکۆتی چوونە قوتابخانەیان کردو ئەو شارە لەو ڕۆژەدا هیچ پشێویو نائارامییەکی بەخۆوە نەدی، هەروەک لەشارۆچکەکانی بیسمیلو باغڵارو سیلڤان ڕێپێوانی هێمنانە سازکران.

لەشاری باتمانو شاری ماردینو شارۆچکەکانی وەک کزڵ تەپەو نوساییبینو دەریکو مازی داغو دارگەچیتی سەر بەو شارەی کوردستانیش، زۆرێک لەدوکانەکانی شارەکە جگە لەنانەواخانەو دەرمانخانەو شوێنە حکومییەکان، داخرابوونو هێمنییەکی سەرتاسەری باڵی بەسەر شارەکەدا کێشابوو، جگە لەوانەش هاووڵاتیان جلی ڕەشیان لەبەرکردو قوماشی ڕەشیان بەماڵەکانیاندا هەڵواسیبوو، خوێندکارانی ناوەندیو دواناوەندییەکانیش نەچوونە قوتابخانەو زۆرێک لەخوێندنگەکانیش وانەی تێدا نەخوێنرا.

ماڵپەڕی فورات بڵاویشیکردۆتەوە ڕۆژانی یەکشەممەو دووشەممەی ئەم هەفتەیە هێزە ئەمنییەکان لەتەواوی شارۆچکەکانی سەر بەشاری ماردین ڕێوشوێنی ئەمنی زۆر توندیان گرتۆتەبەر، لەشاری شرناخو شارۆچکەکانی ئیدیلو جزیرەو سلۆپی مانیان لەکردنەوەی بازاڕ گرتو خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بینای لقی بەدەپەی شارۆچکەی سلۆپیش بەقوماشی ڕەش داپۆشرابوو.

لەشارۆچکەی دۆغوبەیازیتی سەر بەشاری ئاگری جگە لەوەی بازاڕەکان نەکرانەوە، هاووڵاتیانی شارۆچکەکە ڕۆژانی یەکشەممەو دووشەممە مانیان لەخواردن گرتو دواتر لەبەردەم بینای بەدەپەدا ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆژنامەوانیان پێشکەشکرد. لەشاری هەکاریو شارۆچکەکانی یوکسەکۆڤاو شەمدینلیو چوکورجای سەر بەشارەکەو لەوانو شارۆچکەی باشکالەو شارۆچکەی بولانکی سەر بەموشیش دیمەنەکانی ژیانی هاووڵاتییان هیچی لەو شارانەی پێشوتر جیاوازتر نەبوو، جگە لەوەی پۆلیس ڕێوشوێنی ئەمنی توندی تێدا گرتبوونەبەر، هەر لەهەکاری پێکدادان لەنێوان پۆلیسو خۆپیشاندەراندا روویداو ٥ کەس بریندداربوون کە دووانیان پۆلیسن.

**خۆپیشاندان شارەکانی تورکنشینەکانیشی گرتەوە**

لەهەرسێ شاری ئەدەنەو مەرسینو ئەستەنبوڵی تورکیا خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژ بەدەستگیرکردنی ئاپۆ سازکرانو لەشاری ئەستەنبوڵیش پێکدادان لەنێوان پۆلیسو خۆپیشاندەراندا ڕوویدا، لەئەدەنە خۆپیشاندەران ئاژاوەیان نایەوەو تایەیان سوتاندو شەقامە سەرەکییەکانیان گرت، هێزەکانی پۆلیسیش لەبەرامبەردا گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوەپێکردنیان بەکارهێنا.

لەمەرسینیش کوردەکانی شارەکە بازاڕیان نەکردەوەو چالاکییەکانیان درێژە پێدا کە چەند ڕۆژێکە بەردەوامن لەسەری، لەزۆرینەی گەڕەکەکانی شاری ئەستەنبوڵ خۆپیشاندان سازکراو لەگۆڕەپانی تەقسیم هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران چەندین جار گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناو گۆڕەپانەکە بوو بەگۆڕەپانی پێکدادانی هاووڵاتیانو هێزەکانی پۆلیسو ژمارەیەکی زۆریش لەخۆپیشاندەران دەستگیرکران.

**سەدان کەس لەهاووڵاتیانی کورد لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکران**

لەڕۆژانی ١٤و ١٥ی ئەم مانگەدا حکومەتی ئاکەپە ڕەشبگیرییەکانی کە ماوەیەک بوو وەستاندبوو، دەستپێکردەوە، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین بەرپرسو سەرۆک شارەوانیو ئەندامی سەر بەپارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)و ژمارەیەکی زۆر چالاکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەستگیرکراون، لەشاری ماردین هێزە ئەمنییەکان ٢٠ کەسیان لەبەرپرسانو ئەندامانی بەدەپە دەستگیرکردووە، لەشاری سییرت ١٧ کەسو لەباتمان ٣٣ کەس کە دووانیان منالْن کە ١٤یان منالْنو لەوان ٨ کەسو لەئامەد ٣٥ کەسو لەئاگری ١٧و لەهەکاری ٣١ کەسو لەبتلیس ١ کەس قۆڵبەست کراون، لەموش ٦ کەسو لەعەنتاب ٥٠ کەسو لەئورفە ٣٣ کەسو لەئەدەنەش ١٥ کەسو لەئەستەنبوڵ ژمارەیەکی زۆر کەس دەستگیرکراون، لەشاری مەرسینیش ٤٤ کەسو لەئیغدر ١٦ کەس ڕەوانەی لێکۆڵینەوە کراون. ئەگەرچی تا ئێستا ژمارەی کۆتایی دەستگیرکراوەکان نازانرێ، بەڵام تەنها لە ڕۆژی (١٥)ی شوباتدا (١١٠) کەس دەستگیرکراون کە (٣٥)یان منداڵن.

# ئاکەپە، جەهەپەو مەهەپە بەرەو کوێ؟


تەما ئاکیۆڵ


عەبدوڵڵا گیولی سەرکۆمار بە گوتنی ئەوەی کە لە پەرلەمان هەلی دروست کردنی دەستوورێکی نوێمان لەدەست چوو،تا ڕادەیەکی زۆر قسەیەکی ڕاستی کرد، چونکە هەڵکشانی شەڕی نێوان پارتەکان بۆ ئەو ئاستەی کە بە عەقڵدا نەدەچوو، ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە دەستووردا یەکجار قورس کرد. ئەی کێ تاوانبارە لەمە؟ هەرکەسێک پارتەکەی تر بە تاوانبار دەزانێت بەڵام سەرنجام گۆڕانکاری لە دەستووردا بوو بە کارێکی قورس. لەو ڕووەوە بەداخەوە ئەو وتەیەی گیول کە وتی "ئەم پارلەمانە هەلەکەی لەدەستدا" وتەیەکی واقیعییە.گیولیش خۆی ئەمەی بە خەمەوە دەربڕیبوو،بەڵام وەک ئەوەی بەخۆشحاڵییەوە گوتبێتی یان وان نیشاندابێت،کەسانێک هێرشیان کردە سەری.گیولیش ڕایگەیاند لەپشت ئەم هێرشانەوە نییەتێکی شاراوە هەیە،ئەو نییەتە شاراوەیەی کە گیول ئاماژەی بۆ کرد هەمان ئەو نییەتە سیاسییەیە کە لە ئەگەری جارێکی دیکە هەڵنەبژارنەوەی گیولەوە سەرچاوە دەگرێ؟ من هیچ لەو بارەیەوە ناڵێم.بەڵام بۆ دۆزینەوەی ئەو واتایە لەو وتانەی گیولدا تەنها پێویستە ئەوەندە سەر بە لایەنێک بێت کە ئەو پەیوەندییانە نەبینی کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە دەستوردا.

**ئایا ریفراندۆم کەوێکی راوکراوە؟**

پێش هەموو شتێک تێپەڕاندنی هەر گۆڕانکارییەک لەدەستووردا لەپەرلەمان کارێکی قورسە، ئەمە لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانیشەوە گوتراوە، دووەمیش ئەگەر گۆڕانکارییەک لەدەستووردا بەدەنگی پارتی دەسەڵاتدار لەپەرلەمان تێپەڕی، خۆ ریفراندۆم کەوێکی راوکراو نییە، پەیوەستە بەهەلو مەرجەکانەوە، کاتێکیش سەیری هەڵسوکەوتی دنگدەر دەکەین لەتورکیاداو شیدەکەینەوە ئاڕاستەیەک هەیە بەرەو ئەم ساتە وەختە، ئەگەر هەڵبژاردنێک یان رێفراندۆمێک لەسەر بابەتەکانی وەک کودەتا، کودەتایەکی دادوەریی، یان سەرپۆش کە بابەتی رۆژن لەفەزایەکی پڕ گفتوگۆو مشتومڕدا ئەنجامبدرێت ئەوا بەقازانجی ئاکەپە تەواو دەبێت.

وەک چۆن لەڕابردوودا بەقازانجی دەپەو ئاپەو ئاناپ تەواوبووە، دوایین نمونە بریتیە لەیاداشتی ٢٧ی نیسان، کودەتای ٣٦٧ی دادگای دەستووری، یان گریمانەی ئەوەی کە ئەگەر کەسێک هاوسەرەکەی سەرپۆشی لەسەردابوو، ئەوا ناتوانێت ببێتە سەرکۆمار، سەرەنجام ئاکەپە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا لەسەدا ٤٧ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لەریفراندۆمەکەی ئۆکتۆبەریشدا لەسەدا ٦٧ی دەنگەکان بەڵێ بوون! مەهەپەیو دەپەیو سەپەییەکانیش وتبوویان بەڵێ، ئەی چۆن نایڵێن یان گەر بڵێن وا نییەو ئەگەر بابەتی رۆژ چەند شتێکی جیاوازی دیکە بێت ئەوا بارودۆخەکەش جیاواز دەبێت، تورگوت ئۆزاڵی خوالێخۆشبوو لەبەهێزترین قۆناغە سیاسییەکانیدا کوێربوو لەئاستی بینینی ڕووداوەکانداو بۆ هێنانە پێشەوەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ریفراندۆمی ئەنجامدا، ئەو کاتە شتێک لەمێشکی خەڵکدا چەسپیبوو کە "دەرسێکی وا بدەنە ئۆزاڵ بۆ ئەوەی ببینێ هەرچییەک کە ویستی ناتوانێ ئەنجامی بدات"، هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی ئۆزاڵ یەکەم گورزی سەر سندوقی لەژیانی سیاسی خۆیدا بەربکەوێت.

**کامە پارت بەرەو کوێ؟**

لەلێکۆڵەرەوەیەکی سەرکەوتووم پرسی لەوانەی لەبواری رای گشتیدا کاردەکەن، ئەو وتی: هەڵبژاردن یان ریفراندۆم ئەگەر لەسەر ئەو بۆچوونانە بێت کە ئاکەپە بەرگری لێدەکات ئەوا ئەو پارتە بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر لەفەزایەکدا کە تاوتوێی ئابووریو شێوازی بەڕێوەبردن یان لەسەر خودی ئاکەپە بکرێت ئەوا ئاکەپە ڕووبەڕووی لەدەستدانی دەنگی جەماوەر دەبێتەوە، ئەم وێنەیە وێنەی ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیای فەرمی لەلای ئێمە پەیوەندی بەگەلەوە نەماوەو لێپچڕاوە، هەر ئەوەشە کە پیشانی دەدات جەهەپە بۆ لەو قەبارەیەی کە تێیدایە زیاتر گەورە نابێت، کەمال کلچدارئۆغلو (جەهەپە) دەڵێت: کێشەی سەرپۆش ئێمە چارەسەری دەکەین، بەدڵنیاییەوە کە دەبێ بتوانن سەرپۆش لەسەران بچنە نێو زانکۆکانەوە، ئەم قسە جوانانە دەکات، وەک ئەو هەڵسوکەوتانەی لەماڵە هەژارەکان هەیەتی، بەڵام ئایا جەهەپە کامیانە؟ ئایا ئەوە جەهەپەیە کە کلیلی ئاسنینی بەدەسەڵاتی دادوەریدا لەیاسای قەدەغەکردنی سەرپۆش؟ یان ئەوەیە کە لەقسەکانی کلچدارئۆغڵودایە؟! بەکورتی داهاتوو کۆترێک نییە هیچ کەسێک راوی کردبێت، چ هەڵبژاردنو چ ڕێفراندۆمیش بەپێی ئەولەویەتی بابەتی ئەو فەزایەی کە تێیدا ئەنجامدەدرێ، ئەنجام دەدات بەدەستەوە، لەم قۆناغەدا تەنها دەتوانم قسە لەسەر چەند گریمانەیەک بکەم کە پێدەچێت بۆ ئاکەپەو جەهەپەو مەهەپە راست بن، پیشاندانی هێزی لەڕادەبەدەر دەبێتە هۆی خولْقاندنی ترسو هەستی دەربازبوون، کاردانەوەو بەرەنگاری یاسایی دروستن، هەمیشە خواستی نانو ئازادی گرنگن، نەک ئەو کەسەی کە هاوار دەکات، بەڵکو ئەوەی کە بەعەقڵ قسە دەکات دەتوانێ بەرامبەرەکەی قایل کات، کامە پارت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ، پەیوەستە بەم گریمانانەوە.

**و. لەتورکییەوە: محەمەد عەلی خەفاف/ ڕۆژنامەی میللییەت**

# "ئێران حکومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت"

## عەبدوڵڵای حەسەنزادە بۆ دەستوور


سازدانی: هیوا سەلیمی

**عەبدوڵڵای حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پێگەی ئێران روو لەکزی نییە، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی کە شیعە مەزهەبنو حیزبی شیعە مەزهەبی تێدایە، حەسەنزادە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئێران دەستوەردەداتە کاروباری عێراقو وڵاتانی دراوسێو تەنانەت سڵ لەوەش ناکاتەوە دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تری جیهان.**

**حەسەنزادە رەخنە لەسیاسەتی "دوو روویی" ئێران دەگرێت کە خۆی بەدۆستی هەرێمی کوردستان نیشاندەدات، بەڵام لەهەمانکاتدا تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان دەکات.**

**دەستوور:** هەروەک خۆشتان ئاگادارن کۆماری ئیسلامی ئێران لەدەیەکانی رابردوودا خاوەن هێزو نفوزێکی زۆربوو لەناوچەکەداو هەروەها خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی بەهێزی مەعنەوی لەلانیکەم بەشێک لەوڵاتانی ئیسلامی بووە، کەچی ئێستاکە بەپێچەوانە باس لەوەدەکرێت کە ئەم کاریگەریو نفوزە روو لەکزبوونە، رای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە ئاواتمان ئەوەبێ کە نفوزی کۆماری ئیسلامی لەلای وڵاتانی دراوسێ روو لەکزی بێ، بەڵام من پێموایە ئەمەیان زیاتر لەنێوخۆی وڵاتدا رەنگدەداتەوە، لەبەرئەوەی لەنێوخۆی وڵات، خەڵک تەنیا دروشمەکانی حکومەتی ئێران نابیستێ، بەڵکو رەفتارو کردەوەی ئەو سیستمە دەرحەق بەخۆی دەبینێو بەهەموو وجودیانەوە ئەو زوڵمو زۆرە دەچێژێ، بۆیە بەبێ گومان نفووزو خۆشەویستی ئەو رژێمە لەپێش چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەهەموو نەتەوەکانییەوە، بەهەموو حیزبە سیاسییەکانییەوە، بەهەموو بیروباوەڕە ئایینیو مەزهەبییەکانەوە زۆر زۆر دابەزیوە، بەڵام لەنێو خەڵکی وڵاتەکانی دەوروبەرو رای گشتی ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی ئەوانەی لەباری مەزهەبییەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکن، یانی شیعە مەزهەبن، باوەڕ ناکەم ئەوە لەکەمی دابێ، لەبەرئەوەی ئەوان دروشمو قسەکانی رێبەرانی ئەو نیزامە دەبیستن، بەڵام ئاگایان لەکردەوەکانی نییە، کردەوەکانی روویان لەوان نییەو تەنانەت پێچەوانەی ئەو بابەتەشە، لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەماسی فەلەستین، لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبناندا نەک هەر زوڵمو زۆری بۆیان نییە، بەڵکو پشتیوانیشیان لێدەکاو لەباری مادییەوەو لەباری سەربازییەوە، بەهێزیان دەکا، بۆیە پێناچێ لەنێو ئەواندا نفوزی هاتبێتە خوار، بەشێوازێکی دیکە، بڵێین، رەنگە لەلای دەوڵەتەکانی دراوسێ دیسانەکە ئەو نفوزە هاتبێتە خوارێ بە هۆکاری ئەوەی ئەو دەیەوێ دەست لە کاروباریان وەردا، دەیەوێ خەڵکیان لێهانبدات، ئەمە راستە، بەڵام لەنێو بیروڕای گشتی خەڵکی ئەو وڵاتانەی دراوسێ، من لەو بڕوایەدانیم کە نفوزی هاتبێتەخوار.



عەبدوڵڵای حەسەنزادە

**دەستوور:** بەردەوام ئەم مەسەلەیە دووبارە دەبێتەوە کە لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، حکومەتی ئێران یەکێک لەکارەکتەرە چالاکەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بووەو هەیە، وەک ئێوە ئاگادارین ئەم دەستێوەردانانە لەچ رێگاگەلێکەوە ئەنجامدەدرێو ئامانجەکانو ستراتیژییەتی ئەم سیاسەتە کامانەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە هیچمان لەتەواوی چەندو چوونی دەستێوەردانەکانی ئێران لەعێراق یان لەوڵاتانی دیکەی دراوسێ یان لەوڵاتانی دوورتر ئاگادار نین، بەڵام لەجۆرەکەی ئێمەشو خەڵکی وڵاتانی دراوسێش ئاگادارین، ئەم دەستێوەردانانە لەکاروباری وڵاتان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە رێگای جۆراوجۆری هەیە، پێش هەمووشتێک هەر وەکو پێشتر باسمان کرد ئەو نفوزە مەزهەبییەی کە حکومەتی ئێران هەیەتیو هەروەها ئەو پڕوپاگەندە زۆر فریودەرانەی کە حکومەتی ئێران بەناوی دینو خواو ئەڵڵاوە دەیکات، توانیویەتی لەسەر خەڵکی بەبیروباوەڕی مەزهەبی لەگەڵ هەموو رێزمدا بۆ هەموویان، بەڵام بەنیاز پاکییەوە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە لای ئەوانە نفوز دابنێو بتوانێ دەستێوەردان بکا، بەلای خۆی رایانبکێشێت بەدژی دەوڵەتەکان هانیان بدا، با دەوڵەتەکان رەفتارەکەشیان جۆرێک نەبێ کە بڵێین خەڵکەکەیان هەمووی لێی رازین، دەستێوەردانەکە دەگەیەنێتە ئەوەی کە هەندێک گروپی وابەستە بەخۆی دروستبکا، پارەیان بداتێو بیەوێ لەوڵاتەکەی خۆیاندا ئاژاوەیان پێسازبکا، ئەم سیاسەتە بەرەو ئاستێک بەرێ کە ئەم گروپو ئەو گروپو ئەم حیزبو ئەو حیزبو تەنانەت دەوڵەتەکان لەدژی یەکتر بوەستنەوە، جگە لەوەش ئێستا ئێتر بۆ کەس شاراوە نییە کە بەرێگای جۆراوجۆردا تەنانەت چەک بۆ هەندێک لەوڵاتان دەنێرێ، نەک هەر بۆ وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکو بۆ وڵاتانی دووریش، بۆ نمونە ئێمە تەنانەت دەبینینو دەبیستین کە لەهوڵەندا کەشتی دەگیرێ کە مووشەکی ئێرانی پێیە، بەگشتی ئەم سیاسەتە جۆراوجۆرەو هەموو لایەنە مەعنەویو ئابووریو داراییو سەربازییەکان دەگرێتەوە.

**دەستوور:** ئەم سیاسەتە لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆنە؟ بۆ وێنە دەبیندرێ ئەمڕۆ رێککەوتنێک لەنێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی دەکرێو کەچی سبەینێ ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من بەش بەحاڵی خۆم لەشێوازی ئەو رێککەوتننامانەی کە لەنێوان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیو هەرێمی کوردستاندا واژۆ دەکرێن ئاگادار نیمو نازانم چۆنن، بەڵام بەداخەوە پێموایە تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو سیاسەتی فریودەرانەو دووڕووانەی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرەف نییە، بەڵکو بەناوی حیزبەکانەوە هەندێک رێککەوتن واژۆ دەکا، لەگەڵ پارتی لەگەڵ یەکێتی لەگەڵ حیزبێکی دیکەو ئوسولەن دان بەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نانێ، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاساییەو شتێکی دەستورییەو دەوڵەتەکەی خۆی بەفەرمی ناسیویەتیو لەگرنگترین یاساکانی وڵاتی عێراقدا کە بریتیە لەدەستوور یا وەکو لەئێراندا دەڵێن یاسای بنەڕەتی، ئەمە دەکات، دواتریش بۆ هەمووان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو کەس فرتوفێڵی هەیە، بەڵام لەمامەڵەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەروانگەیەکی دەسەڵاتدارانەو خۆ بەزل زانییەوە رەفتاردەکا، زۆرجار دەبینین نوێنەری حکومەتی ئێران لەهەرێمی کوردستانەو هەر لەوکاتەدا تۆپخانەکانی حکومەتی ئێران، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن یان بەپێچەوانەوە، دەبینین نوێنەرانی حکومەتی هەرێم بانگهێشتی ئێران کراون، نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەتارانن، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێرە تۆپباران دەکرێ، گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک چاوی بەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، ئەو وەختەی کە دۆستایەتیشی دەکا بۆ ئەوەیەتی لەرێگای دۆستایەتییەوە زەربەیەکی لێبدا قەت نایەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر ببێو لەجێگەی خۆیدا راوەستێ، چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران دژی مافو ئازادییەکانی گەلی کوردن لەهەر جێگایەکی کوردستان بێ.

**دەستوور:** ئێوە باس لەوە دەکەن کە حکومەتی ئێران چاوی بەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، بەبڕوای ئێوە هەبوونی کیانێکی سیاسیی کوردی لەعێراق تا چەند توانیویەتیو یان دەتوانێ کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانو بەتایبەت لەسەر رۆژهەڵات دابنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر ئاڵوگۆڕییەک لەهەرکام لەبەشەکانی کوردستاندا پێکبێ، بەباشو بەخراپ بەدەستکەوتو بەنوشستیهێنان کاریگەرییێکی ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە، ئاشکرایە بەشەکانی کوردستان هەموویان بەشی یەک وڵاتن، بەشی یەک میللەتن کە بەخۆشیو ناخۆشی یەکتر بەدڵنیاییەوە دڵخۆش یان دڵگران دەبن، بەسەرکەوتنی یەکتر خوشحاڵنو بەنوشوستییەک کە بەسەریاندابێ، تێکدەچنو ناڕەحەت دەبن، دەتوانن لەئەزمونەکانی یەکتر وانە وەربگرن، سەرکەوتنی لایەکیان دەتوانێت ئومێدێک بۆ سەرکەوتوویی بەلایەکی دیکە فەراهەم بکا، بەڵام هەر وەکو باست کرد شوێن دانانی ئەم دوو بەشەی کوردستان لەسەر یەکتر واتە باشوورو رۆژهەڵات، بەرچاوترە لەشوێن دانانی ناوچەکانی دیکە لەسەر یەکتر، بەهۆکاری ئەوەی کە لەکۆنەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی بەرینترو پتەوتر لەنێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەبووە، رەنگە زۆر هۆکار هەبن، یەکێکیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لەهەردووبەشی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچەیەدا بووە کە هەم پێکەوە هاوسنوورن، ئەو سنوورە دەستکردە کە دروستبووە، هەم لەباری زاراوەی زمانییەوەو هەم لەباری مەزهەبییەوە یەکن، هەردووکیان ئەوەی بەشێوەی گشتی دەڵێن سۆرانی زمانن، هەردووکیان سونە مەزهەبن، هەردووکیان کەوتوونەتە ناوەندی کوردستانەوە، پاشان لەوەختی تەنگانەدا لەکوردستانی ئێران کە فشارێک هاتووە خەڵک پەنای بۆ ئەم بەشەی کوردستان هێناوە، لەباشووریش بەپێچەوانەوە کە فشاریان بۆ هاتووە روویان کردووەتە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دووانە کارگەریان لەسەر یەکتری زیاترە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئەوەی زیاتریش بێ هەر ناڕاستەوخۆیە، ئاڵوگۆڕ لەتاراندا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کرماشانو سنەو ورمێو نەغەدە هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ لەسلێمانی لەسەر مهاباد شوێنەوارەکەی ناڕاستەوخۆیە، لەبەرئەوەی کە بەشێک لەوڵاتێک نین بەشێوەی فەرمی، بەس بەهەرحاڵ کاریگەری هەر دەبێ.

**دەستوور:** وەک خۆشتان ئاگادارن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق نزیک دەبینەوەو پروپاگەندە بۆ ئەو پرۆسەیە دەستیپێکردووە، نەبوونی هاودەنگییەکی تۆکمە لەنێوان لیستو قەوارە سیاسییەکانی کوردستان ئەگەرەکانی لاوازبوونی پێگەی کورد لەناوەندەکانی بڕیاردانی عێراقی زیادکردووە، لەئەگەری روودانی ئەم حاڵەتەدا چ کاریگەرییەک لەسەر پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی نیشتەجێ لەکوردستانی باشوور دادەنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هاودەنگ نەبوونی کوردەکان لەپەرلەمانی عێراقدا کەهیوادارم قەت شتی وا نەیەتە پێشێ، زیان بەئەزمونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ کە ئەو زیانە ئەگەر بەشێوەی ناڕاستەوخۆشە، زیانە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، دیارە من لەو بڕوایەدام لەپەرلەمانی عێراقدا کوردەکان هەرچەند بەچەند لیستیش دەچنە نێو هەڵبژاردنەوە، پێموانییە لەوێدا لەسەر پرسی نەتەوەیی لێکجیاببنەوە، بەڵام لەهەرحاڵداو بەباوەڕی من ئەگەر بەیەک لیست بونایە، سەنگو قورساییەکی دیکەیان دەبوو، هێزێکی دیکەیان دەبوو، نەک بۆ دژایەتی نێوخۆ، ئەوان بۆ دوژمنایەتی ناچن، بۆ هاوکاری دەچن، نوێنەرانی کورد دەچن لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبو تورکمانو بەشەکانی دیکە پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێ، مەسەلەکە بەرامبەرکێ نییە، بەڵام ئەگەر هاودەنگ بن زۆر زۆر باشترە یانی بەهەموو لایەنەکان لانیکەم فراکسیۆنێک پێکبێنن، وەکو بڵێین کارەکتەری کوردی لانیکەم هەوڵبدەن بەیەک دەنگ بچنە نێو قەزایای ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەماندا پێشنیار دەکرێن، بەڵام ئەوەی کە لەسەر کوردی رۆژهەڵات یان کوردی بەشەکانی دیکە شوێنەواری دەبێ یان نابێ، من پێموایە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە پەیوەندییان بێرەوە هەیە یان تێکۆشەرانیان لێرە هەن، نابێ ئەژماری خۆیان لەسەر ئەوە بنیاد بنێن کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بارودۆخی چۆنە، چونکە بەهەرحاڵ کوردی بەشەکانی دیکە لەعێراقدا بەشێک نین لەو مەسەلەیە، کوردستان لەنێو چوار وڵاتدا دابەشکراوەو ئەو بەشە پەیوەندیی بەو کوردانەوە هەیە کە دانیشتووی باشووری کوردستانن. بەو حاڵەش ئاشکرایە بەهێزبوونی کورد لەکوردستانی عێراقدا یان لەپەرلەمانی عێراقدا دیسانەکە با کاریگەرییەکە ناڕاستەوخۆش بێ، بەقازانجی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستانە، بەتایبەتی لەسەر ئەو هێزە سیاسییە کوردانە کە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ ئەوەی کە وتم راستەوخۆ نە لەسەر هەموو کورد کاریگەری دادەنێو نە لەسەر ئەو هێزە سیاسیانەی کە لێرەدان یان بنکەیان هەیە یان تێکۆشەرانیان لەم بەشەی کوردستاندا ژیان بەسەردەبەن

**دەستوور:** بەڵام نیگەرانییەکە لەوێوەدێت کە هەر ماوەیەک لەوەوپێش لەسەر دەستی حکومەتی عێراقی هێرش کرایە سەر موجاهیدینی خەڵقی ئێران؟ دیارە لەژێر کاریگەری شیعەکان کە لە ئێران نزیکن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من بەهیچ شێوەیەک نامەوێ پێشبینییەکی وا بکەم کە حکومەتی عێراق رەفتارێکی ئاوا لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردەکان بکا، من پێموایە ئەوەی لەسەر موجاهیدین کرا شتێکی باش نەبوو، بەقازانجی عێراقو دەوڵەتی عێراقو یەک لەوان خودی دەوڵەتی مالکیش نەبوو، چونکە لانیکەم وەکو وڵاتێک کە خەڵکێکی تیدایە بەنێوی پەنابەر هەیمەنەی دێنێتە خوارەوەو شتێکی باش نییە، بەڵام لەبارەی هێزە کوردییەکانەوە من ئەوە نابینمو هۆکارێک نابینم بۆئەوەی ئەو رەفتارە لەگەڵ ئەوان بکرێ، چونکە نە پێکدادانێکیان لەگەڵ عێراق بووە، نە کارێکیان کردوە بەدژی حکومەتی ئێستای عێراق بێ، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خۆشحاڵ بوون بەئاڵوگۆڕێکی کە لەعێراقدا دێتە پێشەوەو بەچاوی هیواو ئومێدەوە سەیری دەکەن، راستە کاریگەریی دەوڵەتی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، بەتایبەت کە تا ئێستا وایەو رەنگە لەئایندەشدا هەر وابێ، جڵەوی حاکمییەت زیاتر بەدەستی شیعە مەزهەبەکانەوەیە، بەڵام پێم وا نییە ئەوە هۆکارێک بێ بۆئەوەی کە فشار بۆ هێزە کوردستانییەکان بهێننو هۆکارێک بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ ئەوان نییە، چونکە ئەوانەی لەسەر خاکی عێراق دەژین بەوانەشەوە کە لەسەر خاکی کوردستان دادەنیشن کە ئەویش بەشێکە لەخاکی عێراق، نە نیازی دەستێوەردانیان هەیە، نە شتێکیان دەوێ، غەیری ئەوە کە لەوڵاتی خۆیان لەسەر بیرو باوەڕ دەربەدەر بوونو دەیانەوێ لەم وڵاتە بحەوێنەوە تا رۆژێک دەرفەتی گەڕانەوەو ژیانێکی ئازادانەو سەربەرزانەیان لەوڵاتی خۆیان بۆ دەرەخسێ بەهەرحاڵ پێموایە هۆکارێکی ئاوا نابینم جگە لەوەش، وابزانم دەورانی سەوداکردن بەمرۆڤەکان بەسەرچووە، بۆ موجاهیدینیش رەنگە لەژێرەوە جاروبار شتێکی ئاواش بکرێت، بەڵام لەوبارەیەشەوە پێموایە دەوڵەتی عێراق ناتوانێ ساتو سەودا بەموجاهیدینەوە بکاو موجاهیدین بەئاسانی رادەستی ئێران بکاتەوە، چونکە دەورانی ئەو شتانە بەسەرچووە.

> ئێران نەک دەستوەردەداتە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو دەبیستین کەشتیەک لەهۆڵەندا دەگیرێت مووشەکی ئێرانیی پێیە!

> دەبینین نوێنەرانی حکومەتی هەرێم بانگهێشتی ئێران کراونو نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەتارانن، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێرە تۆپباران دەکرێ.



دزی دەگاتە جانتای مامۆستایانیش

لاپەڕە ١٥

# دڵنیا: پێیاندەوتم خەپە

سیزار سەلیم لەهەولێر

**دڵنیا قەرەداغی دەڵێت ئەگەر گۆرانیبێژ نەبوومایە، رەنگە ببوومایە بەبێژەری دەنگوباس، چونکە زۆر حەزم لەوبوارەیە. ئەو لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا وتی"کەمێک غیرە دەکەم، بەڵام حەزیشم بەو سیفەتەی خۆم نییە".**

دڵنیا قەرەداغی لەساڵی ١٩٩٥ یەکەم گۆرانی کە وتوویەتی بەناوی (ئەی یاران) بووە، دواتر چەند گۆرانییەکی تری تۆمارکردووەو لەسلێمانییەوە چووەتە هەولێرو دواتر رووی کردووەتە دهۆکو ماوەی چەند ساڵێک لەدهۆکو زاخۆ ماوەتەوەو دواتر گەراوەتەوە شاری هەولێرو تاوەکو ئێستاش لەو شارەدا نیشتەجێیە.

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەری بەرێزتان لەهەولێرو دواتر رووتانکردە دهۆکو زاخۆ، هۆکاری چیبوو؟

**دڵنیا:** سەرەتا کەدەستم بەکارەکانکرد، حەزم دەکرد لەهەموو شارەکاندا کاربکەم، بۆیە لەسلێمانی هاتمە هەولێرو چەند کارێکی هونەریمان پێشکەشکردو دواتر روومکردە دهۆک، لەوێ لەسەر داوای خەڵکی ئەو شارە مامەوەو زۆر کارمان پێشکەشکردو تارادەیەکی باش توانیمان کارێک پێشکەشبکەین کە خەڵکەکە حەزی پێیدەکرد، دواتر هاتمەوە هەولێر، بەڵام ئێستاش حەز دەکەم هەمیشە لەخزمەتی خەڵکی بادیناندابم، چونکی بەراستی زۆر رێزیان دەگرتم.

**دەستوور:** تۆ ئەوکات کارت لەگەڵ هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆی دەکرد، ئێستا پەیوەندیتان چۆنە؟

**دڵنیا:** ماوەیەکی زۆرە ئاگام لەبەرێزیان نییە، من خۆم بەقەرزاری ئەو دەزانمو یەکێکم لەوانەی کەوا حەز بەدەنگی ئەو دەکەمو هیواداریشم هەمیشە لەکارەکانیدا سەرکەوتووبێت.

**دەستوور:** تۆ کە کارت لەبادینان دەکرد، هونەرمەندی ئافرەت لەوێ کەمە یان دەتوانین بڵێین نییە، نەدەکرا لەوێ بمایتایەتەوە؟

**دڵنیا:** وەکو مانەوەی بەردەوام کە لەوێ بژیم نەدەکرا، چونکە ئەوکاتی من لەوێ بووم، ماڵمان لەهەولێر بوو، بەڵام ئەوەندەی لەوێ مامەوە، چەند کارێک بوو دەبوایە ئەنجامی بدەین.

**دەستوور:** ئەی ئەگەر بڵێم ئەوەندەی کە کارت لەدهۆکو زاخۆ ئەنجامداو دواتر گەڕایتەوە هەولێر، کارکردن لەهەولێر خۆشترە یان لەدهۆک؟

**دڵنیا:** رەنگە ئەوە ئەستەم بێت تاوەکو بیڵێم، چونکە هەر شوێنێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا لەگەڵیان کارمکردووەو ئەوکاتەی لەدهۆک بووم، لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی زۆر بەڕێز کارمدەکردو ئاسودەبووم، کاتێک گەڕامەوە هەولێریش، کارم لەگەڵ چەند کەسانێک کردو لەگەل ئەوانیش ئاسوودەبووم، بەڵام ئەگەر وەکو جیاکارییەک بڵێم، دەتوانم بڵێم لەدهۆک ئاسوودەتر بووم.

**دەستوور:** هونەرمەندە ئافرەتەکانی ئێستا زیاتر لەسەر ستایلی ئەرەبێسک کاردەکەن، پێتوایە کارکردن بەو ستایلە خزمەت بەهونەری کوردی دەکات؟

**دڵنیا:** کارکردن لەسەر ئەو ستایلە تەنها بۆ چێژێکی کاتییە بۆ گەنجان، زیاتر گەنجان حەز بەو جۆرە ستایلانە دەکەن، ئەو جۆرە کارانە زوو لەلایەن خەڵکەوە وەردەگیرێنو زووش لەبیر خەڵک دەچنەوە، بەڵام ئەگەر بۆ خزمەتکردن بێت بەهونەری کوردی، پێموانییە ئەوجۆرە کارانە، خزمەت بەهونەری کوردی بکەن.

**دەستوور:** ئەو کەسانەی لەسەر ئەو جۆرە ستایلانە کاردەکەن، کارەکانیان لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە ئەنجامدەدرێت، چۆنە بەرێزتان لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کارتاننەکردووە؟

**دڵنیا:** تاوەکو ئێستا بیرم لەوەنەکردووەتەوە کار لەگەڵ کاک هەڵکەوتدا بکەم، بۆ کاری ئاوازەکان زیاتر خۆم ئەنجامیاندەدەمو هەندێک مامۆستای بەڕێزیش هاوکارم بوون.

**دەستوور:** تۆ وەکو هونەرمەندێکی ئافرەت، پێتوایە بۆچی تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە هونەرمەندی ئافرەت لەئاست هەندێ هونەرمەندی وەکو عەدنان کەریمو بەهجەت یەحیا و... هەبێت؟

**دڵنیا:** ئەگەر بۆ ناوەوەی کوردستان بێت، من کۆمەڵگا تاوانبار دەکەم، چونکە کۆمەڵگا رێگەی نەداوە هەندێ کەسی بەتوانا بەرهەمبێن، بۆ دەرەوەی کوردستانیش هەندێ هونەرمەندی زۆر باشمان هەن، ئەگەر لەئاست ئەو هونەرمەندانەش نەبن کە تۆ وتت، بەڵام لەوانەوە نزیکن.

**دەستوور:** ئەگەر باس لەهەندێ شتی تایبەتی بەرێزت بکەم، بەرێزت لەسەرەتای هاتنتان بۆ ناو بواری هونەری زۆر قەڵەو بوون، دواتر کێشی خۆت دابەزاند، ئێستا ئاسوودەتری یان ئەوکات؟

**دڵنیا:** وەکو ئاسوودەیی دوای کێش دابەزاندن ئاسودەتربووم.

**دەستوور:** ئەی چ کاریگەری بەسەرتەوە هەبوو؟

**دڵنیا:** لەرووی خۆشەویستیم لەلایەن جەماوەرەوە، کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو، ئەوکاتەی قەڵەو بووم زیاتر خۆشەویست بوومو پێیان دەگووتم خەپە، بەڵام لەگەڵ کێش دابەزاندنمدا، لەلایەن خەڵکەوە کەمتر خۆشەویست بووم.

**دەستوور:** ئەی لەگەڵ کاری ماڵەوەو خواردندا چۆنی؟

دڵنیا: لەکاری ماڵەوەدا من زۆر بزێومو تەمبەڵنیم، زیاتریش بەچێشتلێنانەوە سەرقاڵم، چێشتە کا نیشم خۆشن (بەپێکەنینەوە)، لەخواردنیش زۆر حەز بەشفتە دەکەم.

**دەستوور:** ئەگەر دڵنیا لەهونەر کارینەکردایە، دەبوو بەچی؟

**دڵنیا:** من زۆر حەزم بەبواری بێژەری دەنگوباس بوو.

**دەستوور:** دەڵێن غیرەش دەکەی؟

**دڵنیا:** کەمێک، حەز بەو سیفەتەی خۆم ناکەم کە هەمە.



# شوان عەتوف لەبۆنی سێودا

شوان عەتوف ئەکتەری گەنجی بەتوانا، لەفیلمی (بۆنی سێو) دا کە فیلمێکی سینەماییەو لەدەرهێنانی هونەرمەندی سینەماکار رێڤین عەسافە دەردەکەوێتەوە، باس لەژنێکی هەڵەبجەیی دەکات لەبەرامبەر بۆنی سێودا تێکدەچێت، چونکە هەمان بۆنی کیمیابارانکردنی دێنێتەوە یاد.

ئەو فیلمە بەرهەمی هاوبەشی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانو کۆمپانیای سینەمایی ئەڵمانی (کاستێل فیلم)ەو لەنواندنی ئەکتەری بەتوانا (شوان عەتوف) ەو لەشاری هەڵەبجەو هەولێر وێنەی گیراوە، بڕیارە ئەو فیلمە لەرۆژی ٣/١٦ی ئەمساڵ لەزانکۆی بەرلین نمایشبکرێت، هەروەهامان رۆژ بەبۆنەی کیمیا با را نکرد نی شاری هەڵەبجەوە لە سینە ما کا نی شاری کۆڵن نمایشبکرێت. هەروەها لەرۆژی ١٧ تا ٢٠ی هەمان مانگ، بەشداری لەفیستیڤاڵی فیلاند فیلم لەشاری کاپتاونی پایتەختی ئەفریقای باشووردا دەکات. فیلمەکە ماوەکەی کاتژمێرێکو بیست خولەکە.



# ماهیر حەسەن تەنز دەکات

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی، بەهاوکاری تیپی هونەری رەنگاڵە، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی زنجیرە درامایەکی تەنزن بەناوی (بابەحاجی).

زنجیرە دراماکە لەنواندنی هونەرمەندان ماهیر حەسەنو کەمال چالاکو ئەحمەد رەئوفو رێزان فەرەجو ئاڵا عومەرو ئاکۆ عومەرو چەند هونەرمەندێکی ترە.

وێنەگرو دەرهێنەری زنجیرە دراماکە لەلایەن کارۆخ تەهاوەیەو لەلێدوانێکیدا ناوبراو بەدەستووری وت "ئەم زنجیرە درامایە لە (تاشمەتاش) وەرگیراوەو دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، زنجیرە دراماکەش بەگشتی کۆمیدیایەکی هادفەو باس لەحاڵەتێکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کوردی دەکاتو لەچوار زنجیرە پێکهاتووەو ئێستا لەقۆناغی وێنەگرتنداینو دوو زنجیرەشیان کاری وێنەگرتنو مۆنتاژی تەواوبووە".

هونەرمەند ئەحمەد ڕەئوف کە یەکێکە لەهونەرمەندە بەشداربووەکانی ئەو زنجیرە درامایە، لەبارەی رۆڵەکەی خۆیەوە وتی "من رۆڵی کارەکتەر (شەفیق) دەبینم کە کوڕە گەورەی پیاوێکمو تووشی ئەنفلۆنزای بەراز بووە، ئەویش هونەرمەند (کەمال چالاک)ەو دواتر لێی بێزار دەبین".

# رۆژگارە تەریبەکان ٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەگێڕنەوە

زنجیرە درامای (رۆژگارە تەریبەکان) کە درامایەکی کۆمەڵایەتییەو لەسیناریۆو دەرهێنانی هونەرمەند (کامەران رەئوف)ە، ئێستا لەشاری کۆیە ستافی ئەو زنجیرەیە سەرقاڵی وێنەگرتنو ستافەکە لەخۆئامادەکردندان بۆ تەواوکردنی کارەکانیان.

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، دەرهێنەر کامەران رەئوف رایگەیاند "ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنینو زیاد لەنیوەی دراماکە وێنەی گیراوە کە لەوێنەگرتنی (پێشڕەو نەبەرد)ەو ژمارەیەک لەهونەرمەندانی شاری سلێمانیو هەولێرو کۆیە بەشداری تیادادەکەن، ئەوانیش هونەرمەندان (کاوەی ئەحمەد میرزاو سەباح عەبدولڕەحمانو سەلام کۆییو نەرمین کاوانیو هادی مەحمودو ئیسماعیل قادرو تارق ئاکرەییو زاهیر غەریبو نەهرۆ ساڵح دەلۆییو...)



سەرجەم لۆکەیشنی دراماکە لەشاری کۆیەیەو بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیرییە، چیرۆکی دراماکەش باس لەساڵانی پەنجاکان دەکاتو نزیکەی بیست زنجیرەیە.



# دەشنێ: من سنگڵم

سازدانی: موحسین یاسین

**کچە گۆرانیبێژی لاو، دەشنێ موراد دەڵێت تاوەکو ئێستا ڤالانتاینی من خۆشنەبووە، لەبەرئەوەی من هیچکات لەخۆشەویستیدا ژیانم خۆشنەبووەو ئێستاش هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستیم نییەو سینگڵم. هەروەها وتی "من گۆرانییەکم وتووە کە دەڵێت من گوناهم کاتێک کە من کوڕێکم خۆشویست، ئەو کچێکی تری خۆش دەویست".**

.............................

**دەستوور:** لەسەرەتاوە چۆن دەستتکرد بەگۆرانی وتن؟

**دەشنێ:** من کەهاتمەوە بۆ کوردستان بۆ بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ، لەرێگەی محەمەد شکاک توانیم کاک (هەڵکەوت زاهیر) ببینمو پێم راگەیاند کە دەمەوێت بەستایلێکی نوێ گۆرانی بڵێم، ئەوەبوو دواتر تێستی کردم دەنگمی بەدڵ بوو، پێشی راگەیاندم کە کارێکم بۆدەکات، هەموو منالێک گوێ لەگۆرانییەکانی بگرێت، هەروەکو دەزانن منالان زۆریان حەز لەگۆرانی (هێلا هۆپ)ەو ئەو قسەیەی کاک هەڵکەوت هاتووەتەدی بەتایبەتی منداڵانی کوردی ئەورووپا.

**دەستوور:** هەندێک کەس پێیانوایە تۆ نازانیت بەشێوەیەکی زانستی گۆرانی بڵێیت؟ واتە لەبەرزو نزمی پەیژەکانی دەنگت لاوازیت؟

**دەشنێ:** لەوانەیە قسەکەیان راستبێت، بەڵام من پێموتوون من لەسەرەتای هونەردامو لەئەلبوومی دووەممدا بەبۆنەی ئەو رەخنانەوە کەلێیان گرتووم توانیومە کارێک بکەم لەتۆنی سیمۆلیش دەربچمو گۆرانی زۆرباش بڵێم، بەڵام ئەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەربێن رەخنە لە من بگرن، دەبێت لەسەدا پەنجای هونەرمەندەکانی کورد لاببەین.

**دەستوور:** بۆ بەجلو بەرگی کوردییەوە دەرناکەویت؟

**دەشنێ:** لەگەڵ گۆرانی هێلا هۆپدا ناگونجێت من دەستو قاچم بەملاولادا دەجوڵێنمو بەپێکەنینەوە.. لەوانەیە ئەوکاتە بەجلە کوردییەکەوە بکەوم، بەڵام گۆرانی هەڵپەڕکێی کوردیم ئامادەکردووە بەجلو بەرگی کوردییەوەو پێتاندەڵێم چاوەڕوانبن.

**دەستوور:** بۆچی تۆ زیاتر بەشێوازی تازەگەری کاردەکەیت؟

**دەشنێ:** لەبەرئەوەی من کچێکم شێتی هونەرمو حەزم لەجیاوازیو گۆڕانکارییەو حەزدەکەم دڵم ئێستا چی بوێت ئەوەبکەمو هیچ کارێکم نییە بەسەر کەسی ترەوە، چونکە من خۆمو دڵم سەربەستین.

**دەستوور:** ئەی کەواتە چۆن دەڕوانیتە ئایندەی خۆت؟

**دەشنێ:** من بڕوام بەخوا هەیەو پلانم بۆ کارەکانی خۆم داناوەو زۆر گوێ لەگۆرانی دەگرم لەکلاسیکەوە بۆ فارسیو عەرەبیو بیانی، بۆئەوەی لەهەموو بوارێک تێبگەمو دەشنێیەکی قوڵ دروستبێت، بەتایبەتی زۆر هەوڵئەدەم کە گرنگی بدەم بەزاراوەی هەورامی، چونکە واهەستدەکەم من بەگۆرانی هەورامی دەچمە ناو جیهانی دەرەوەو سەرکەوتن بەدەستدەهێنم، چونکە گۆرانی هەورامی زۆر گرنگە.

**دەستوور:** تۆ بەگۆرانیبێژێکی بوێری ناو کچان بەناوبانگی لەگۆرانی وتنداو سەمادەکەیتو هەڵدەپەڕی، ئایا تۆ دەربارەی کاری کچانی دیکەی هاوڕێت چی دەڵێیت، کە ئەوانیش لەبواری هونەری گۆرانیدا هاوتاتن؟

**دەشنێ:** دەمەوێت بڵێم دەستتانخۆش هەر کەسەو کاری خۆی بکاتو دەستخۆشی بۆ لۆکەو چۆپی فەتاح لەستایلی خۆیانو ئافەرین بۆ لەیلای فەریقیو ستایلە جوانەکەی، ئافەرین بۆ نازدارو فاتیو رۆژین کە زۆر موعجیبیانم، هەر کەسەو ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیەو نامەوێت بەکەس بڵێم تۆ وابکەو تۆش وابکە، چونکە ئەوە مافی من نییە.

**دەستوور:** بۆچی ئەو هونەرمەندە گەنجانە لەلایەن هەندێک لەهونەرمەندی بەئەزموونەوە زیاتر دەکەونە بەر رەخنە؟

**دەشنێ:** زۆر عەیبە بۆ ئەو هونەرمەندە بەئەزموونانە، دەبێت ئەوان رێگە بۆ ئێمە بکەنەوەو نەبنە رێگر، لەبەرئەوەی ئێمە لەنەوەی نوێینو دەبێت دەستمانبگرن، من دەمەوێت داهێنان بکەم، بۆیە ئەو سنوورە دەشکێنم من ناڵێم تازەگەری دەکەمو نەشموتووە کە فەرهەنگ تێکئەدەم، بەڵکو دەمەوێت دەوڵەمەندی بکەم، نابێت ئەو هونەرمەندانە رەخنەی رووخێنەرمان لێبگرن، با بەرەخنەکانیان دروستمانبکەن.

**دەستوور:** دوا پرۆژەی هونەریت چییە؟

**دەشنێ:** گۆرانییەکە بەزمانی عەرەبی تۆمارکردووەو لەگەڵ دەرهێنەر "فادی حەداد" کاری بۆ دەکەمو لەگەڵ کەناڵی رۆتانا قسەمانکردووەو بڕیاریشە لەو کەناڵە بڵاوی بکەمەوەو بەهەمانشێوە گۆرانییەک بەزمانی ئینگلیزی تۆماردەکەم لەوەرزی هاویندا.

**دەستوور:** ئەلبومەکەت گەیشتووەتە کوێو ئێستا لە چ قۆناغێکدایە؟

**دەشنێ:** ئێستا لەچاپە لەوڵاتی تورکیاو ١٥ گۆرانی لەخۆگرتووە بەناوی "شیکە واوا"، سەرجەم میلۆ د ییە کا نی هەڵکەوت زاهیرەو هێمن حسێن کاری دابەشکردنی بۆکردووە.

**دەستوور:** بەنیازیت لەرۆژی ڤالانتایندا گوڵی سوور بدەیت بەکێ؟

**دەشنێ:** تاکو ئێستا ڤالانتاینی من خۆشنەبووە لەبەرئەوەی من هیچ کات لەخۆشەویستیدا ژیانم خۆش نەبووەو ئێستاش هیچ پەیوەندیەکی خۆشەویستیم نییەو سینگڵم، لەبەرئەوەی شانسم نەبووە تیایداو من گۆرانیەکیشم وتوە کەدەڵێت من گوناهم کاتێک کەمن کوڕێکم خۆشویست ئەو کچێکی تری خۆش دەویستو ئەو کوڕەی منی خۆشدەویست منیش ئەوم نەدەویست.



دەشنێ موراد لەساڵی ١٩٨٦ لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو ماوەی ١٣ ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لەوڵاتی هۆڵەندا دەژی. بەهۆی بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) لەساڵی ٢٠٠٧ ناسراوەو دواتریش لەرێی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر دەستیکرد بەگۆرانی وتنو یەکەم ئەلبوومی بەناوی "هێلا هۆپ" بڵاوکردەوە.

# عەدنان کەریم دەگاتە ئۆرەێبر



**موحسین یاسین**

بەهاوکاری کۆمەڵەی کوردی لەوڵاتی سویدو لەشاری (ئۆێرەبرۆ)، رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە هونەرمەند عەدنان کەریم بۆ یەکەمجار کۆنسێرتێکی گۆرانیو میوزیکی کلاسیکی کوردی لەوشارە سازدەکات.

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستور، کوردۆ شێخ محەمەد بەرپرسی بەشی دارایی کۆمەڵەی کوردی لەوڵاتی سوید وتی "کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەیەکی کلتوریو فەرهەنگییەو لەساڵی ١٩٨٤دا دامەزراوەو بۆ یەکەمجاریشە کۆنسێرتێکی میوزیکو گۆرانی بۆ هونەرمەند عەدنان کەریم بەهاوکاری ژمارەیەک میوزیکژەنی سویدیو ئێرانی سازدەکەین".

# هەژارو گۆرانییەك بۆ کەرکوك



گۆرانیبێژی لاو هەژار عەبدولستار، ستاری یەکەمی بەرنامەی کوردستاری کەناڵی ئاسمانی کوردسات، لەدوای بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبوومی بەناوی (ئازیزەکەم)، لەئێستادا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بۆ شاری کەرکوک بەناوی (کەرکوک).

گۆرانییەکە لەوڵاتی تورکیا تۆماردەکرێت کە تێکستی (یوسف حەمە رەشید)و میلۆدی (هەردی سەلاح)و دابەشکردنی (هۆگر عەزیز)ە، بەنیازە لەئایندەیەکی نزیکدا لەشاری کەرکوک کلیپی بۆ بکات. هەروەها هەژار بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانییەکی تریشە بەناوی (بۆچی هاتووی) کە تێکستی (زیاد ئەسعەدو جەبارحەبیب)ەو میلۆدی هونەرمەندی دوورە وڵات (زیاد ئەسعەد)ە.

# ژنی کورد لەزستانی ساردی تۆرنتۆ



هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا ئارام، بڕیارە رۆژی ٢٥ی ئەم مانگە لەوڵاتی کەنەدا، بەشداری لەپێشانگایەکی نێونەتەوەیی هاوبەشدا بکات کە نزیکەی (٢٠٠) هونەرمەندی کەنەدیو نێونەتەوەیی لەدوانزە وڵاتی جیاوازدا لەوڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا بەشداری تیادادەکەن.

هونەرمەندی شێوەکار دارا ئارام بە ٢٥ تابلۆی نوێ بەشداریدەکاتو لەکارە هونەرییەکانیشیدا ژنی کورد تێکەڵ بەئاووهەوای ساردی زستانی تۆرنتۆ دەکات. کەبریتییە لەو رەنگە سپیو شینو خۆڵەمێشیەی خۆرئاوابوون کە رۆژانە لەستۆدیۆکەی خۆی دەیبینێت.

دارا ئارام خاوەنی چەندین پێشانگای تایبەتو هاوبەشە لەوڵاتی کەنەداو وڵاتانی ئەورووپاو هونەرمەندێکی چالاکی کوردەو ژیانی رۆژانەی خۆی بۆ هونەر تەرخانکردووە. پێشانگای نێونەتەوەیی (تۆرنتۆ)، ساڵانە لەوڵاتی کەنەدا سازدەکرێتو خولی ئەمساڵی پێشانگاکەش خولی ساڵی ٢٠١٠یەو تاوەکو رۆژی ٢٨ی ئەم مانگە دەخایەنێت.



# دەستی دزی، دەگاتە جانتای مامۆستایانیش

## "پەروەردەی خێزانیو لاساییکردنەوە کاریگەری هەیە لەدروستبوونی دیاردەی دزیکردندا"

**ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی**

دیاردەی دزیکردن لەناو قوتابخانەکاندا، قوتابیانو مامۆستایانی نیگەرانکردووەو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیو دەروونییش ئاماژە بەوەدەکەن کەپەروەردەی خێزانیو لاساییکردنەوە کاریگەریان هەیە لەدروستبوونی ئەو دیاردەیەدا.

ژمارەیەک لەقوتابیانو خوێندکاران پەنا بۆ دزیکردن دەبەن لەپێناو دەستکەوتنی بڕێک پارە یاخود بەدەستهێنانی شتێکدا، مامۆستایانو قوتابیانو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئەو دیاردەیە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیا دەگێڕنەوە.

ئاریان بەکر فەتاح بەڕێوەبەری ئامادەیی ڕازاوەی کچان وتی "ئەو دیاردەیە ساڵانە هەیەو لەخوێندگاکاندا ڕوودەداتو هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونیو کەمدەرامەتی هەندێک خێزانو چاولێکەری لەناو قوتابیاندا".

ئەو بەڕێوەبەرە ڕووداوێکی گێڕایەوە کە لەخوێندنگەکەیاندا خوێندکارێک جگەلەوەی کەجانتای خوێندکارانی بردبوو هەوڵی دزینی پارەی لەجانتای مامۆستایەکیش داوە کەبڕی ٣٠٠ هەزاری تێدابوو.

ئاریان وتی "دوای ئەوەی کەدۆزیمانەوە خوێندکارەکە دانی بەتاوانەکەیدا نا".

س.ل یەکێکە لەو خوێندکارانەی کەدزی کردووە وتی "بەڕاستی حەز ناکەم، بەڵام ناچاری وام لێدەکات دزی بکەم".

ئەو وتی "نەفسیەتم ئەوە قبوڵناکات داوای هاوکاری یان سواڵبکەم، بۆیە خۆم ناشکێنمەوەو ناچارم ئەو کارە دەکەم".

ئەو کچە وتی "ئەگەر ناچار نەبم ئەم ڕێگەیە ناگرمەبەر".

ئەو قوتابیو خوێندکارانەی دزییان لێکراوە، دزیکردن بەدیاردەیەکی زۆر ناشرین دادەنێنو ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر ئەو کەسانەی دزییان لێدەکەن، داوای هاوکارییان لێبکردنایە زۆر ئاسایی دەبوو بەلایانەوە بۆ داواکردنی شتێکو هاوکاریشیان دەکردن.

سیما عەلی یەکێکە لەو خوێندکارانەی کەشتی لێدزراوە سەبارەت بەدزیکردن وتی "بەڕاستی شتێکی زۆر ناشیرینە کەخوێندکار دزی بکات، نازانم چۆن ئەوەی پێدەکرێت، بەڕاستی ئەگەر بەخۆمی بوتایە خۆم پێشکەشم دەکرد پێویستی نەدەکرد بیدزیایەو من بخاتە گومانو خۆشی ناشیرین بکات".

هەژان سەعید بەهەمانشێوەی سیما دزی لێکراوە وتی "ئەمە یەکەم جارم نییە دزیم لێکرابێت"، هەژانیش وتی "ئەم کردارە زۆر عەیبە".

زانا خاوەنی فرۆشگای یەکێک لەخوێندنگاکان ئاماژەی بەوەدا لەو خوێندنگەیەی ئەواندا خۆیو مۆبایلو چەندین پارەو شتومەکی لێدزراوەو لەگەڵ ئەوەی ئەو کردارە شتێکی زۆر خراپەو کۆمەڵگە بەرەو خراپەکاری دەبات، هەقوایە سنوورێک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزنەوە.

تەلار کەمال پسپۆڕ لەبواری دەروونناسیدا سەبارەت بەهۆکاری دزیکردن لەنێوان خوێندکاراندا ئاماژەی بەوەکرد کەئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەکۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە.

ئەو وتی "یەکەمیان خێزان کەنەیتوانیوە پێداویستی ژیانی خوێندکاری بۆ ئەو خوێندکارە دابین بکات، دووەم چاولێکەریو هاوڕێی خراپ کەئەمانە لەئەنجامی کەمی هۆشیاریو خراپی پەروەردەکردن سەرهەڵدەدات، سێیەم هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانەی کەمادە بۆی دروستکردووە".

دەربارەی ئەوەی چۆن کێشەی دزیکردن چارەسەربکرێت تەلار وتی "یەکێک لەو خوێندکارانەی ئەو کارە دەکات بکەنە نمونە لەڕێگەی چاکسازیترەوە، دواجار دەرەنجامەکەی بەخوێندکارانی تر بوترێت بۆئەوەی هەم لەخراپی هەڵەکەو هەم لەبەسودی پەروەردەو متمانەکە بگەن، بۆیە ئەم ڕوانینە زۆر گرنگە بۆ مامۆستایان کەبتوانن لەم کێشەیەدا بیگرنەبەر".



"ئەم کردارە زۆر عەیبە"

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## قوتابخانەی مۆنتیسۆری

ماریا مۆنتیسۆری (١٨٧٠-١٩٥٢)و جۆن دیڤی لەهەمان ساڵدا کۆچی دواییان کرد، بەڵام سەر بەدوو قوتابخانەی زۆر جیاوازبوون، مۆنتیسۆری بەیەکەمین ژنە دکتۆری ئیتاڵیا دەژمێردرێتو بەیەکێک لەناوە دیارەکانی پەروەردەناسی ناوزەد دەکرێت کەلەدژی ئیرادەو ویستی دایکو باوکی دەستی بەخوێندنی ڕشتەی پزیشکی کرد، ئەوان زۆریان پێخۆشبوو کەماریای کچیان ببێت بەمامۆستا، بۆیە لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕشتەی پزیشکیدا ئیدی پەیوەندی خۆیان لەگەڵیدا پچڕاند.

سەرکەوتنی یەکەمین سیمیناری مۆنتیسۆری لەبواری پزیشکیدا بووە هۆی گەڕانەوەی ئەو پەیوەندییە، مۆنتیسۆری کەلەسەرەتادا بەخوێندنی تەکنیکو دواتر بایەلۆژیو دواتریش پزیشکی دەستپێکرد، بووە یەکێک لەئەستێرە ناودارەکانی جیهانی پەروەردە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆو چۆن؟

دوای خوێندنی زانکۆ وەکو دکتۆر لەنەخۆشخانەیەکی دەروونناسی شاری ڕۆما دەستبەکاربوو، مۆنتیسۆری هەموو هەوڵو کۆششی خۆی لەبواری ئەو منداڵانەدا کۆکردەوە کە لەپرۆسەی تێگەیشتندا دواکەوتووبوون، بەشێوەیەکی دی چۆن ئەو منداڵانەی لەڕووی مێنتاڵەوە تەواونین بتوانن وەکو هەر خوێندکارێکی دیکە بخوێنن؟ پاش ماوەیەک لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەی کلینیکی بەشدارییەکی سەرکەوتووی لەکۆنگرەی (تورین١٨٩٩) کردو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی پێشکەشی کرد ئەو منداڵانەی لەڕووی مێنتاڵەوە دواکەوتوون مافی خوێندنیان هەیە، ئەم تێڕوانینەی وای لەوەزیری پەروەردە کرد بیکات بەبەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی تایبەت بەو منداڵانەی گرفتی مێشکیان هەیە، لەساڵی ١٩٠٤دا بووە پرۆفیسۆر، بەڵام لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیادا، واتە دیراسەکردنی مرۆڤ، ئەم کارەی وای لێکرد شاکاری زۆر دانسقە لەبواری پەروەردەدا بەچاپ بگەیەنێتو هەموو کاتەکانی خۆی بۆ پرۆسەی پەروەردەو وانەوتنەوە تەرخانبکات.

مۆنتیسۆری ماوەیەکی زۆر داکۆکی لەتێزێکی خۆی دەکرد لەبارەی ئەو منداڵانەوە کەمێشکیان تەواو نییەو ئەوەی سەلماند کەئێمە دەتوانین لەڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی تایبەتەوە لەقوتابخانەکاندا یارمەتی ئەو منداڵانە بدەین بۆ ئەوەی لەدەقەکانی قوتابخانە تێبگەن.

مۆنتیسۆری لەقۆناغێکی زۆر باشدا ناوبانگێکی زۆری پەیداکردو بەجیهانی دەرەوەشدا بابەتێک بەناوی پەروەردەی مۆنتیسۆری بڵاوبووەوە. لەکۆتایی ١٨٠٠کاندا لەزۆر وڵاتی دیکەدا چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوو سەنتەری دەروونزانی حکومیو ناحکومی لەسەر هەمان ڕێبازی مۆنتیسۆری دروستبوونو داکۆکیان لەو منداڵانە دەکرد کە لەڕووی مێنتاڵەوە لاوازبوون، دواتر لەهەندێ وڵاتی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هۆڵەندا، سوید ... هتد جۆرە قوتابخانەیەک پەیدابوو کە لەسەر ڕێبازی مۆنتیسۆری کاریان دەکردو ناوی هەندێکیشیان قوتابخانەی مۆنتیسۆری بوو، ئەم قوتابخانانە تاوەکو ئەم ساتانەش لەزیادبووندانو بەشێوەیەکی جودا لەقوتابخانەکانی دیکە کاردەکەن کە من لەهەفتەی داهاتوودا لەسەر هەندێک لەپرەنسیپەکانی ئەو قوتابخانانە رادەوەستم.

ئەم کرانەوەیە یا باوەشکردنەوەیە بۆ پرەنسیپەکانی مۆنتیسۆری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بووە هۆی خوێندنەوەو نزیکبوونەوەی زیاتری مۆنتیسۆری لەگەورە پەروەردەناسو دەروونناسەکانی ئەو سەردەمە.

مۆنتیسۆری کەسەر بەقوتابخانەی ریفۆرمبوو تا ڕادەیەک لەقوتابخانەکەی پیاژێوە دووربوو، بەڵام پیاژێ چەندین جار ڕەخنەی خۆی ئاراستە کردبوو پێیوابوو مۆنتیسۆری هەرگیز لەخەمی ئەوەدا نەبووە پەرە بەزیرەکی منداڵان بدات، لەڕاستیشدا پیاژێ لەسەر هەقبوو، چونکە سەرجەمی ڕێبازی مۆنتیسۆری کاری لەسەر خوێندکارە لاوازەکان دەکرد کەچۆن بتوانن پەرە بەخۆیان بدەن، ئەمە لەکاتێکدا پیاژێ کاری لەسەر گەشەسەندنی مەعریفیو پەرەدان بەئاستی زیرەکیو گەڕان بەدوای ئەومیتۆدانە دەکرد کە بەهۆیانەوە منداڵ دەیتوانی لەڕووی مەعریفییەوە ببێتە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی، لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ بنەماو پێوەرەکانی ڕێبازی پەروەردەی ریفۆرم لەناو قوتابخانەکانی مۆنتیسۆریدا ببینێتەوە.

سەرەتا مۆنتیسۆری لەشاری ڕۆما سەنتەرێکی بەناوی (خانەی منداڵان)ەوە دامەزراند، ئەم خانەیە کەلەناو بینایەکی بچوکدا قەراری گرتبوو، هەندێ منداڵی ئاست لاوازی لەخۆگرتبوو، کاری مۆنتیسۆری لەگەڵ ئەم منداڵانەدا دوو لایەنی لەخۆ گرتبوو: یەکەم بەمیتۆدێکو شێوازێک کاری لەگەڵ زانستەکاندا دەکرد کەشیاو بوو بۆ ئاستی ئەو منداڵانەی لەبنەڕەتدا گرفتی کۆگنەتیڤیان هەبوو، دووەم لەیەکەم هەنگاوەوە دەیویست منداڵەکان فێری ئەوە بکات کەچۆن بتوانن هەست بەبەرپرسیارێتی بکەنو هەر خۆشیان هەموو کارەکانی خۆیان ڕابپەڕێنن بەبێ ئەوەی پێویستیان بەیەکێک هەبێت وەکو سانسۆر بەسەریانەوە بێت. ئالێرەوە یەکێک لەپرەنسیپە گرنگەکانی ڕێبازی ریفۆرم لەخانەی منداڵاندا پیادەکرا، بەسود وەرگرتنیش لەفرۆید مۆنتیسۆری پێیوابوو منداڵ پێویستی بەوە هەیە خۆی سەرپەرشتی کارەکانی خۆی بکاتو دەشبێ ئێمەی گەورە هێندە باوەڕیان پێبکەین کەخۆیان دەتوانن هەموو کارەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، بەشێوەیەکی دی مۆنتیسۆری پێداگیری لەسەر پرەنسیپی خۆ بەڕێوەبردنو خۆڕێکخستن دەکرد.

هەفتەی داهاتوو لەسەر بەشێک لەو پرەنسیپانە ڕادەوەستین کە تایبەتمەندێتیان بۆ قوتابخانەکانی مۆنتیسۆری دروستکرد.

> مۆنتیسۆری پێیوابوو منداڵ پێویستی بەوە هەیە خۆی سەرپەرشتی کارەکانی خۆی بکاتو دەشبێ ئێمەی گەورە هێندە باوەڕیان پێبکەین کەخۆیان دەتوانن هەموو کارەکانی خۆیان جێبەجێبکەن.

faiekk@hotmail.com

# پەیمانگای تەکنیکی دووکان لەکتێبخانەی گشتیدایە

**محەمەد عەبدوڵڵا لەدووکان**

پەیمانگای تەکنیکی دووکان لەبینایەی کتێبخانەی گشتیدایەو خوێندکاران نیگەرانن لەبچوکی هۆڵەکانی خوێندنو کێشەی بەشەناوخۆییەکانیان، ڕاگری پەیمانگاش ئاماژە بەوەدەکات کەدیزاینی بینایەی پەیمانگا تەواوبووەو بودجەشی بۆ دیاریکراوە.

پەیمانگای تەکنیکی دووکان ژمارەی خوێندکارانی بەهەر سێ بەشی کارگێڕی کارو بانکو ژمێریاری بەدەوامی بەیانیانو ئێواران (١٢٠٠) خوێندکارە، زیاتر لە٢٠ مامۆستا وانەی تێدا دەڵێنەوە، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی نیگەرانی خوێندکارانو مامۆستایانی پەیمانگاکە نەبوونی بینایەی تایبەت بەخۆیانە کە تائێستا لەبینایەی کتێبخانەی گشتی دووکاندا دەوامدەکەن.

خوێندکارێکی پەیمانگای تەکنیکی وتی "ئەم بینایە نەگونجاوە بۆ پەیمانگا لەبەر بچوکی هۆڵەکانو کەمی هۆڵی وانەوتنەوە بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانین بەباشی وانەکانمان بخوێنین".

پەیمانگای تەکنیکی دووکان تائێستا بەشەناوخۆیی تایبەت بەخۆیان نییەو خوێندکاران لەناو خانووی ئاساییدان.

بنار سەعید خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی ژمێرارییە، باسی لەوەکرد ئەو خانووەی کەئەوانی تێدایە زۆر دوورە لەپەیمانگا کەئەوەش کێشەی زۆریان بۆ دروستدەکات بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا. بنار وتی "کێشەیەکی ترمان نەبوونی پاسەوانی شەوانە، ئەگەر کێشەیەکمان بۆ دروستبێت هانا بۆ کێ بەرین؟".

یادگار حەمید دانیشتووی قەزای دووکانە ئاماژەی بەوەدا کەبوونی کتێبخانەی گشتی لەناوچەکەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەپەیمانگای تەکنیکی دووکان لەکتێبخانەکەدا دەوامدەکەن تەنیا یەک هۆڵ بۆ کتێبخانە هەیە کەئەوەش بووەتە کێشە بۆیان. یادگار وتی "چۆن گرنگی بەپەروەردە دەدرێت دەبێت ئاواش گرنگی بەلایەنی ڕۆشنبیری بدرێت، هیوادارم هەرچی زووە پەیمانگای تەکنیکی دووکان بینای تایبەتی خۆیان بۆ بکرێت".

د. حەسەن عومەر ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی دووکان بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێمە کێشەی بینامان هەیە تا ئێستا بینای تایبەت بەپەیمانگامان نییە، لەکتێبخانەی گشتی دووکاندا دەوامدەکەین".

ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی دووکان ئاماژەی بەوەدا ناتوانین پاسەوان بۆ بەشەناوخۆییەکان دابینبکەین، لەبەرئەوەی بەشە ناوخۆییەکان پەرشوبڵاوەو هەر بەشی ناوخۆییەو لەشوێنێکەوەیە.

د. حەسەن ئاماژەی بەوەشکرد کەشارەوانی دووکان زەوی بۆ دابینکردووین جێگای پەیمانگاو بەشی ناوخۆیی دەکات بەهاوکاری دەستەی خوێندنی تەکنیکی سلێمانی ئێستا نەخشەی تەواوبووە، بودجەی بۆ تەرخانکراوەو دەدرێت بەتەندەر هیوادارم بەمزوانە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.



قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی دووکان لەچاوەڕوانی بینایەی نوێدان. فۆتۆگراف: محەمەد عەبدوڵڵا



جوتیارەکانی بتوێن هێزی بەرگریان نییە لە هێرشی مشکو کرمەکان. فۆتۆگراف: مەجید بتوێنی

# مشكو كرم بەیەكەوە هێرشدەكەن!

## بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی حەوزەی بیتوێن رووبەڕووی هێرشی مشکو کرمی بڕەر بوونەتەوەو زیانی زۆریان پێگەیشتووە

مەجید بیتوێنی لەرانیە

بەهۆی هێرشی مشکوکرمەوە گەنمو جۆ لەحەوزەی بیتوێن تووشی زیانێکی گەورە بووەتەوەو ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان روولەکەمی بکەن، بەرپرسانی کشتوکاڵیش ئاماژە بەوەدەکەن کە بەهۆی کەمی دەرمانەوە ناتوانن کێشەکە چارەسەربکەن.

جوتیارانی حەوزەی بیتوێن نیگەرانن لەزۆربوونی ئەودووزیندەوەرەو تائێستا خۆیان نەیانتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بەپێی قسەی جوتیارەکان ئەو دەرمانانە لەبازاڕ نرخەکانیان زۆر گرانە، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیەش ناتوانێت بۆیان دابین بکات.

دەشتی بیتوێن یەکێکە لەدەشتە پانو بەرینەکانی کوردستان کەساڵانە بەروبوومی جۆراو جۆر بەرهەمدەهێنێت کە رووبەری زەوییە کشتوکاڵەکان دەگاتە (٧٥٠٠٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵی.

محەمەد سەلیم جوتیارێکی حەوزەی بیتوێنەو خاوەنی ٥٥ دۆنم زەوییە، ئاماژە بەوە دەکات ئەمساڵ لەکێشەی وشکەساڵی رزگاریان بووە، بەڵام بەروبومە کشتوکاڵییەکانی، تووشی هێرشی مشکو کرمی بڕەر بووەتەوە.

ئەو جوتیارە وتی "تائێستا لەسەر گیرفانی خۆم سێ جار دەرمانو زەهیرم کڕیوە، بەڵام دووبارە سەری هەڵداوەتەوە هەر لەناو یەک دۆنم زەوی بەسەدان کونە مشک هەیەو کرمی بڕەریش لەناوەوەی زەوی ڕەگی گەنمەکە دەبڕێتو تووشی وشکبوون دەبێت".

لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چوارقوڕنەو رانیە، بۆ هەموو جووتیارانی دەشتی بیتوێن تەنها ١٥٠ کیلۆ دەرمان زەهیر هەیە کە ئەوەش بەشی چەند جوتیارێک دەکاتو ئەوانی تریش دەبێ بڕۆن لەبازاڕی ڕەش بیکڕن بەنرخێکی گران.

محەمەد وتی "ئەگەر بێتو وەزارەتی کشتوکاڵ یارمەتیمان نەدات ئەوا گەنمو جۆیەکەمان لەناو دەچێتو زەرەرێکی زۆرمان بەردەکەوێت".

ئیدریس ئەحمەد جوتیارێکی تری ناوچەکەیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەجوتیارانی دەشتی بیتوێن بەشێوەیەکی گشتی تووشی ئەو کێشەیە بوونەتەوە، بەردەوامیش دەبێت تاکاتی دروێنە.

ئیدریس وتی "ئەگەر مشکو کرمی بڕەر بەزووترین کات لەناونەبرێت، ئەوا زیانی گەورەی ئابووری بەجوتیارانی ناوچەکە دەگەیەنێت".

بۆ بنبڕکردنی مشک لەناو بەروبوومە کشتوکاڵیەکاندا بەدەرمانی (زەهیر) چارەسەر دەکرێتو کرمی بڕەریش کەڕەگی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەقرتێنێت بەدەرمانی (محبب) چارەسەر دەکرێت.

حاجی ئەحمەد ئیبراهیم چەندین ساڵە خەریکی کاری کشتوکاڵییە بەتایبەتی گەنمو جۆ باسیلەوە کرد کە تائێستا بەو شێوەیەی ئەمساڵ تووشی گرفتی لەو جۆرە نەبوونەتەوە، "ئەمڕۆ کونە مشکەکان لەناو دەبەین بۆ بەیانی ژمارەیان وەکخۆی زیادی کردووەتەوە".

خدر سەلیم یەکێکی ترە لەجوتیارە زیان لێکەوتووەکانی دەستی مشکو کرمی بڕەر، وتی "پێدەچێت ئەمساڵ بەرهەمی جوتیارانی ئەو ناوچەیە ڕوو لەکەمی بکات، چونکە هەر لەئێستاوە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک تووشی ئەو گرفتە بووەتەوەو زۆربەی جوتیاران توانای کڕینی کەرەستە کیمیاویەکانیان نییە لەبازاڕی رەشدا".

لەگەڵئەوەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە دان بەبوونی کێشەکەو کاریگەرییەکانی بۆ سەر بەروبومە کشتوکاڵیەکاندا دەنێت، تائێستا نەیتوانیوە بڕە دەرمانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دابین بکات.

محەمەد حاجی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی رانیە بەدەستووری راگەیاند "ئەم کێشەیەی باسی لێوە دەکرێت راستە، جوتیارانی حەوزی بیتوێن بەشێوەیەکی گشتی تووشی ئەو دوو گیانلەبەرە زیانبەخشە بوونەتەوە".

بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی ڕانیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ چارەسەرو بنبڕکردنی مشکو کرمی بڕەر دەرمانێک هەیە بەناوی (زەهیر) کەهەموو گیانلەبەرێک لەناو دەبات بەتایبەتی مشک، بەڵام تەنها (١٥٠) کیلۆمان هەبووەو دابەشیان کردووە، "بەڵام بەشی هەموو جوتیارانی نەکردووە".

سەبارەت بەگیانلەبەری دووەم وتی "جۆرە کرمێکە کە تائێستا لەلێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە کرمەداین لەجۆرە کرمە بڕەرەکانە لەناو زەویدا دەژیت کەڕەگەکان دەقرتێنێتو تووشی وشکبوونی دەکات، بەجۆرە دەرمانێک لەناودەبرێت بە ناوی (محبب)، بەڵام ئەم جۆرە دەرمانە زۆر کەمو گرانە".

# بەویستی خۆت نەفەر سواركە

## خاوەن پاسەکان بەویستی خۆیان نەفەرسوار دەکەنو بەرپرسانی هاتوچۆش لێیان ناپرسنەوە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەهۆی کەمی پاسو زۆری ئەو هاووڵاتییانەی بەپاس هاتوچۆ دەکەن، شۆفێران زیاد لەژمارەی ئاسایی پاسەکانیان نەفەر سوار دەکەن، بەرپرسانی هاتوچۆش نەیانتوانیوە کێشەکە چارسەربکەنو دەڵێن پەیوەندی بەشۆفێرانو هاووڵاتیانو کەمی پاسەوەیە.

رۆژانە هاووڵاتیانو شۆفێران بەهۆی هاتوچۆوە دەمەقاڵە لەنێوانیاندا روودەدات، تائێستا سەندیکای گواستنەوەی هەولێر نەیتوانیوە رێگە چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە.

سەندیکای گواستنەوەی هەولێر جەختلەوەدەکاتەوە کەخاوەنپاسەکانیان ئاگادارکردوەتەوە لە ٢١کەس زیاتر سوار نەکەن، بەڵام خاوەن پاسەکان پابەندنین بەو بڕیارەوە.

ناجی محەمەد یەکێکە لەخاوەن پاسەکانی خەتی ٤٢ لەهەولێر لەوەدەکات کەئەوهەرگیزلەگەڵ ئەوەدانییە ژمارەیەکی زۆر نەفەر سواری پاسەکەی بکات، پێشیوایە بەهۆی دووری خەتەکانەوە شۆفێران ناچارن ئەو ژمارە زۆرەی نەفەر سواربکەن، وەک خۆی دەڵێت "خاوەن پاسەکانی تر زۆر ئاساییە لایان چەند نەفەر سواربکەن، گوێیان لەوەنییە هاووڵاتیان بێزاردەبن یاخود نا".

ناجی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەهەولێر یاسای هاتوچۆ بوونی نییە، لەبەرئەوەی پاسەکان کەمنو نەفەر زۆرە شۆفێری پاسەکان بەویستی خۆیان نەفەر سواردەکەن.

ناجی وتی "ئەگەر سەری پاسەکانیش بیگرتایە، ئەوە نەفەریان تێدەکرد".

بەهۆی زۆری نەفەرەکانەوە هاووڵاتیانو شۆفێرانیش تووشی چەندین کێشەو گرفت دەبن، لەوانە نەدانی پارەو دەمەقاڵی لەناو پاسەکەدا.

سەردار عەبدولڕەحمان دوکاندارێکی بازاڕی نیشتیمانە لەهەولێر رۆژانە بەپاس هاتوچۆ دەکات، دەڵێت "رۆژنییە دەمەقاڵە لەنێوان شۆفێرانی خاوەن پاسەکاندا روونەدات بەهۆی ئەو ژمارە زۆری نەفەرەکانەوە کەسواری پاسەکان دەبن".

ئەو دوکاندارە بەدەستوری وت "ئەوە دیاردەیەکە هەولێری لە شارەکانی ترپێ جیادەکرێتەوە، چونکە پاسەکانی هەولێر ٣٠کەس سواردەکەن کە لەهیچ شوینێک ئەو یاسایە نییە، بەداخەوە خاوەن پاسەکان تەنها پارەیان لامەبەستەو هیچیتر".

هاووڵاتیانو شۆفێرانیش سەندیکای گواستنەوەی هەولێر بەکەمتەرخەم دەزانن لەچارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەدا، بەرپرسانی هاتوچۆش هۆکارەکەی بۆ هاووڵاتیانو شۆفێران دەگێڕنەوە.

سەعد حەسەن بەڕێوەبەری سەندیکای گواستنەوەی هەولێر پێیوایە کەمتەرخەمی لەلایەن هاووڵاتیانو شۆفێرانەوە زۆرە، چونکە "هەردوولا دەیانتوانی هاوکای یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئەو کێشانە رۆژانە دروست نەبێت".

بەڕێوەبەری سەندیکای گواستنەوەی هەولێر بەدەستووری وت "خاوەن پاسەکان بڕیارەکانی جێبەجێ نەکردووە، هەرکێشەیەکیش رووبدات ئێمە وەک سەندیکا هێڵەکان رادەگرین".

# كەمئەندامانی قەزاو ناحییەكان فەرامۆشكراون

## پەیمانگای تایبەت بەکەمئەندامان لەقەزاو ناحیەکانی پارێزگای دهۆکدا نەکراوەتەوە

شەنگ ماشم لەدهۆک

بەڕێوەبەری بنکەو سەنتەرو خوێندنگاکانی تایبەت بەکەمئەندامان، لەپارێزگای دهۆک، دەڵێن بارودۆخی کەمئەندامان بەبەراورد بەساڵانی پێشوو باشتر بووە، بەڵام کەمئەندامانی قەزاو ناحیەکان فەرامۆشکراون.

بنکەو خوێندنگەی تایبەت بەکەمئەندامان ساڵ دوای ساڵ، لەکوردستان رووی لەزیادی کردووە، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی کەمئەندامەوە هێشتا لەئاست مافو پێداویستییەکانی کەمئەنداماندا نییە.

ئەو بنکەو پەیمانگایانەی تایبەت بەکەمئەندامان دەکرێتەوە بەبەراورد بەزۆری رێژەی کەمئەندامان هێشتا چۆڵنو ئەوانەی سەردانی ئەو بنکانە دەکەن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، جگەلەوەش تەنها کەمئەندامانی پارێزگاکان سودمەندبوون لێیو کەمئەندامانی قەزاو ناحیەکان بێبەشبوون لێی.

لەسنووری پارێزگای دهۆک، ١٦١٦ کەسی تووشبوو بەنەخۆشی شەلەلو دەماغ هەیە، لەگەڵ ١٢٢ کورتە باڵا، ئەمە جگە لەرێژەی نابیناو کەروڵاڵ.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی تایبەت بەکەمئەندامان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەرێگەی قوتابخانەکانیانەوە توانیویانە سود بەکەمئەندامان بگەیەنن، بەڵام ئەوەش دەدرکێنن کە هێشتا لەئاست داخوازیو مافەکانی کەمئەنداماندا نییە.

سەڵاح یوسف محەمەد بەڕێوەبەری چاودێریی کەمئەندامان لەدهۆک بەدەستووری وت "کەمئەندامان لەپەیمانگاکانی تایبەت بەخۆیان سودمەندبوون، بەهۆی ئەوەی هەوڵمانداوە بەباشترین شێوە لەسەر خوێندنو راهێنانەکانیان رایانبهێنین".

لەسنووری پارێزگای دهۆک، چوار پەیمانگای تایبەت بەکەمئەندامان هەیە، ئەوانیش پەیمانگاکانی (هیوا بۆ نابینایانو کەروڵاڵ، پەیمانگای هانا بۆ راهێنانی کەمئەندامانو پەیمانگای ئاواتو رووناکی تایبەت بەکەمئەندامان).

تەنها لەپەیمانگای هیوا ٥٦ کەروڵاڵ هەیە کەئەو پەیمانگایە لەپۆلی یەک تا پۆلی حەوت خوێندکار تیایدا دەخوێنێت.

ئەمیرە یوسف یوحەنا بەڕێوەبەری پەیمانگای هیوا بەدەستووری وت "ئەو پەیمانگایە تایبەت بۆ کەسی کەڕوڵاڵە، سیستمی خوێندنی، هەر وەکو سیستمی پەروەردە وایە".

ئەمیرە بەهیوابوو کەمئەندامان بتوانن دوای تەواوکردنی خوێندن لەبوارەکەی خۆیاندا بتوانن کار بکەنو دابمەزرێن.

بەڕێوەبەری پەیمانگای هیوا ئاماژەی بەوەدا کەهێشتا پەیمانگاکان لەچاو زۆری رێژەی کەمئەندامان زۆرنین، بەڵام وتی "مامۆستاکانی پەیمانگاکەیان هەموویان چوونەتە خولی وانەوتنەوەو بەشێوەیەکی پێشکەوتوو وانە بەخوێندکاران دەوترێتەوە".

کەمئەندامانی قەزاو ناحیەکان بێبەشبوون لەو پەیمانگایانە، چونکە تائێستا ئەو پەیمانگایانە تەنها لەپارێزگاکاندا کراوەتەوە.

بەڕێوەبەری پەیمانگای هیوا وتی "ئەو کێشەیەمان هەیە کەناتوانین هاتوچۆ یان لقێکی پەیمانگاکەمان لەقەزاو ناحیەکان بکەینەوە، بۆیە ئەوان بێبەشبوون".

مامۆستایانو بەڕێوەبەری پەیمانگاکان داوا دەکەن بایەخی زیاتر بەپەیمانگاکانی تایبەت بەکەمئەندامان بدرێتو هەموو کەمئەندامان سودمەندبن لەخوێندن نەک تەنها هەر بەشێکی دیاریکراو.

جیهان عەباس بەڕێوەبەری پەیمانگای هانا، ئاماژەی بەوەدا کە پەیمانگاکەی ئەوان ئێستا کار لەسەرکردنەوەی چەند خولێک دەکات، لەوانە خولی کۆمپیوتەرو کاری دەستی.

ئەو پەیمانگایە لەساڵی ٢٠٠٧وە دامەزراوە، بەڵام تەنها ژمارەیەکی کەم لەکەمئەندامان سودمەند دەبن لێی، ئەوانیش ئەو کەمئەندامانەن کە لەناو پارێزگاکاندان، ئەوانەی قەزاو ناحیەکان بێبەشبوون لێی.

جیهان عەباس وتی "تەنها ١٩ قوتابی لەپەیمانگاکەی ئێمە دەخوێنن، ئەوانیش لەهەردوو رەگەز پێکدێن".

ئاماژەی بەوەشدا کە لەماوەی سێ ساڵی کارکردنیاندا، نزیکەی ٧٥ خوێندکار ئەوانەی دەرچوون، بڕوانامەیان وەرگرتووە.

مەرجی وەرگرتنی خوێندکار لەو پەیمانگایە، تەنها ئەوەیە خوێندکارەکە کەمئەندام بێتو تەمەنیشی لەنێوان ١٤ بۆ ٤٢ ساڵ دابێت.

بەڕێوەبەری پەیمانگای هانا داوای لەحکومەت کرد، ئەوانەی لەپەیمانگاکەی ئەواندا بڕوانامەیان پێدەدرێت، دایانبمەزرێنێت.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی چاودێرییو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگای دهۆک، ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی لەسنووری ئەو پارێزگایەدا هەن نزیکەی ٦٢٠٠ کەمئەندامنو لەو رێژەیەشدا ١٦١٦ کەسی توشبوو بەنەخۆشییەکانی شەلەلو دەماغ هەیە کەموچەی تایبەتیان بۆ بڕدراوەتەوە کەبڕەکەی ٥٠ هەزار دینارە.

حسێن عەلی بەڕێوەبەری چاودێرییو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگای دهۆک، بەدەستووری وت "٢٠٦٣ نابیناو ١٢٢ کورتە باڵامان هەیە".

> ناتوانین هاتوچۆ یان لقێکی پەیمانگاکەمان لەقەزاو ناحیەکان بکەینەوە، بۆیە ئەوان بێبەشبوون



www.arsivakurd.org

# لەناو یەکێتی قوتابیاندا، کچان ڕووبەڕووی جیاکاری ڕەگەزی دەبنەوە

## "کچەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت لەپڕوپاگەندەی ناڕەواو پەنابردنە بەر دروستکردنی خاڵی لاواز"

ئاڤان فارس لەهەولێر



هیچ کچێک بۆ پۆستی سکرتێری یەکێتی قوتابیان خۆی کاندید نەکردووە.

بەشێک لەکادرە کچەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەڵێن ڕێگرییان لێدەکرێت بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوەو پڕوپاگەندەو تۆمەتیان بۆ دروستدەکرێت، سکرتێری یەکێتی قوتابیانیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ڕێگری لەکچان بکەن بۆ بەدەستهێنانی پلەی بەرپرسیارێتی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی بەستنی کۆنگرەی ١٣ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕێگرییەکان لەبەردەم خۆپاڵاوتنی کچانی ناو ئەو ڕێکخراوەدا زیاتر دەبێتو سکرتێری ئەو ڕێکخراوەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "لەو کێبڕکێو پڕوپاگەندانە، کچ زیاتر بریندارەدەبێت".

عیشان عەلی کارگێڕی ناوەندی پارێزگای هەولێر، ئەوە دەخاتەڕوو کە لەناوەندی پارێزگای هەولێری یەکێتی قوتابیاندا نزیکەی ١٥٠٠ ئەندامی کچ هەیە، بەڵام "لەریزی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەدا ڕێژەی کچ زۆر کەمە".

ئەو کەمی ڕێژەی کچی لەناو کاری ڕێکخراوەیی، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە، ئەوانیش خودی کچان خۆیان دەستپێشخەر نەبوونە لەوەی کە ڕۆڵ ببینن‌و بێنەپێشەوە، هەروەها لەکەدارکردنی بەشێک لەو کچانەی لەناو ڕێکخراوەکەدا کاردەکەن، لەلایەن کادیرە کوڕەکانەوە هۆکارێکی دیکەیە.

عیشان هێما بۆ ئەوەشدەکات، ململانێیەکی زۆر نادروست هەیە، ئەو کچە کادیرە لەمەڕ بەشداری کچان‌و گەیشتنیان بەپلە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوە، ئاشکرایدەکات کە لەکۆنگرەی ڕابردوو مەرج دانرا بۆ بەشداری کچ‌و ڕێژە دادەنرا، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا ئەو مەرجە نەما. ئەو کادیرەی یەکێتی قوتابیان، خۆی لەگەڵ مەرج دانان نییە بۆ بەشداری کچان، بەوتەی ناوبراو ئەگەر کچ توانای هەبێت با پلە وەربگرێت، بەڵام ئەگەر ئەوەنەبوو ئەوا بۆ پلەی پێبدرێت؟

ئەو کچە پاڵێوراوی کۆنگرەییە بۆ ستافی کارگێڕی، ئەوەدەخاتەڕوو، ئەگەر بگاتە ڕێزی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە، ئەوا هەوڵدەدات ڕێژەی کچ لەڕێکخراوەکەدا زیادبکات.

بێریڤان خدر کادرێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە وتی"بەشێکی زۆر لەکادیرانی کچ لەناو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیاندا دژایەتییان دەکرێت".

بێریڤان خۆی وەک نموونەیەکی بەرچاو باسدەکات دەڵێت"بەڵگەم پێیە بۆ قسەکانم، من ماوەیەکی زۆرە کادیری ئەو ڕێکخراوەم، هەستەکەم وەک پێویست ڕێز لەکارو چالاکی‌و توانام نەگیراوە".

بۆ کۆنگرەی ١٣ کە بڕیاربوو لەناوەڕاستی مانگی شوباتدا ببەسترێ، ٥ کەس بۆ پلەی سکرتێر خۆیان پاڵاوتووە، بۆ ستافی کارگێڕیش ٢٧ کەس خۆیان پاڵاوتووە، بەهەمانشێوە بۆ پلەی سکرتێری، هیچ کچێک خۆی نەپاڵاوتووە، هاوکات بۆ ستافی کارگێڕیش تەنها چەند کچێک پاڵێوراون.

هەرمان محەمەد سەلیم، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەدات، هەرکچێک لەناو کاری ڕێکخراوەیی کاربکات، دەبێ بڕوای بەخۆی هەبێت، هەر کچێک لەخۆی راببینێ خۆی کاندید بکات، جێگای خۆشحاڵییە.

سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی"هیچ کچێ ڕێی لێناگیرێت، ئەمانە لەراستی دوورن".

دەربارەی ڕێژەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان‌و بوونی ڕێژەی کچ تیایدا، هەرمان هەرچەندە ئامارێکی وردی ئاشکرانەکرد، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی بۆکرد، زیاتر لەسەد هەزار ئەندامیان هەیە، وتی"لەناو ئەو ڕێژەیەدا ئەندامی کوڕ زیاترە لەکچ، بەڵام بەڕێژەییەکی زۆرنا".

سکرتێرەکەی قوتابیان نایشارێتەوە ململانێ هەیە لەکاتی هەڵبژاردندا، کێبڕکێش دروستدەبێت، پڕوپاگەندەش دروستدەبێت، بەڵام ناگاتە لەکەدارکردنی کەسایەتی یەکتر، ئەوەشی خستەڕوو کە لەو کێبڕکێ‌و پڕوپاگەندانەدا کچ زیاتر بریندارەدەبێت.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە، تا ئێستا ١٢ کۆنگرەی بەستووە، دوا کۆنگرەی لەساڵی ٢٠٠٧ دا بوو، بڕیاربوو لەناوەڕاستی مانگی شوباتی ئەمساڵدا کۆنگرەی ١٣ ببەستێت.

شوکریە تەیمور، کارگێڕی سکرتارییەتی یەکێتی قوتابیان‌و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاند، ئەوە دەخاتەڕوو لەناو قوتابیان جیاوازی ڕەگەزی بوونی نییە، کچان‌و کوڕان بەبێ جیاوازی کاردەکەن، لەبارەی ڕێژەی کچان‌و کوڕان نایشارێتەوە، لەناو ڕێکخراوەکەی ئەواندا ڕێژەی کوڕ زیاترە، "ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هێشتا زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ڕێگا نادات کچ بەشداری کاری ڕێکخراوەیی‌و حیزبی بکات".

شوکریە لەپێدانی پلەو بەرپرسیارێتیدا لەگەڵ دانانی ڕێژەداناندا نییە بۆ کچان، وتی "کچ دەبێت خۆی کاربکات، کارایی ئەو کەسە بیگەیەنێتە پلەو بەرپرسیارێتی".

ئەو کچە کارگێڕەی قوتابیان دەربارەی قسەو باسی کادیران لەناو یەکترو ئەو پڕوپاگەندە نادروستانەی لەبەرامبەر یەکتر بەکاریدەهێنن، بەتایبەتی بابەتی باسکردن لەڕەوشتو ئاکاری ئەو کچانەی خۆیان کاندیدەکەن، ڕەتیدەکاتەوە ئەوەهەبێت لەناو کادیرەکانی ئەوان. ئەو وتی "ئێمە ئەو جۆرە کەسایەتییانە قبووڵناکەین لەناو ڕێکخراوەکەماندا، ئەگەر پڕوپاگەندە هەشبێ بۆ کوڕیش دەبێ بۆ کچیش".

بێریڤان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، ژمارەیەکی زۆر لەکچی چالاک لەناو ئەو ڕێکخراوەدان، بەڵام ڕێگەیان لێدەگیرێتو لەکەسایەتیان دەدرێت.

ئەو وای دەبینێ ئەو کەسانە بیر لەبەرژەوەندی ڕێکخراوەکەیان ناکەنەوە، تەنیا بیر لەپێشخستنی خۆیاندەکەنەوە لەسەر حسابی کەسایەتی کەسێکیتر.

بێریڤان وتی"کچەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت لەپڕوپاگەندەی ناڕەوا، پەنابردنە بەر دروستکردنی خاڵی لاواز بۆ کەسایەتی کچ، بۆ ئەوەی نەگاتە پلەیەکی بەرزتر لەکوڕەکە".

# کچێك سێ ساڵە لەناو زینداندا خوێندکاری زانکۆیە

## گەشە لەناو زینداندا بووە بە بەرپرسی کتێبخانەو وانەی ئینگلیزی‌و فیزیاو بیرکاری بەزیندانییەکانیتر دەڵێتەوە

بیلال جەعفەر لەسلێمانی

کچێک ماوەی سێ ساڵە لەناو زینداندا خوێندکاری زانکۆی سلێمانییەو بەبێ بوونی مامۆستاو هاوپۆلەکانی وانە دەخوێنێتو هەر لەناو زیندانیشدا تاقیکردنەوە ئەنجام دەداتو نمرەی بەرزیش بەدەستدەهێنێت.

گەشە هیوا ئەو کچە خوێندکارەی خەڵکی شارۆچکەی کەلارەو ماوەی زیاتر لەچوار ساڵە بەهۆی تاوانی کوشتن لەگرتووخانەدایەو ماوەی سێ ساڵە وەک خوێندکاری بەشی پەروەردەی دەروونناسی زانکۆی سلێمانی لەکەلار ساڵانە لەگرتووخانەوە بەبێ بوونی هاوپۆلەکانی تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات، وەک خۆی باسی لێدەکات هەموو ساڵێک لەوانەکاندا نمرەی بەرزی بەدەستهێناوە.

گەشە ئێستا لەگرتووخانەی مەعەسکەر سەلامە لەسلێمانی، سەرەڕای ئەوەی لەگرتووخانەدایە بەبێ بوونی مامۆستا سێ قۆناغی زانکۆی تەواوکردووە. گەشە بەدەستووری وت"لەمانگی نیسانی (٢٠٠٦)دا کەتووشی ئەو ڕووداوە بووم لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، بەڵام بەهۆیئەوەی تووشی ئەو ڕووداوەبووم لەکاتی تاقیکردنەوەی بەکالۆریدا نەمتوانی بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەم‌و ئەو ساڵەی خوێندنم لەکیسچوو".

گەشە درێژەی بەقسەکانیدا کە لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٦) کەحوکمدراوە، هاتووەتە گرتووخانەی مەعەسکەر سەلام لەبەشی ژنانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی، بەهاوکاری بەڕێوەبەرو توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەیان تاقیکردنەوەی دەرەکی بەشی وێژەیی ئەنجامداوە.

گەشە لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا، لەگەڵ پاسەوان‌و توێژەرەکاندا ڕۆیشتووە بۆ تاقیکردنەوەو بەبێئەوەی هیچ قوتابییەکی دیکە بزانێت ئەو بەندکراوەو لەگرتووخانەوە هاتووە، لەگەڵ قوتابییەکاندا تاقیکردنەوەی ئەنجامداوەو سەرکەوتووشبووە.

ئەو وتی"بەهۆیئەوەی بەبێ مامۆستا تاقیکردنەوەی دەرەکی ئامادەیم ئەنجامدا نمرەکانم تا ئەندازەیەک باشنەبوون، بەڵام چەندجارێک بەڕێوەبەرەکەمان هەوڵیدا مامۆستای تایبەت بێنێتە گرتووخانە بۆئەوەی وانەکانم پێبڵێتەوە، بەڵام هیچ مامۆستایەکی سلێمانی ئامادەنەبوو وانەکانم پێبڵێت، وە بەهۆی ئەوەی بەشی وێژەیی بووم کتێبەکانیشم بۆ هاتبوون، وانەکانم لەبەردەکرد".

دەربارەی خوێندنی ساڵانی پێشووی، گەشە ئەوەی خستەڕوو، بەهۆی چەند کێشەیەکی خێزانییەوە ساڵێک لەخوێندنەکەی فەوتاوە، بەڵام ساڵەکانی دیکەی خوێندنی زۆربەی بەخشراو (معفو) بووە، وتیشی"هیواخواز بووم لەداهاتوودا لەبەشی یاسا بمخوێندایە".

بۆ ماوەی سێ ساڵە ئەو کچە لەکۆتایی ساڵدا لەگرتووخانەوە لەسەر کۆنمرەی (١٠٠)، تاقیکردنەوە ئەنجامدەداتو لەلایەن بەڕێوەبەری گرتووخانەوە سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ دابینکراوەو هەروەها باوکو دایکیشی کە لەکەلارن مەلزەمەو کتێبی پێویست بەوانەکانی بەشی دەروونناسی بۆ دەهێنن‌و تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجامدەدات. ئەو وتی "ئەمساڵ سێهەم ساڵی زانکۆمەو لەلایەن بەڕێوەبەری چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشی ژنانەوە، خەریکی مامەڵەی خوێندنی ئەمساڵم، بۆئەوەی لەکۆتایی ساڵدا تاقیکردنەوە بکەم".

گەشە سەرجەم سەرۆک بەش‌و مامۆستایانی بەشی پەروەردەی دەروونناسی لەحاڵەتەکەی ئاگادارن‌و زۆر دڵیان پێخۆشە کەساڵانە لەتاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو دەبێتو وتی"زۆرجار تەشجیعم دەکەن، چەندینجار دکتۆرەکانی ئەو بەشە ویستوویانە پەیوەندیم پێوەبکەن، تەنانەت یەکێک لەدکتۆرەکان لەکاتی دەرنەچوونی هەندێک لەخوێندکارەکاندا پێی وتبوون گەشە لەگرتووخانەدایەو دەردەچێت بۆ ئێوە ناتوانن وەک ئەوبن".

لەبارەی چۆنێتی تاقیکردنەوەکانی، گەشە هێمای بەوەکرد، لەساڵی یەکەمدا لەزانکۆی سلێمانی تاقیکردنەوەی ئەنجامدەدا، بەڵام بەهۆیئەوەی لەئۆتۆمبێلدا تەندروستی خراپ دەبوو، ناچار ئێستا بەهاوکاری بەڕێوەبەری بەشی گرتووخانە لەناو گرتووخانەدا هاوکات لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکە لەبەشی دەروونناسی زانکۆی سلێمانی لەکەلار، لەیەککاتدا تاقیکردنەوە دەکات.

هەرچەندە گەشە قوتابییەکی زیرەکە، بەڵام لەهەندێک وانەدا ڕووبەڕووی کێشەو


سێ ساڵ پێش ئێستا گەشە بەهۆی رووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە حوکمدراوە

گرفت دەبێتەوە.

ئەو وانانەی تێیناگات، هۆکارەکەی ئەوەیە هیچ کەسێک نییە تاوەکو بۆی ڕوونبکاتەوە، چونکە هیچ مامۆستایەک ئامادەنییە بچێتە گرتووخانەو دەرسی پێبڵێتەوە، بەتایبەت پارساڵ تووشی ئەو حاڵەتە بووەو لەوانەی ئاماردا باش تێنەگەیشتووەو ئامادەیە کە لەگرتووخانە دەرچوو مامۆستا بگرێت بۆئەوەی وانەی ئامار تێبگات. لەگەڵئەوەی گەشە لەزانکۆدا نییەو سەردانی بەشەکەی خۆینەکردووەو دوورە لەهاوپۆلەکانیەوە، بەڵام هەندێ هاوڕێی لەبەشەکەی خۆی کەپێشتر هاوڕێی بوون، سەردانیانکردووە، هەرچەندە کەسیان ناناسێت، بەڵام سەلامی هاوپۆلەکانی دیکەیان پێگەیاندووەو ئاواتیان خواستووە کە گەشە لەناویاندا بێت.

گەشە ئێستا لەناو زیندانداییەو توانیوویەتی بەهەوڵو ماندووبوونی خۆی لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ژنانەوە، گەشە بکرێتە بەرپرسی بەشی کتێبخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژنان.

ئەو وتی "ئەوکاتەی هاتمە گرتووخانە، کتێبخانەکە داخرابوو، وەکو مەخزەنێک وابوو، بەڵام بەهەوڵی لێپرسراوی بەش، کتێبخانەیەکی بچوکمان کردەوەو تێیدا کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانم ڕێکخستو لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ژنانەوە کرامە بەرپرسی کتێبخانەکە، وە لەئێستادا کە کتێبو ڕۆژنامە دێت، دەیدەم بەبەندکراوەکان، لەو کتێبخانەیەدا بەهەوڵی هەموو کارمەندەکان توانراوە تا ئێستا (٩٦٣) کتێب کۆبکەینەوە بەناونیشانی (کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی‌و ئاینی)". لەلایەکی دیکەوە بەوتەی بەڕێوەبەری بەشی چاکسازی ژنان، گەشە سەرجەم کارەکانی ڕێکخستنی کارکردنی سزادراوەکان‌و گونجاندنیان‌و چارەسەرکردنی کێشەی ناو گیراوەکان لەناو گرتووخانەدا دەکاتە ڕاپۆرتێکو ڕۆژانە دەیگەیەنرێتە دەستی.

ئەو بەرپرسە وتیشی، ئێستا لەگرتووخانەدا بۆ ئەو بەندییانەی کەئارەزووی خوێندنەکەن، خوێندنی خێرا هەیە، گەشە ویستوویەتی لەگرتووخانەدا ببێتە مامۆستاو وانەیانە پێبڵێتەوە، بەڵام لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە قبووڵیاننەکردووەو پێیانوتووە ئەو مامۆستایەی لەوێ وانە دەڵێتەوە دەبێت بڕوانامەی هەبێت، بەڵام گەشە کۆڵی نەداوەو لەژوورەوە وانەی (ئینگلیزی‌و فیزیاو بیرکاری) بەو خوێندکارانە وتووەتەوە.

هەرچەندە گەشە ماوەی حوکمی زیندانیکردنەکەی زۆری ماوە، بەڵام ئەو گەشبینەو ئومێدی بەخوێندنەکەیەتی.

گەشە وتی "ڕاستە من لەگرتووخانەم‌و خەفەتم زۆرە، بەڵام زۆر سوپاسی خوادەکەم، چونکە خوێندنەکەم لەدەستنەچووەو زۆر پێی دڵخۆشم".

تێبینی: ناوی کچەکە خوازراوە.

# نەخۆشی شەکرە هۆکارو چارەسەر

## "ئەگەر کەسی تووشبوو هۆشیاری تەواوی لادروستبێت، خۆی دەبێتە دکتۆرێکی باش بۆخۆی"

بێستون فەتاح لەسلێمانی

### شەکرە چییە؟

نەخۆشی شەکرە واپێناسە دەکرێت، بریتییە لەحاڵەتی رێگە پێنەدانی جەستەیی مرۆڤ لەکەڵک وەرگرتن لەمادە کاربۆهیدراییتەکان یان شەکرەکان کە بەهۆی خواردنەوە مرۆڤ دەستیدەکەوێت، ئەم کارەش بەهۆی نەبوونی یاخود لەکارکەوتنی هۆرمۆنی ئەنسۆلینە کە لەلایەن گلاندی پەنکریاسەوە روودەدات.

### هۆکاری دروستبوونی نەخۆشی شەکرە

د.کامەران عەبدول مەجید پزیشکی هەناوی گشتی ئاماژەی بەوەدا کەنەخۆشی شەکرە لەدووجۆری سەرەکی پێکدێت، بەشێوەی یەکەمو دووەم ناوزەند دەکرێت.

جۆری یەکەمی ئەو نەخۆشییە، تایبەتە بەحاڵەتی کەمی رێژەی هۆرمۆنی ئەنسۆلینو نزیکەی ١٠٪ی تووشبووان پێکدێنێت، باسلەلاوازی یان لەکارکەوتنی خانەکانی پەنکریاس دەکرێت لەدروستکردنو دەرهاویشتنی ئەنسۆلین بۆ ناوخوێن، یان بەهۆی هەوکردنی ڤایرۆسییەوە کەتووشی گلاندی پەنکریاس دەبێت.

بەڵام جۆری دووەم نەخۆشییەکە نەبەستراوەتەوە بەرێژەی ئەنسۆلینەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەستراوەتەوە بەتوانای خودی هۆرمۆنی ئەنسۆلینەکەوە وەک لەو کەسانەی کە زۆر قەڵەون تیایاندا دەردەکەوێت.

### چۆن نەخۆشی شەکرە دەناسیینەوە؟

د.کامەران وتی"لەقۆناغەکانی سەرەتای توشبووندا، زۆربەی جار نەخۆشییەکە هەست پێناکرێت یان پێینازانرێت، بەڵام کاتێک دەردەکەوێت جۆری یەکەمی شەکرە خێراترو توندتر خۆیدەنوێنێت لەجۆری دووەم".

ئەو وتی"نەخۆشەکە هەست بەلاوازبوونو کەمبوونی توانای گشتیدەکات". یەکێک لەنیشانەکانی تری شەکرە میزکردنی زۆرو ئاوخواردنەوەی زۆرە، بەتایبەت لەکاتی خەوتندا کەسەکە خەبەری دەبێتەوە بۆ میزکردن، لەجۆری یەکەمدا کەسەکە کەمتر ئارەزووی خواردنی دەبێت، بەڵام لەجۆری دووەمدا زۆر خواردن بەکەسەکەوە دیارە، تووشبوون بەنەخۆشییەکانی هەوکردنی جەستە، لەگەڵیاندا هەوکردنی پێستو درەنگ چاکبوونەوەیان، تێکچوونی ئاستی بینینو بوونی ئازاری پەلەکانی خوارەوە بەتایبەت لەشەودا، کەمبوونەوەی توانای سێکسی پیاوانو تێکچوونی سوڕی مانگانەی ئافرەتان دوای ماوەیەکی نەخۆشییەکە.

یەکێکیتر لەئاکارەکانی نەخۆشی شەکرە، کزبوونی توانای بینینە، هەتا دەگاتە لەدەستدانی چاوەکانو لاوازبوونی چالاکی گورچیلەکان کە دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەئەنجامیشدا هەڵئاوسانی دڵو هەروەها لەدەستدانی توانای هەستەوەرییەکانی لەش بەتایبەتی لەپەلەکانی خوارەوەو پێیەکانیدا کە زۆرجار دەبێتەهۆی نەخۆشی گانگرین، لەرووی زانستی پزیشکییەوە ناچاردەبین بۆ چارەسەرکردنی پەنا بەرینەبەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری.



لەماوەی ٤٥ رۆژی ئەمساڵدا ٣٤٤ نەخۆشی شەکرە تۆمارکراوە.

### نەخۆشی شەکرە روو لەزیادبوونە

بەپێی ئاماری سەنتەری شەکرە لەشاری سلێمانیدا لەساڵی ٢٠٠٩دا، ٢٢٧٠ نەخۆشیان هەبووە، هەروەها تەنها لەماوەی ٤٥ رۆژی ئەمساڵدا ٣٤٤ نەخۆشی تریان تۆمارکردووە.

د.کامەران ئاماژەی بەوەشدا، نەخۆشی شەکرە زیادی کردووە، نەک تەنها لەشاری سلێمانیدا، بەڵکو لەهەموو هەرێمو عێراقو دنیادا.

هەروەها وتی"نەخۆشی شەکرە نەخۆشییەکی سەردەمە، بەهۆی کەمی جوڵاندنو وەرزشکردنو زیاتر دانیشتنو خواردنی زۆرەوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆژبەرۆژ زیاددەبێت".

د.کامەران وتی "ژنان زیاتر تووشدەبن، هۆکارەکەشی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکار، بەتایبەت ئافرەتی ماڵەوە کەمتر ئەو دوو وەرزشە دەکەن".

### نەخۆشی شەکرە چارەسەری هەیە؟

د.کامەران پێیوایە زۆر گرنگە بێجگە لەچارەسەری دەرمان ئەو رێگاو هەوڵە نوێیانە باسبکرێن کە بۆ نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵە لەوڵاتانی وەک نەمساو ئەڵمانیاو وڵاتانی تری ئەوروپا گیراوەتەبەر.

ئەو وتی"ئێمەش دەمانەوێت لەسەنتەری شەکرە کاری پێبکەین، ئەو رێگانەش پشتدەبەستێت بەهۆشیارکردنەوەی بەردەوامو ئاگایی نەخۆش لەئاستی نەخۆشییەکەی، چونکە ئەم نەخۆشییە درێژخایەنە، لەروویەکی ترەوە ئەگەر کەسی توشبوو دەربارەی نەخۆشییەکە هۆشیاری تەواوی لادروستبێت، خۆی دەبێتە دکتۆرێکی باش بۆ خۆی، لەبەرئەوەی ئەو بەتەنها هەموو کاتەکانی ژیانی لەگەڵ نەخۆشییەکەدا دەژی".

# بیرکۆڵ یان دواکەوتنی هۆشمەندی (التخلف العقلی)

## دکتۆر سەعدون جەبووری- پسپۆڕی دەروونی - کەرکوک

مەعاز فەرحان لەخورماڵ

بیرکۆڵ بریتییە لەکەمێتی زیرەکی کە دەبێتەهۆی دروستبوونی کەمی ئاستی فێربوونو گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا، ئەم دیاردانە لەخوار تەمەنی ١٨ساڵییەوە دەردەکەوێت، بیرکۆڵی بەپێی ئاستی توونديو پلەی دەرکەوتنی لەکەسەکەدا بۆ چەند بەشێک پۆلێندەکرێت، وەک:

بیرکۆڵی سادە: ئەم جۆرەی بیرکۆڵی، رێژەی ٨٠٪ی بیرکۆڵەکان پێکدەهێنێت، ئاستی زیرەکییان لەنێوان ٥٠٪ بۆ ٧٠٪ یە، بەوەدەناسرێنەوە بەگەشەی داهێنانی کۆمەڵایەتییان، وەجوڵەو دوواندنیان، وادەبینرێن کە وەک کەسە ئاساییەکانی تروان بەپلەیەک زۆرجار کاتێک دەناسرێنەوە کە بیرکۆڵن بەتایبەت کاتێک کە دەچنە خوێندگا.

بیرکولی مامناوەند: ئەم جۆرەیان رێژەیان دەگاتە ١٢٪ ی بیرکۆڵەکان، ئاستی زیرەکی ئەمجۆرەیان لەنێوان ٣٥٪ بۆ ٤٩٪ یە، لەپێشئەوەی تەمەنیان بگاتە ئاستی پلەی خوێندنی سەرەتایی، فێربوونیان بۆ داهێنانە کۆمەڵایەتیو جوڵاندنو دواندنیان لاوازە، بەڵام بەهۆی راهێنانو سەرپەرشتیکردنەوە، ئەم داهێنانو فێربوونەیان هەندێک بەرەوپێش دەچێت بەپێی پێشکەوتنی تەمەنیان.

بیرکۆڵی توند: رێژەی ئەم جۆرەیان دەگاتە ٧٪ لەکۆی بیرکۆڵەکان، تێکرای زیرەکییان کەمترە لەئاستی ٢٪، بە پەککەوتەیی هۆشمەندی تەواوەتی لەتەمەنی هەرزەکاریو منداڵیدا دەناسرێنەوە، توانایان نییە لەرووی داهێنانو جوڵاندنو دوواندنەوە، یان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها توانای دەسەڵاتی خۆیان نییە لەمیزکردنو سەرئاوکردن، ئەم کەسانە بەبەردەوامی تەمەنیان، پێویستیان بەیارمەتییە.

### هۆکارەکانی بیرکۆڵی

هۆکارەکانی بیرکۆڵی زۆرن، بەپێی ئەو هۆکارانەی تووشی بیرکۆڵی دەبن، لەسەرەتای دروستبوونی کەسەکەو هاتنە ژیانییەوە، دەکرێنە دوو هۆکاری سەرەکی، ئەم دوو هۆکارە سەرەکییەش چەندەها لقی لێدەبێتەوە.

### هۆکارە بۆماوەییەکان

هۆکارە بەدەستهاتووەکان یان وەرگیراوەکان

ا- کاریگەرییەکان لەماوەی دووگیانیدا: وەک ئەو کاریگەرییانەی بەهۆی نەخۆشییەکانی دایکە دووگیانەکەوە کاریگەری دەبێت بۆ سەر کۆرپەکەی (نەخۆشییەکانی وەک شەکرە، بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشییەکانی گلاندی پەریزادە (الغدە الدرقیە) وەهەوکردنی منداڵدانو ژەهراوی بوون بەدەرمان) ئەوبارەی دایکە دووگیانەکە هەیەتی وەک بەتەمەنیو نەخۆشییەکانی دووگیانی پێشووتر، وەک ژەهراوییبوونی دووگیانیو لەبارچوونو تێکچوونە کارلێکەکانی جۆرەکانی خوێنو بەدخۆراکیو هەوکردنی ڤایرۆسی.

٢- لەماوەی منداڵبووندا: وەک منداڵبوونی ئەو منداڵانەی پێش تەمەنی خۆیان تەواوبکەن لەقۆناغی دووگیانیدا لەدایک دەبن، وەبەپێچەوانەوە ئەو منداڵانەی دوادەکەون لەماوەی لەدایکبوون لەقۆناغی دووگیانیدا، وە منداڵبوونی خێراو کتوپرو منداڵبوونی هێواشو نەخۆشییەکانی وێلاش.

٣- نەخۆشییەکانی منداڵ پێش گەیشتن بەتەمەنی پێگەیشتن (البلوغ):

مەحرومبوونی هەستی ئەندامی توند، مەحرومبوونی هەستی دەوروبەر، تێکچونە دەروونیو هۆشمەندییەکان، بەرکەوتەی سەری توند، هەوکردنی مێشک، هەوکردنی شلەی ناو درکەپەتک، کەمی ئەرکو فرمانی گلاندی پەریزادە.

### نیشانەکانی بیرکۆڵی

لەنیشانە گرنگەکانی بیرکۆڵی بریتییە لە:

١- نزمبوونەوەی هەستپێکراوی پلەی زیرەکیو بەجێهێنانی کارەکان.

٢- نزمبوونەوەی هەستپێکراوی توانای دوواندن.

٣- کەمێتی لەرادەبەدەر لە بەئەنجامدانی هاوکێشە ژمێریارییەکاندا.

٤- کەموکوڕی بەهێز لەتوانای بەئاگاییو بیرکردنەوە کە دەبێتە هۆکاری نائاگایی کەسی توشبوو.

٥- بەهۆی کەموکوڕی بیرکردنەوەو دانایيو وەڵامدانەوە، لەلایەن کەسانیترەوە بەئاسانی بیرکۆڵەکان لەخشتە دەبرێن.

٦- تێکچوونە هەستیو جوڵاندنەکان.

٧- نیشانەی جەستەییان لێدەردەکەوێت، هەندێک لەم تووشبووانە لەپەلەکانداو لەدەموچاوو سەردا، تووشی تێکچوونی جەستەییدەبن.



# خەڵاتەکانی ناو چیپس منداڵان لەخواردەمەنیی تر دووردەخاتەوە

سەنگەر تاوەگۆزی لەسلێمانی

محەمەدی تەمەن ٨ساڵ بەبەردەوامی رۆژانەی خۆیدەدات بەچپس، بۆئەوەی زۆرترین بلیت کۆبکاتەوە.

محەمەد دەڵێت، ئەگەر چپسەکە هیچ شتێکی تیانەبووایە، پارەی ترم لەدایکم وەردەگرتو چپسی ترم دەکڕی، ٢٠٠ بلیتم کۆکردەوە، "هیچکام لەوبلیتانەم بۆ دەرنەچوو".

خەڵاتو بلیتەکانی ناو چپسو خواردەمەنییەکان، سەرنجی زۆری منداڵانی بەلای خۆیدا راکێشاوەو مامۆستایانی ئایینی ئەو دیاریو یانسیبانە بە "حەرام" دادەنێنو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژەبەوەدەکەن کەمنداڵان تووشی دڵەڕاوکێ دەکاتو کێشە لەنێوان منداڵو خێزانەکەیدا دروستدەکات.

بەهۆی ریکلامی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، بۆ ئەو دیاریو خەڵاتانەی بۆ چپسو هەندێ جۆری خواردەمەنیتر دەکرێن، توانیویانە سەرنجی منداڵان بەلای خۆیاندا رابکێشن، منداڵانیش لەچاوەڕوانی دەرچوونی خەڵاتێکدا، بوونەتە کڕیارە بەردەوامەکانی ئەو خواردەمەنییانە.

پەیام جەلال ژنێکی تەمەن ٢٥ساڵانەو دایکی یەکێک لەو منداڵانەیە کە بەهۆی قوتدانی یەکێک لەویارییانەوە کە لەناو چپسێکدا بووە، بەزەحمەت لەمردن گەڕاوەتەوە.

پەیام وتی"بەیانییەکیان منداڵە چوار ساڵانەکەم دەگریا، منیش وەک هەر جارێکیتر چپسێکم بۆ کڕی، بۆم هەڵپچڕیو دام بەدەستییەوە بەبێئەوەی سەیری ناوەوەی بکەم چیتێدایە".

پاش پێنج دەقیقە منداڵەکەی پەیام هەناسەی لێیبڕاو شینو مۆر بوویەوە، "بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە، دکتۆرەکانی نەخۆشخانە سەیارەیەکی بچوکی بەنایلۆن پێچراویان لەقوڕگیدا دەرهێنا"، پەیام وای وت.



مامۆستا مەلا موحسین وتارخوێنی مزگەوتی سەڵاحەدین وتی"هەموو بلیتو یانسیبو خەڵاتێک کە لەناو چپسو خواردەمەنییەکانی تردایە، بەهەموو شێوەیەک حەرامە، چونکە ئەوە جۆرێکە لەقومارکردنو ئامانجەکەی تەنها فریودانی خەڵکە".

مەلا موحسین ئاماژەشی بۆ ئەوەشکرد کە پێویستە لەسەر دایکو باوکان کەخۆیانو منداڵەکانیان دووربکەونە لەکڕینی ئەو کاڵایانە.

ئازاد عومەر توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە ئەوە بەلاڕێدابردنی منداڵەو دوورخستنەوەیەتی لەدنیای منداڵیو تووشی قەڵەقیو دڵەڕاوکێی دەکات.

ئەو توێژەرە وتی"ئەوە بازرگانیکردنە بەهیواو ئاواتەکانی منداڵەوە، تێکدانی پەیوەندی نێوان منداڵو خێزانە، چونکە منداڵ لەڕۆژێکدا چەندجارێک داوای پارەدەکات، ئەگەردایکوباوکی پێینەدەن، رق لەدایکو باوک هەڵدەگرێت".

ئازاد دەڵێت"پێویستە حکومەت سانسۆر لەسەر ئەو کۆمپانیایانە دانێت، رێگەنەدات بەناوی دیاریو خەڵاتو یانسیبەوە، منداڵ لەخێزانو قوتابخانە دابڕێنن".



# شتێك نیە لەدنیای ئەدەبیاتو لەدنیای فیکرو فەلسەفە ناوی نێرینە بێت یان مێینە بێت

## وتووێژ لەگەڵ دانا عەسکەر

ئا: شەماڵ

**یەکێک لەدەنگە ئەدەبییە جدییەکانی شاری کەرکوک لەچەند ساڵی رابردوودا، دانا عەسکەرە کە توانیویەتی لەپانتایی ئەدەبی کوردیدا جێگایەکی تایبەت بۆ خۆی بکاتەوە، دانا عەسکەر کە زیاتر وەک شاعیر ناسراوە، جگە لەشیعر لەبواری رەخنەو ئەدەبی گێڕانەوەشدا دەنگێکی دیارە.**



دانا عەسکەر

**دەستوور:** یەکەم پرسیار لەسەر مێژووی چیرۆکی کوردی، وەکو مێژوو، کاریگەرییەکانی لەسەر دەم نەوەیە بۆم باس بکەیت؟

**دانا عەسکەر:** رەنگە من بەدەقیق نەتوانم مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردیت بۆ باس بکەم، بەڵام من پێم باشە باس لەدەزمونە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکی کوردی بکەین، یانی ئێمە دەتوانین کاتێک کە قسە لەچیرۆکی کوردی دەکەین، باس لەو دەزمونە باشانە دەکەین، باس لەو کاریگەرییە زۆر چاکانە دەکەین کە لەسەر چیرۆکی کوردیدا هاتووە، یەعنی بۆ نمونە لەسۆمای جەمیل سائیبدا، زۆر شتی تر هەیە، بەڵام من بەلامەوە ئەوەی زۆر گرنگە کە قسەی لەسەر بکەین، بۆچی ئێستا ئاستی چیرۆکی کوردی، رۆژ بەرۆژ بەرەولاوازی دەچێت، بەرەو نەخوێندنەوە دەچێت، یەعنی دەبینین من ئەم پرسیارەم زۆرجار لەچیرۆکنووسان کردووە، هەندێک پێیانوایە نەخێر چیرۆک تا ئێستا برەوی خۆی هەیە بەوپێیەی خەڵکێکی زۆر لەو چیرۆکنووسە جدیانە بەم رۆژگارە دەتوانن شتی زۆرباش بنووسن، لەوانە بۆنمونە شێرزاد حەسەن، ئارامی کاکەی فەلاح، جەبار جەمال غەریب، عەتا محەمەد... کۆمەڵێک چیرۆکنووسی زۆر چاک هەیە، بەڵام گرفتەکە لەوەیایە رەنگە ئەوەنەبێت کە بڵێین چیرۆکی باشمان نییە، گرفتەکە لەکرانەوەی ئێمەدایە بەڕووی دنیاوەو بەڕووی تەکنۆلۆژیایەکی زۆر بەربڵاو کە لەچرکەساتێکی ناجۆردا ئێمە رووبەڕووی ئەو کرانەوەیەین، بۆیە دەبینی ئێستا گرفتی چیرۆکی کوردی لەوەیایە کە لەم ناوەندەدا بووە بەقوربانی مەسەلە فکریو فەلسەفیو رۆژنامەییەکان، لەبەرامبەردا، چاو لێدەکەی، رۆمان گرنگیەکی زۆری پێدراوە، رۆمان بەقەبارەیەکی زۆر دەنووسرێت، بەڵام هەمووی ناتوانی دەستنیشانی بکەیو ناوی لێبنێی رۆمان، رۆمانی کوردی هەیە تا ئەم چرکەساتە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت لەدنیای ئەدەبیاتی دونیادا، بەڵام لەهەمان کاتدا رۆمانی زۆر چاکیشمان هەیە لەئاستی رۆمانە بەرزەکانی دونیادایە، بەڵام گرفتێکمان هەیە کە ئێمە ناتوانین رۆمانی کوردی یان چیرۆکی کوردی، بگەیەنین بەدونیا، ئەویش نەبوونی زمانە یان نەبوونی وەرگێڕانە لەئاست چیرۆکە باشەکانماندا، یانی دەبینی ئێمە زۆرجار لەو بوارەوە توشی شکست دەبین، شکست لەئەدەب، فکر، فەلسەفە، چونکە زمانەکەی ئێمە زمانی لۆکاڵیە، ئێمە چۆن بتوانین چیرۆکی کوردیو رۆمانی کوردیو بیری کوردی بکەین بەجیهانیبوون، ئەویش لەڕێگەی وەرگێڕانەکانمانەوە، بەڵام ئەگەر بێین قسە لەسەر تەکنیکو فۆرمی چیرۆکو فۆرمی رۆمان بکەین دەبینین، رۆمانەکانی ئێمەو چیرۆکەکانی ئێمە هیچی کەمتر نییە لەو رۆمانانەی تر.

**دەستوور:** چەمکی نێرینەبوونو مێینەبوون لەهونەردا بەتایبەتی تر شیعرو چیرۆک، چۆن چاو لێدەکەیو رۆڵی ژن لەهونەردا چۆن دەبینی؟

**دانا عەسکەر:** من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە بابەتێکم هەیە یان لێکۆڵینەوەیەکم هەیە لەسەر چەمکی بەمێینەبوونو بەنێرینەبوونی شیعر یان ئەدەبیاتی کوردی، رەنگە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین گرفتو حاڵەتێکی نەرێنی بێت لەدنیای ئەدەبیاتی ئێمەدا، بەبڕوای منو بەبڕوای زۆر خەڵکیتریش کە شتێک نیە لەدنیای ئەدەبیاتو لەدنیای فکرو فەلسەفە ناوی نێرینە بێت یان مێینە بێت، کێشەکە ئەوەیە ئێمە زۆر بەشێوەیەکی خراپ لەئەدەبیات تێگەیشتووین، زۆر بەهەڵە لەشیعر تێگەیشتووین، ئێمە دەبینین زۆرجار ئەوانەی کە شیعر دەنووسن دێن ئەو حاڵەتە غەریزیو کۆمەڵایەتیو سیاسیانە دەنووسنەوە کە لەکۆمەڵگاکەدا رەنگدەداتەوە، یان لەخێزاندا رەنگدەداتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبینی، کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی داخراوە، مەسەلەی ژن بووەتە گرفتێکی زۆر ترسناک کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ژن بووەتە کاڵایەک، ئێمە ناتوانین بەڕاستی لەو روانگەیەوە قسە لەسەر ژن بکەین کە ژنی ئێمە بگاتە ئاستی ژنانی دنیا، ئەمە رەنگە ئەو کاریگەرییە لەوەدا خۆی ببینێتەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە پرسیار لەهەندێک پیرۆزی بکەین، بۆ نمونە پیرۆزی ئایینو دابو نەریتی کۆمەڵگای کوردی کە بواری ئەوەیان نادا ژن ببێت بەکائینێک بتوانێت لەدەرەوەی خۆی بوێت، بۆیە ئەم حاڵەتانە وای کردوە، ئەو کچەی کە شیعر دەنووسێت یان ئەو ژنەی کە شیعر دەنووسێت یان بابەتێک یان دەقێکی چیرۆک دەنووسێت، دەبینین دێت ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، ژیانێکی مێینەیی خۆی دەنووسێتەوە، لەم کاتەدا ئێمە وەکو شیعر سەیری ناکەین، وەکو غەریزەیەکی کۆمەڵایەتی یان وەکو غەریزەیەکی سیاسی سەیری دەکەین، ئەمە وایکردووە ئێمە واتێبگەین ئەم دەقە دەقێکی ژنانەیە، نەخێر ئەم دەقە دەقێکی ژنانە نییە، ئەم دەقە دەقێکی غەریزەییە، ئەم دەقە کاریگەری لەسایکۆلۆژیەتی ئەو مرۆڤە کردوە، بەبڕوای من ئەمە جۆرێکە لەتێنەگەیشتنی ئێمە بۆ دنیای شیعرو ئەدەبیات.

**دەستوور:** هەموو دەقێک، یان بڵێین ئەدەبیاتێک، شوێنو کات رۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینن، رای تۆ لەسەر شوێنو کات لەشیعرو چیرۆکی کوردیدا چییە؟

**دانا عەسکەر:** کاتو شوێن دوو پایەی زۆر گرنگن لەچیرۆکو لەرۆمانو هەندێک جاریش لەئەدەبیات، لەشیعریشدا رەنگە ئەم شتە هەبێت، بەبڕوای من گێڕانەوەی کات، واتا گێڕانەوەی رابردوو، کاتێک تۆ دێیت سەردەم دەگێڕیتەوە، سەردەم بەو روئیایەوە ناگێڕیتەوە بێی کاریگەری باشی بەسەر نەوەی تازە هەبێت، یان بەسەر دنیای تازە هەبێت، تۆ دێیت باس لەسەردەمێک دەکەیت، باس لەسەردەمێکی بەسەرچوو دەکەیت، ئەو سەردەمە بەسەرچووە، واتا ئەو سەردەمە مردووە، بۆیە ناتوانێت کاریگەری هەبێت، بەڵام لەڕووی فکرەوە کاریگەری باشی دەبێت، تەنانەت شوێنیش ناتوانی بڵێین شوێن کاریگەری بەسەر دەقی ئەدەبیەوە هەبێت، چونکە لێرەدا ئەوەی گرفتە کە ئێمە قسەی لەسەر بکەین، یان ئەوەی گرنگە ئێمە قسەی لەسەر بکەین، رۆڵی گەیاندنی شوناسی ئەو رەوتە ئەدەبیەیە یان ئەو رەوتە مێژووییەیە کە لەچوارچێوەی چیرۆکو لەچوارچێوەی ئەدەبیاتدایە، جارێکی دیکە دەیڵێمەوە شتێک نییە ناوی کات بێت، ئێمە کە شانازی پێوەبکەین، ئەو سەردەمەی تۆ یان ئەو سەردەمەی کە من دەیگێڕمەوە سەردەمی بەسەرچووە، کەواتە ئەو زەمەنە ئەگەر کاتێک بیگێڕینەوە، دیارە بەدڵنیاییەوە سەردەم بووە کە رۆڵێکی دنیای سیاسەتو دنیای فکرو دنیای فەلسەفەی ئێمە رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەو دەقەدا، بۆیە ئێمە دێین شانازی بەو کاتەوە دەکەین، کاتێک کە شانازیمان بەسەردەمەکە کرد دەرەنجام لەئاکامی شکستەکانی ئێستامانەوەیە کەخەریکین شانازی بەوەوە دەکەین، لەو حاڵەتەدا ئێمە دەتوانین باس لەکات بکەین کە کاریگەری باشی هەبووە بەسەر فکرو فەلسەفەو دنیابینی ئێمەوە.

**دەستوور:** لەڕوانگەی خۆتەوە ئەدەبیاتی کوردی لەمڕۆدا لەچ ئاستێکدا دەبینی؟

**دانا عەسکەر:** ئێمە ئەگەر باس لەئەدەبیاتی کوردی بکەین، باس لەئاستی ئەدەبیاتی کوردی بکەین، حەتمەن دەبێ باس لەوە بکەین ئاستی ئێمە لەگەڵ کێدا بەراورد دەکەین؟ ئێمە پێویستمان بەوەیە دەقی خۆمانو دنیای ئەدەبی خۆمان بەراورد بکەین، بەڕاستی زمان، ئەگەر قسە لەسەر زمانەکانی دنیا بکەین، سەرەتا ئەمڕۆ دوو زمان هەن کە ئێمە پێویستبوو خۆمان لەکوێی ئەو دووزمانەدا ببینینەوە، بۆ نمونە زمانی عەرەبیو زمانی ئینگلیزی، ئەمڕۆ یەکێک لەو زمانە گرنگانەی کە ئێمە زۆر پێویستە کە ئێمە کاری لەسەر بکەین زمانەکانی فەرەنسیو زمانی ئەڵمانیە، یانی ئەم دوو زمانە دوو زمانی زۆر گرنگن لەدنیای کرانەوەو لەدنیای فکرو فەلسەفەدا، یانی ئێمە ناتوانین بەراوردی زمانی خۆمان بکەین لەگەڵ ئەمانەدا، کێشەکان چین لێرەدا؟ دوو کێشەی زۆر گرنگ هەن لێرەدا، من پێشتر بەناڕاستەوخۆ ئاماژەم کرد بەو دوو حاڵەتە، کاتێک کە باس لەبەجیهانیبوونی ئەدەب دەکەین، بەجیهانیبوونی ئەدەب لەسەر دوو رەکیزە وەستاوە، یەکەم تەکنیکو فۆرم لەچیرۆکو لەرۆمان، دووەم مەسەلەی زمان، ئێمە لەهەردوو فۆرمو تەکنیکدا، هیچمان لەئەدەبو ئەدەبیاتی دونیا کەمتر نییە، بەڵام ئەوە کێشەیەی کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قاوغی کوردبوونی خۆمانو قاوغی نەتەوەییبوونی خۆمان، مەسەلەی زمانە کە ئێمە نەمانتوانیوە زمانی خۆمان بگەیەنین بەدونیا، یانی کاتێک گۆتە رەخنە لەزمانەکەی خۆ دەگرێت، لەقۆناغێکی دیاریکراودا، دەڵێت من هەستدەکەم بەناشیرینترین یان لاوازترین زمانی سەرزەوی کە زمانی ئەڵمانیە دەنووسم، دواجار ئەوە ئێستە زمانی ئەڵمانیە دێت دەبێت بەیەکێک لەزمانە کاریگەرەکانی سەر رووی زەوی، یەکێک لەو بیرمەندە گەورانەی فەرەنسی (کە بەداخەوە ناوەکەیم بیرنییە) لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمدا دەیگرنو دەبێت بەسەرباز، دوایی لەلایەن هێزی نازییەکانەوە دەگیرێو زیندان دەکرێ، لەناو زینداندا خۆی فێری زمانی دوژمنەکەی دەکات، بۆئەوەی لەوێ هیگڵ بخوێنێتەوە، رۆناڵ بارد بخوێنێتەوە، ئەمە کاریگەری زمانەکانی ترە، ئێمە لەقۆناغێکی زۆر هەستیاردایین، بەداخەوە ئێستا ئەمە من هەرچەندە لەدەرەوەی بابەتەکەی تۆدایە، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئەمن لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم ئێمە بەوپێیەی کە دەسەڵاتی بەعس هەموو عەرەبی لەبەرچاومان ناشیرین کرد، بەداخەوە دوای پرۆسەی ئازادی، بەتایبەتی لەشاری کەرکوک بەشێکی زۆر لەقوتابخانە عەرەبیەکانمان نەهێشتو نەماون، ئێستا منداڵمان نانێرین بۆ خوێندنگا عەرەبییەکان، بەلای منەوە ئەمە هەڵەترین حاڵەتە، چونکە ئێمە ئێستا لەشارێکدایین کە نە سەر بەعێراقەو نە سەر بەهەرێمە، بۆیە ئێستا دەبینین ئەو خوێندکارو قوتابیانەی کە لەکەرکوک خوێندنیان تەواودەکەن دەچن بۆ موسڵ یان دەچن بۆ بەغداو وەکو کەڕوڵاڵیان لێهاتووەو عەرەبی نازانن، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەوڵەتیش بووینایە ئێمە پێویستمان بەزمانی عەرەبیە، پێویستمان بەوەیە زمانی فارسیو تورکیو ئینگلیزیو زمانەکانی تر بزانین لەبەر ئەوەی ئێمە دواجار پێویستمان بەبەریەککەوتنە لەگەڵ ئەم جۆرە زمانانە.

**دەستوور:** وەک دەبینین کۆمەڵێکی زۆر کەسی وەرگێڕ لەکوردستاندا دەستیان داوەتە کاری وەرگێڕان لەزمانە بیانیو ناوچەییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردیو لەهەندێک حاڵەتیشدا بەپێچەوانەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە وەرگێڕان لەکوردستاندا بەلاواز دەبینرێت، بەتایبەت وەرگێڕان لەزمانی کوردی بۆسەر زمانێکی تر، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**دانا عەسکەر:** یەکێک لەو کێشانەی ئێمە، زۆرجار باس لەوە دەکەین، لەسێ شاری ئەم بەشەی کوردستاندا، لەکەرکوک، بەشێوەیەکی گشتی ئێمە کلتوری عەرەبی زاڵە بەسەرماندا، رۆشنبیریمان رۆشنبیریەکی عەرەبیە لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمی بووە، ئێمە لەڕێی ئەو زمانەوە ئەدەبیاتمانو کاریگەریو دنیابینیمان لەو روانگەیەوەیە، لەسلێمانی بەحوکمی ئەوەی نەتەوەیەک لەناو سلێمانیدا دەژی، ئەویش کوردەو بەریەککەوتن لەگەڵ عەرەبدا نییە، رەنگە زمانە عەرەبیەکەش لەقوتابخانە خوێندبێتیان کاریگەری وەهای نەبووە، لەبەرئەوەی خەڵکی تریان نەبووە، ئێمە لەکەرکوک تورکمانمان هەبووە، عەرەبمان هەبووە، چ لەڕێی خوێندنەکەوە، چ لەڕێی مامەڵەی ژیانی رۆژانەمانەوە فێری تورکمانیو عەرەبی بووین، بۆیە توانیومانە شتێک لەزمانی عەرەبی هەڵکرێنین، بەڵام لەسلێمانیدا نا، لەدوای راپەڕینەوە سلێمانی بەڕووی ئێراندا زیاتر کرایەوەو دەبینی بەشێکی زۆر لەکتێبە فارسییەکان وەردەگێڕدرێت، ئەمە بووەتە مایەی خۆشحاڵی بۆ ئێمە کە ئێمە شتێکی فارسیش بێتە ناو دنیای ئەدەبیاتو فکری ئێمەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی من دەیبیستم لەبرادەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمانەی کە بابەتە فارسییەکان وەردەگێڕن، بەداخەوە زۆر بەسەقەتی وەریدەگێڕن، بەشێکی زۆری، من خۆم لەسنە لەزۆربەی برادەرانم بیستووە کە ئەم برادەرانەی خۆمان شتەکان بەسەقەتی بڵاودەکەنەوە، کێشەکە چییە، کێشەکە ئەو بەریەککەوتنەیە، نەبوونی ئەو بەریەککەوتنە وامان لێ دەکات زمانمان نەبێت، یانی ئێمە کە لەزانکۆدا ئینگلیزی دەخوێنین کە دێینەوە ناو کۆمەڵگاکەی خۆمان، دێینە ناو خێزانی خۆمان کەسێک نیە بەئینگلیزی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، یانی دەبێتە پرۆگرامێک، ئەو پرۆگرامە زۆر سەرپێیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بۆیە دەبینین کاریگەری زمانەکانی ترو بەتایبەتی ئەو زمانانەی دەوروپشتمان، کاریگەریەکی ئەرێنی نابێت.

**دەستوور:** وێڕای سوپاسو دەستخۆشی بۆ بەشداریت لەم وتووێژەداو دواپەیامت بۆ خوێنەران؟

**دانا عەسکەر:** منیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە لەم رێگەیەوە، توانیمان هەندێ تیشک بخەینە سەر مەسەلە ئەدەبییەکان.

> بەقەناعەتی من و بەقەناعەتی زۆر خەڵکیتریش، کە شتێك نیە لەدنیای ئەدەبیات و لەدنیای فکر و فەلسەفە ناوی نێرینە بێت یان مێینە بێت، موشیلەکە ئەوە ئێمە زۆر بە شێوەیەکی خراپ لەئەدەبیات تێگەیشتووین، زۆر بەغەڵەت لەشیعر تێگەیشتووین

> من بەلامەوە ئەوەی زۆر گرنگە کە قسەی لەسەر بکەین، بۆچی ئێستا ئاستی چیرۆکی کوردی، رۆژ بەرۆژ بەرەولاوازی ئەچێت، بەرەو نەخوێندنەوە ئەچێت

www.arsivakurd.org

# پێشەکییەك لەسەر ئەدەبی پۆست مۆدێرن

پیتەر فیدوسۆن

لەبیست ساڵی رابردوو پێشتریشدا، رەخنەگرانو مێژوونووسانی کلتوریی دەربارەی چەمکی "پۆست مۆدێرن" باسو گفتوگۆیان کردووە، هەندێ کەس پۆست مۆدێرن بەدرێژکراوەی ئایدیاکانی مۆدێرنێتی دەزاننو هەندێکی تر لەسەر ئەو باوەڕەن هونەری پۆست مۆدێرن بەدابڕانێکی جدی لەمۆدێرنیسمی کلاسیک جیادەبێتەوە، هەندێ تریش ئەدەبو کلتوری رابردوو لەروانگەی ئێستاوە دەبیننو بەچاوی پۆست مۆدێرنێتییەوە چاو لەئەدەب دەکەنو وەها رووبەڕووی دەقو نووسەران دەبنەوە وەک ئەوەی "لەپێشدا" پۆست مۆدێرن بووبێتن، روانگەیەکی تر کە هابرماس بەدارێژەری سەرەکی دەزانرێ، بانگەشەی ئەوە دەکات گەلاڵەی مۆدێرن بوون کە دیاریکەری بەها فەلسەفی، کۆمەڵایەتیو سیاسی، یەکسانیو عەدالەتخوازییەو لەبزووتنەوەی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، هێشتا بەئەنجام نەگەیشتووەو نابێ بخرێتە لاوە، ئەم هەڵوێستگرتنە گرێدراوەتەوە بەبەردەوامی بەهای مارکسیزمەوەو بەرهەمە هونەرییەکانیش دەگرێتەوە، لەهەر شوێنێک بەرگری دەکەین لەگەلاڵەی مۆدێرنێتی (جا بەرگری بکەین لەمۆدێرنیسمی هونەری یان نا)، ئەم کارە بەرامبەر بەمشتو مڕە گشتییەکانی پۆست مۆدێرنێتی روودەدات کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم ئەوەی "بان گێڕانەوەکان"ی پێشکەوتنی مێژوویی کە لەسەردەمی رۆشنگەریدا باسیان لێوە دەکرێ هیچ بەهایەکیان نییە، دووەم ناکرێ هیچ بەستێنێکی سیاسی بۆ ئەم بیرکردنەوانە لە"مێژوو" یان "واقیع"دا ببینینەوە، چونکە واقیعو مێژوو، هەردووکیان لەسەردەمی گریمانەکانو قەبڵاندنەکان کە تایبەتمەندی سەردەمی تەکنۆلۆژیایە هاتوونەتە ناو دەقەوە، ئەم هەڵوێستانە دوو گێڕانەوەی گەورەی پۆست مۆدێرنێتین کە خاوەن راکانی تر بەڕادەیەکی جیاواز لەگەڵیدا کۆکن یان ناکۆکن لەگەڵی، بەم گریمانانەوە، باسیان لەپرسە بەربڵاوەکانی فەلسەفی، ستا تیکا یی و ئایدۆلۆژیایی کردوە کە جێگای سەرنجو حەزی بوارە جیاوازەکانی زانکۆکانن لەوانە (فەلسەفە، تیۆری کۆمەڵایەتیو سیاسی، کۆمەڵناسی، مێژووی هونەر، بیناسازی خوێندنەوە کلتورییەکان، شاریو راگەیاندنەکان) هەروەها هەموو جۆرە بەرهەمێکی کلتوری (بیناسازی، فیلمو ڤیدیۆ، مۆسیقای پاپو راک) تیۆری رەخنەی ئەدەبیو هەروەها دەکرێ باس لەپێوەندی نێوان بونیادگەراییو پاش بونیادگەرایی بکرێ، سەرەڕای فرەچەشنە رەوتە جیاوازەکان لەهەر کام لەم بزووتنەوانەدا، هیچ دوودڵییەک لەوەدا نییە ئایدیای پاش بونیادگەری تا رادەیەک کۆمەڵێک رامانە دەربارەی هەمان ئەو پرسانەی کە بیردۆزانو خاوەن رایانی ئەدەبو کلتوری پۆست مۆدێرن لەوانە ئیهاب حەسەن، فدریک جیمسۆنو ليندا هۆچئۆن پێیەوە سەرقاڵن.

پیتەر برۆکێر بەمشێوەیە باس لەگۆڕانی چەمکی پۆست مۆدێرن دەکات:

چەمکی پۆست مۆدێرن، لەیەکەم بەکارهاتنەکانییەوە لەکۆتاییەکانی ١٩٥٠و سەرەتای ١٩٦٠ەوە تا ئەمڕۆ، لەباسە زانکۆییو رۆژنامەییەکاندا، زنجیرەیەکی هەردەم لەگەشەی سیفەتو ماناکانی بەخۆ گرتووە، بەگشتی دەتوانین بڵێین پۆست مۆدێرن وەسفی جۆرێ دۆخ یان حاڵەتێکە کە هیچ چەشنە دڵنیابوونێک لەئارادا نییەو هەردەم گومان دەکرێ لەلایەنە رەهاکانی ژیانی تاکەکەس



میشێل فۆکۆ

کە وایە لەکاریگەرترین گێڕانەوەی دوو لایەنەیدا، بەدەربڕینی لیۆتارو ژان بۆدریار (وا دیارە "بان گێڕانەوەکان" دەربارەی پێشکەوتنو ئازادی مرۆڤ کە رەگی لەئایدیای رۆشنگەریدا هەیە بەهای خۆیان لەدەستداوە، ئەوەی کە جۆرێ کلتوری بەرهەمهاتوو لەگریمانە ساردەکان لەراگەیاندنە گشتییەکاندا سەریهەڵداوە بۆ ئەوەی "دنیای واقع" سەرکوت بکاتو پێشی ئەم دونیا واقعییە بکەوێ، دڵەڕاوکێ کۆنەکان دەربارەی پەیوەندی نێوان گریمانو واقع لەناودەبات، ئەم قەیرانە بەربڵاوو دوولایەنەی مەشروعیەتو بەدەرخستن، هەموو شت دەکا بەهەبا، سەیر نییە خودی چەمکی "پۆست مۆدێرنێتی"یش بەهەبا بووە.

پۆست مۆدێرنیسم جیاواز نییە لەو وتەزاو پلەو زنجیرە نەگۆڕانەی کە هونەرو کلتوریان راگرتووەو پڕاوپڕن لەبێباوەڕی بەئایدیا عەقڵانییەکان، لەرێگای ئاڵۆزی فۆرمەکان، راگەیاندنەکانو ئەو قسانەی کە مەبەستییەتی لێیان بکۆڵێتەوە کە وایە نەگۆڕ بوونی شتێکی دژوارە.

بەدەر لەمەش "پۆست مۆدێرنیسم" وەک چەمکێک، هەم بۆ شیکردنەوەو هەم بۆ هەڵسەنگاندن بەکاردەبرێو ئەم بەکارهێنانە جیاوازانەش هەموو دەم بۆ دیاردەکان وەک یەک نییە کە وایە سێ وشەی پۆست مۆدێرن، پۆست مۆدێرنێتیو پۆست مۆدێرنیسم، هەموویان بۆ قۆناغبەندی گۆڕانە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی سیستمی بۆرژوازی (دوای جەنگ) وەسفی گۆڕانی هونەرەکان یان گۆڕان لەناو هونەرەکاندا وەک ئاماژەیەک بۆ روانگەو هەڵوێستی تاک بەرامبەر ئەم گۆڕانانە بەکاردەبرێو ئەم هەڵوێستگرتنە دەتوانێ حەزو خولیایەکی ئنجیلخوازانە یان زانای گوماناوی یان ملکەچبوونو بەرگری بگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەش، پۆست مۆدێرنیسم وەک چەمکێکی رێژەیی، هەندێجار درێژەی لایەنەکانی زاڵی هونەری مۆدێرنیسم یان ئاوانگاردەو هەندێ جار بەدابڕان لەو هونەرە دێتە ئەژمارو لەم بارەشەوە بەدڵنیاییەوە مشتو مڕو باسی زۆر دەکرێ.

کە باس لەپۆست مۆدێرنیسم دەکرێ، هەر چەمکێکمان مەبەست بێت، ناتوانین لەزاراوەکانی پێشتر خۆمان رزگار بکەین، یەکەم بابەتێک کە دەبێ لێی بگەین ئەوەیە مۆدێرنیسم لەباری کلتورییەوە دەربەست بووە بەچوارچێوەیەکی دیار، یان بەدەربڕینێکی تر ئەم چەمکە لەباسە بەریتانیایی-ئەمریکاییەکاندا زۆر رێکوپێک تر لەبزووتنەوە هونەرییەکانی ئەوروپا بەکاربراوە، لەبەریتانیاو ئەمریکا چەمکی پۆست مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵێک لەنووسەرانی وەک تی.ئێس. ئیلیوت، ئێزرا پاوند، جۆیس، ڤۆڵف، فاکنەر، والاس ستیۆتسو کەسایەتییە کەم بەهاو پەراوێزییەکانی ئەم کەسانە وەک ڤی.سی. ویلیامز، ڤیندهام لویس، گێرترۆد ستاینو ئێچ دیو کەسانی تر بەکاردەبرێ، ئیلیوت کە یەکێکە لەکەسایەتییە دیارەکانی مۆدێرنیسم لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەزمونی مۆدێربوون (گۆڕانی تەکنۆلۆژیاو ئابووری، ناڕازیبوونی سیاسیو ئەزمونی زەینی شەقبوونی میترپۆلەکان)، هەوڵ ئەوەیە ئەم لەخۆ نامۆبوونەی نێوان زانیاریو کلتور، لەژێر چەتری گشتگیری ئەستوورەو نەریتدا بنووسێتەوە، دواتر ئەم رووکردنە نەریتە لەلایەن نوێنەرانی دیارەوە پەرەی پێدراو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی جۆری مۆدێرنیسمی یەککگرتوو. بەوتەی ف. ر. لیۆنس لەدەیەی ١٩٥٠دا (سەرەتای دەیەیەک کە پۆست مۆدێرنێتی تێیدا سەریهەڵدا) ئیلیوت "دامەزراوەیەکی گشتی" بوو، مۆدێرنیسمی بەریتانیایی-ئەمریکایی جۆرێ بینای کلتوری بوو کە لەچوارچێوەی دەستەبژێرێک لەجوانیناسیو ئایدۆلۆژیادا بیچمی گرت، پێویستە لەپێشەنگی مێژوو جیابکرێتەوە، مەبەست لەپێشەنگی مێژوو کۆمەڵێکی فرەچەشنو بێئەملاو ئەولایە لەبزووتنەوە فرەچەشنەکان (فیۆچەریسم، دادا، کوبیسمو سوڕئالیسم) کە خاڵی هاوبەشیان دژایەتییە لەگەڵ دامەزراوەی هونەرو بەشوێن ئەوەوە بوون بەئیلهام لەئانارشیزم، کۆمۆنیزم یان فاشیزم، موتربەیەکی بەکەڵک لەنێوان هونەرو جیهاندا دروستبکەن، واتە هێرشی پێشەنگ بۆ سەر سەربەخۆیی هونەری، جۆرێ دژایەتی کردنبوو لەگەڵ پلە زنجیرەکان لەرێوڕەسمە باوەکانی نێوان کلتورەکانی چینە بالاکانو خەڵکی رەشۆکیو جۆرێ ئاوێتەکردنی ژانرە ئەدەبیەو هونەرییەکانو راگەیاندنەکان بوو کە وەک دەرکەوتەیەک لەکلتوری پۆست مۆدێرن شکڵی گرتو لەئاکامی تەقینەوەی زانیارییەکان، رایەڵەی جیهانی تەلەفزیۆنو سینەماو ئامادەبوونی هەمەگیری راکو پۆپو زۆر مۆدەی تری گشتیبوونەوە، هونەرو ئەدەب (کە خۆیان لەباری مانابیەوە بگۆڕن)، لانیکەم لەزیندانی کلتوری چینە بالاکانی کۆمەڵگا رزگاریانبوو، لەگەڵ کردەی کۆمەڵایەتیدا ئاوێتەبوون، هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەهای ئەم رەوتە لەوەدایە کە گەلاڵەی سیاسی پێشەنگی مێژووی ناکارمە بووە، لەبەرئەوەی هونەر بەتەواوی ئازاد بووە بەوەی بەرەوتی گەڕانی کالاوە پەیوەست بێتو ببێ بەبەرهەمێکیترو پەردەیەک بۆ بۆرژوازی مشەخۆری سەرکەوتوو، لەپانتایی سافو خزی هەڵبژاردنی ئازادو گەڕانەوەی خێرای سەرمایەی ئەم سیستمە، ستراتیژە سیاسییەک تاک رەهەندییەکان هیچیان بەر ناکەوێو سودمەند نابن، هەندێکیتر پۆست مۆدێرنیسم بەسیستمە فیکرو کلتورییە گشتگیرەکان ناو دەبن، جۆرێ روانگەو دۆخ کە زوو تێپەڕ دەبێت، گرێدراوە بەزنجیرەیەکی نەگۆڕ کە لێکیان هەڵدەوەشێنێتەوەو لەکاتی گونجاودا رەخنەیان لێدەگرێ، بەشێک لەرەخنەگران زۆرتر بەها دەدەن بەشێوازێک کە رەخنەگرانی پۆست مۆدێرن، هەڵکەوتەخوازی، تاقیگەری وێنەییو ئاڵۆزو هەستی تراژیکی لەخۆ نامۆبوون لەبەرهەمی نووسەرانی مۆدێرنێتی رەتدەکەنەوە، بۆ وێنە، ئیهاب حەسەن، "سڕینەوەی مرۆڤ لەهونەر" لەلایەن پۆست مۆدێرنەکانەوە لەگەڵ چەمکی پۆست مۆدێرنێتی "سڕینەوەی مرۆڤ لەسەر گۆی زەویو کۆتایی مرۆڤایەتی" بەراورد دەکات، ئیهاب حەسەن لەرەخنە گرتنەکەیدا لیستەیەکی سەیر لەپەڕاوێز نووسینەکانی پۆست مۆدێرنیسم لەسەر مۆدێرنیسم پێشکەشدەکات، ئەم لیستەیە ئەم شتانە دەگرێتەوە "دژ بەئیلیتو هەڵکەوتەگەرایی، دژ بەفێرخوازیی، پەرتەوازەبوونی خود، بەشداری بەکۆمەڵ، بەرادیکاڵ بوونی تەنز، ...).

لەبەرامبەر تاقیگەرایی مۆدێرنیستەکاندا پۆست مۆدێرنەکان دەستدەدەنە بەرهەمهێنانی بونیادە "کراوە، کتوپڕو بەرێکەوتەکان"، پۆست مۆدێرنەکان هەروەها تیۆرییەکانی جوانیناسی نەریتی دەربارەی چەمکگەلێکی وەک "جوانی"و "بێوێنەیی" رەتدەکەنەوە، ئیهاب حەسەن بەکەڵکوەرگرتن لەوتارێکی ناودار لەنووسینی سوزان سانتاگ، باس لەوە دەکات هەموو ئەم وتەزایانە "دژ بەتەفسیرن"، ئەگەر بتوانین هەموو ئەم وتەزایانە لەفیکرێکدا کۆبکەینەوە، ئەم فیکرە "بێناوەندە"، بەزۆری لەسەر ئەو باوەڕەن ئەزمونی پۆست مۆدێرن، لەجۆری هەستی قوڵی رەها نەبوونی بووننناسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

و: هێرش رەسوڵ

چەمکی پۆست مۆدێرن، لە یەکەم بە کارهاتنەکانییەوە لەکۆتاییەکانی ١٩٥٠و سەرەتای ١٩٦٠ەوە تا بە ئەمڕۆ، لە باسە زانکۆیی و ڕۆژنامەییەکاندا، زنجیرەیەکی هەردەم لە گەشەی سیفەتو ماناکانی بەخۆ گرتووە

# مێردی شاعیرێك

**مۆلی جایلێز، نووسەری ئەمریکی ساڵی ١٩٤٠ لە دایک بووە. زیاتر بەوە ناوبانگی هەیە کە چیرۆکەکانی زۆر کورتن و براوەی چەن خەڵاتی ئەدەبی. لە زانکۆ وانەی چیرۆک نووسین دەڵێتەوە. هەروەها جایلێز وەک رەخنەگرێکی دیاری ئەدبی ناسراوەو لەگەڵ ئەمەش بەشێکی زۆر لە رەخنەگرانی ئەدەبی، چیرۆکەکانی ئەو دەبەنە چوارچێوەی ئەدەبی فێمنیستییەوە و وەک چیرۆکنووسێکی فێمنیست ناوی لێ دەبرێ.**

لە پێشەوە دادەنیشێ، قەڵەو، پیاوێکی قەڵە کە دەستەکانی قەڵەوە، گوێکانی قەڵەوە، لێو و دەمی وشک هەڵگەڕاوەو تازە قژی کورت کردۆتەوە، بە رومەتێکی سوور و سپییەوە، چاوەکانی دەدرەوشێنەوە، پیاوێکی ئارام و لە سەرخۆ، یەکەم وێنایەک کە دەیدا بە دەستەوە ئەم شتەیە، پیاوێکی ئارام کە دەزانێ چۆن گوێ بگرێ، ژنە لەو سەرەوە لە سەر سەکۆکە بە جلی رەشی کورتەوە دادێتەوەو بەرز دەبێتەوە و شیعرێک دەخوێنێتەوە، دەربارەی ئەو کاتەی کە دەستی خۆی بڕیوە، شیعرێکی تر دەربارەی پیاوێک کە هێشتا دەبێنێ و شیعری سێهەم دەربارەی قسەیەکی ناشیرینە کە پیاوەکەی شەش ساڵ لەوە پێش پێی وتووەو ژنە نە فەرامۆش دەکا و نە دەزانێ، پیاوەکە گوێ دەدا و دەزانێ کە شیعرەکە تەواو بێت هەمووان چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و یەک دوو کەس، کە ئەگەری زۆرە ژن بن دەچنە سەر و ماچی دەکەن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن. تا دەتوانێ شەراب دەخواتەوە. لە رێگای رۆشتنەوە بۆماڵەوە لێی دەپرسێ:" چۆن بوو؟ بە راست چۆن بوو؟

پیاوەکە دەڵێت: "لاموایە باش بوو."


لە راستییدا هەر ئەمەشی مەبەستە بەڵام شەو کە ژنەکەی خەوتووەو لە سەر قەرەوێلەکەیان راکشاون و لە خاڵێکەوە لە سەر شووشەکە چاو لە مانگ دەکات. خاڵێک کە لە بیری چووبوو.

و: محەممەد هاشمی



# منداڵی کوردو فەلسەفە

## دیدارێک لەگەڵ کەریم مستەفا


کەریم مستەفا

**سازدانی: هەرێم عوسمان**
بەشی یەکەم

منداڵ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش هەر لەسەرەتاوە بەهۆی ئەو پرسیارانەوە دەناسرێتەوە کە منداڵ دەیانکات، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیو سەرنجە ئاستی نەتەوەو خێزان ڕۆڵ دەبینن لەم گەشەکردنو پەرەپێدانەی منداڵ بۆ پرسیارکردنو نزیکبوونەوە لەزانینو خۆشەویستی بۆ فەلسەفە، نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی، کەمترین یاریدەدەری هەیە بۆ پەرەپێدانی پرسیارکردنی منداڵ، خێزانە کوردەکان بەهۆی نەبوونی باکگراوندێکی ڕۆشنبیرییەوە زۆرجار پرسە فەلسەفییەکانی منداڵان خەفە دەکەنو دەکوژن، کەریم مستەفا یەکێکە لەو نووسەرو ڕووناکبیرانەی لەبواری نزیککردنەوەی منداڵی کورد لەفەلسەفە چەندان هەوڵی پراکتیکیو تیۆری ئەنجامداوە، ئێمەش بەگرنگو پێویستمان زانی دیدارێکی لەگەڵ سازبکەین، فەلسەفە هەوڵی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لەژیانو لەمرۆڤ خۆی، خۆشەویستی بۆ زانین پێویستی هەموو مرۆڤێکە، گەر سەرەتا منداڵ پرسیار دەکات، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە منداڵ پێویستیو خۆشەویستی بۆ زانین هەیە، لەبەرئەوە ئەرکی هەموومانە ئەم خۆشەویستییە پەرەپێبدەین نەک خەفەی بکەین، ئەوانەی لەبواری فەلسەفەو منداڵدا کاردەکەن بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، کەریم مستەفا یەکێکە لەو کوردانەی لەم بوارەدا ساڵانێکی زۆرە کاردەکاتو هەوڵی گرنگی داوە، لەبەرئەوە بەگرنگمان زانی دیدارێکی لەگەڵ سازبکەین تایبەت بە"منداڵی کوردو فەلسەفە."

**دەستوور:** دەکرێت سەرەتا باس لەو چالاکییانە بکەن کە ئەنجامتانداوە، لەپێناو نزیککردنەوەی منداڵی کورد لەفەلسەفە؟

**کەریم مستەفا:** لەم بوارەدا، تا ئێستا ٢ کتێبم نووسیوە "٥٢ پرسیاری فەلسەفی، لۆجیکیو کۆمەڵایەتی"و "٧ وانەی فەلسەفی"، ماڵپەڕێکی تایبەت بەفەلسەفەم بۆ منداڵ خستووەتەگەڕ: www.p4ckurd.net و دوو کتێبی، یان چیرۆکی فەلسەفە ئامێزو نووسراو بۆ منداڵانم لەئینگلیزیو نەرویجییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی "باخەکەی مام زەبەلاح"و "منداڵانی ئاگر"، "میتۆلۆجیای یۆنانی-بۆ منداڵان" لەنەرویجییەوە وەرگێڕاوە، ٤ گوتاریشم لەگۆڤاری ئایندەو گۆڤاری مەڵبەند (لەندەن) سەبارەت بەبابەتی فەلسەفە بۆ منداڵ، بڵاوکردووەتەوە.

هەروەها شێوازی وتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵانم بەمامۆستای ئەم فێرگانە، بەشێوەی کۆرس، وتووە:

١) مامۆستایانی پۆلی هاوچەرخ (پرۆژەی ئاسترید لێندەگرین-کۆمەک)، لەفێرگەی گوندی کەندەکەوە.

٢) مامۆستایانی فێرگەی نیشتمانو نەورۆز، لەکۆیە.

٣) مامۆستایانی دەڵاڵانو سەنگەسەر، لەفێرگەی ناودەشت لەسەنگەسەر.

٤) مامۆستایانی فێرگەی پاشای گەورە، لەڕەواندز.

٥) مامۆستایانی فێرگەی بازاڕگە، (پرۆژەی مامۆستا مەسعود محەمەد-کۆمەک) لەمەخمور.

هەروەها لەکۆنگرەی پەروەردە کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕۆژانی ٢٢ تا ٢٠٠٧/٥/٢٤ لەهەولێر سازیکرد، من وەک نمایندەی ڕێکخراوی کۆمەک بانگکرابووم، ئەم بابەتەم خستە بەردەم کۆنگرەو خودی وەزیری پەروەردە کاک دڵشاد عەبدولڕەحمانو دواتریش وەزیری خوێندنی باڵا کاک ئیدریس هادی (وەزیرانی کابینەی پێشوو) هەروەها ئەندامانی لیژنەی پەروەردە (پەرلەمانی پێشوو).

**دەستوور:** ئایا فەلسەفە پێویستی هەموو مرۆڤێکە، بەواتا گرنگە هەموو مرۆڤێک فەلسەفە بخوێنێت، بەجۆرێک لای ئێوە بووەتە خەمێکی گەورە، خوێندنی فەلسەفە بۆ منداڵی کورد؟

**کەریم مستەفا:** بێگومان فەلسەفەو بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بۆ گشت کەسێک گرنگە، چ منداڵو چ گەورەساڵ.

**دەستوور:** ترسان لەفەلسەفە تا چەند لەواقعی هەرێمی کوردستانو لای منداڵی کورد دەبینرێت؟ ئایا ئەو پرۆژە فەلسەفییەی ئێوە هەتانە بۆ منداڵی کورد، تا چەند دەتوانێت ئەم هزرە نەرێیە (خراپە) لەناو کلتوری کوردی بگۆڕێت؟

**کەریم مستەفا:** ڕاستتر وایە ناوبنرێت ناحاڵیبوون، یان بەدحاڵیبوون لەفەلسەفە، نەک ترس لەفەلسەفە، ئەمەش لەگشت کلتورێکدا هەیەو تایبەت نییە بەکلتوری کوردەوە، نازانم تا چەند دەتوانم ئەم بەدحاڵیبوونە (لەلای منداڵان) بگۆڕم، بەڵام ئەم هەنگاوە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەو بۆچوونە نەرێییە، لەباشووری کوردستان!

**دەستوور:** گرنگی پرسیارکردن لای منداڵ لەچیدایە؟ خوێندنی فەلسەفە بۆ منداڵی کورد، تا چەند بەشداریی دەکات، لەپڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لای منداڵی کورد هەیە، لەپرسیارکردنو خۆدزینەوە لەوەڵامدانەوەیانو دواجار مردنی پرسیار لای منداڵی کوردو لەڕێگەی خوێندنی فەلسەفەوە دووبارە زیندووکردنەوەی پرسیار؟

**کەریم مستەفا:** (بەشی یەکەمی پرسیارەکە) لەڕێگەی پرسیارکردنەوە منداڵ بەجیهانی دەوروبەرو بەبیرکردنەوە، یان بەهزر، ئاشنا دەبێت، (بەشی دووەمی پرسیارەکە) لەکلتوری ئەشکەوتدا "هێما بۆ مێتافوری ئەشکەوتەکەی پلاتۆن"، یان لەکلتورێکی داگیرکراودا، کلتوری کوردی، کلتورێکی ئازاد نییە، شەرم باڵادەستەو پرسیار خەفەدەبێت، خەفەبوونی پرسیار، مەرگی هزرە.

> کلتوری کوردی، کلتورێکی ئازاد نییە، شەرم باڵادەستەو پرسیار خەفەدەبێت، خەفەبوونی پرسیار، مەرگی هزرە

**دەستوور:** خوێندنی فەلسەفە چی بەمرۆڤ دەبەخشێت؟ بەتایبەت بۆ منداڵ، بەتایبەتتر بۆ منداڵی کورد؟

**کەریم مستەفا:** لەوەڵامی پرسیاری پێشودا، باسمکرد.

**دەستوور:** پەیوەندی نێوان فەلسەفەو منداڵ چۆن دەبینن؟ پێتانوایە منداڵ توانای وەرگرتنی فەلسەفەی هەبێت؟ ئایا منداڵی کوردیش وەک منداڵانی خۆرئاوا دەتوانن فەلسەفە بخوێنن؟

**کەریم مستەفا:** ئۆسکار برێنیفیر فەیلەسوفی کەنەدی-فەڕەنسی، تایبەتکار لەبواری فەلسەفە بۆ منداڵان، دەڵێت "منداڵان پرسیاری زۆر گرنگ دەکەن، زۆربەی جاریش پرسیارەکانیان فەلسەفییە". هەروەها ماتیۆ لیپمان، پرۆفیسۆری فەلسەفەو داهێنەری ڕێبازی فەلسەفە بۆ منداڵان، دەڵێت "منداڵان زۆربەیان گچکە فەیلەسوفێکن"، هەموو منداڵێکی تەندروستو کامڵ لەڕووی فیزیکییەوە، گەر هەوڵی لەگەڵدا بدرێتو ڕابهێنرێت، توانای تێگەیشتنی فەلسەفەی هەیە، ئەم پرسە پەیوەندی بەخۆرهەڵاتو خۆرئاواوە نییە، منداڵانی کوردستانیش لەم ڕێسایە بەدەرنین، بۆ دڵنیابوون لەم وەڵامە، تەماشای وەڵامو بۆچوونە فەلسەفییەکانی منداڵانی فێرگەی کەندەکەوەو دەڵاڵان بکە لەماڵپەڕی www.p4ckurd.net لەژێر سەردێڕی "منداڵانی کوردستان وەڵامی پرسیاری فەلسەفی دەدەنەوە".

> هەموو منداڵێکی تەندروست و کامڵ لەڕووی فیزیکییەوە، گەر هەوڵی لەگەڵدا بدرێتو ڕابهێنرێت، توانای تێگەیشتنی فەلسەفەی هەیە

**دەستوور:** ئایا هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بۆ منداڵ تا چەند کەشێکی گونجاوو ڕەخساوە تا فەلسەفە بەمنداڵی کورد بگوترێت؟ پێویستە چی بکرێت تا منداڵی کوردیش بەبێ گرفت فەلسەفە بخوێنێت؟

**کەریم مستەفا:** وتنەوەی وانەی فەلسەفە، گەر ئەرکی لەوانەکانی دیکە کەمتر نەبێت، ئەوا بێگومانیش زۆرتر نییەو هیچ پێداویستییەکی تایبەتی ناوێت، جگە لەچەند تێکستێکی تایبەتو ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە چەند وانەبێژێک بەتایبەتی دەرچوانی کۆلێژی فەلسەفە، یان هەر مامۆستایەک کە شارەزاییەکی (ڕۆشنبیری) یەکی لەبابەتی فەلسەفەدا هەبێتو لەکۆرسێکی تایبەت بەوتنەوەی فەلسەفە بۆ منداڵاندا بەشدار بووبێت، بەکورتی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەی گەرەکە.

**دەستوور:** ئەو گرفتانە چین لەبەردەم منداڵی کورد بۆ نەخوێندنی فەلسەفە؟ ئایا پەیوەندی بەمنداڵی کورد خۆیەوە هەیە یان پەیوەندی بەجوگرافیو سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟ یان گشتیان؟

**کەریم مستەفا:** بەبڕوای من هیچ گرفتێک لەئارادا نییە، خۆ جارێ هیچ بڕیارێک نەدراوەو دەستبەکارنەبووین، تا گرفت بێتە ڕێگەمان! نە منداڵانی کوردستانو نە جوگرافیا، هیچ ڕۆڵێکیان لەم باسەدا نییە، تەنیا دیدو بۆچوونی کۆمەڵگەیە، وەک تۆ ناوتناوە "سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتی".

> سیستەمی فێرکاریی باشووری کوردستان، بەداخەوە، بێ ئایدیاو بێ ئامانجە. خوێندن، بەئاستی زانکۆشەوە، تەنیا ئەزبەرکردنەو بۆ مەبەستی دەرچوونە

**دەستوور:** ئایا تا چەند ئاگاداری خوێندنی فەلسەفەن لەقوتابخانەکانی کوردستان؟ بۆچوونتان لەبارەی (پرۆگرامی فەلسەفە) چییە؟

**کەریم مستەفا:** بەڵێ ئاگاداری خوێندنی ئەو وانەیەم کە ناویانناوە فەلسەفە "کتێبی فەلسەفە بۆ پۆلی پێنجەمی وێژەیی، وەزارەتی پەروەردەی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٦، چاپی پێنجەم، دانانی ٨ نووسەری عەرەبی عێراقی- سەردەمی بەعس- ساڵی ١٩٩٥و سێ کەس گۆڕیویانە بۆ کوردی، بەڵام چ کوردییەک؟! ئەوەی کە لەهەمووشی سەیرترە، ناوی کەسێکی دیکە لەلاپەڕەی دووەمدا نووسراوە (سەرپەرشتیی زانستی) نازانم ئەوە مانای چیو چیکردووە؟ کتێبەکە پڕە لەهەڵەی چاپو هەڵەی فەلسەفیو هەڵەی مێژوویی، جگەلەوەی وەرگێڕەکانی نە کوردییەکەیان باشە، نە عەرەبییەکەیان!! ئەگەر سەیری فەرهەنگۆکی پاشکۆی کتێبەکە بکەیت، بەئاسانی دەرک بەم کەلێنەیان دەکەیت، هەروەها ئاگاداریشم، چۆن هەندێک لەمامۆستایانی وانەکەیان داناوە، یەکێک لەو مامۆستایانە خوشکەزای خۆمە، دەرچووی کۆلێژی ئابوورییەو ئێستا (مامۆستای فەلسەفەیە) لەژیانیدا وشەیەک یان دێڕێکی فەلسەفی نەخوێندووەتەوە، هەروەها پێش دەستبەکاربوونی وەک (مامۆستای فەلسەفە) نە کۆرسێک، نە خولێک، تەنانەت لێکچەرێکی (موحازەرە)یەکی لەفەلسەفەدا وەرنەگرتووە، ئەمە لەکاتێکدا، بەدەیان دەرچووی کۆلێژی فەلسەفە، لەفەرمانگەکاندا کارمەندی ئاساییـن! هەروەها کتێبێکی دیکەشم لایە، هەر بەناوی فەلسەفە، بۆ پۆلی پێنجەمی وێژەیی، دوو کەس ئامادەیانکردووە، بەڵام ئەمەیان پەنسیۆم (مەنهەج) نییەو هیچ مەرجێکی کتێبیشی تێدا نییە، بەڕاستی هیچ لەم کتێبەشیان حاڵی نەبووم!

**دەستوور:** ئایا ئەو کتێبەی بۆ خوێندنی فەلسەفە لەقۆناغەکانی ناوەندیو دواناوەندیدا دانراون، تا چەند قوتابی دەتوانێت لێی سودمەند بێت؟ یان بەپێچەوانەوە؟ چونکە ئەوەندەی ئاگاداربم هەڵەی زۆری تێدایە، سەرەڕای ئەوەش بەزمانێکی وشکو بێزارکەر نووسراوە، ئایا ئەمە مەترسی نییە؟

**کەریم مستەفا:** وا بزانم وەڵامەدایەتەوەو خۆشت باشت وەسفکردووە، وەک تۆ دەیڵێیت (مەترسی) لەوەدایە، بۆنمونە، منێک کە بیستو پێنج ساڵ زیاترە سەرقاڵی خوێندنەوەی فەلسەفەم، هیچیان لێحاڵی نەبم، دەبێت خوێندکارێکی پۆلی پێنجەمی وێژەیی، (کەئێستا بووە بەپۆلی یازدە) بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی بابەتی فەلسەفی دەبێتەوە، چییان لێ حاڵیبێت؟ ئەمە لەکاتێکدا کە بەداخەوە زۆربەی خوێندکارانی ئەو ئاستە، لەم ڕۆژگارەدا، تەنانەت ڕۆژنامەی ئاساییو سادەش ناخوێننەوە، نەک بابەتی فەلسەفی.

**دەستوور:** ئایا ئەو شێوازو (مەبەست وتنەوەی وانەی فەلسەفەیە) بەکەم تەماشاکردنەی فەلسەفە لەخوێندنگاکانی کوردستاندا، تا چەند ڕێگریی دەکات، ئەرکی ئێوە گران دەکات کە دەتانەوێ فەلسەفە بەزمانێکی سادەو لەشێوەی چیرۆکدا، بەخوێندکار بدەن؟

**کەریم مستەفا:** تکایە مۆڵەتمبدە با کەمێک بەدرێژی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، کێشەکە پەیوەندی بەسیستەمی فێرکارییەوە هەیە، سیستەمی فێرکاریی باشووری کوردستان، بەداخەوە، بێئایدیاو بێئامانجە، خوێندن بەئاستی زانکۆشەوە، تەنیا ئەزبەرکردنەو بۆ مەبەستی دەرچوونە کە دەڵێم بێئامانجە، مەبەستم لەوەیە بنەماکانی سیستەمی فێرکاریی مۆدێرن دیارنین، پرەنسیپەکانی دیموکراتی، یەکسانی نێرو مێ (ژنو پیاو)، ئازادیی ئاینو بیروڕا دەربڕین، ڕێزگرتنی سنووری جەستە، دژوەستانی ڕەگەزپەرەستی، ڕێزگرتن لەئازادیو مافی تاک، لەبەرنامەکانی فێرکردندا ڕەنگیان نەداوەتەوە، تا ئێستاش لێدانو سزای جەستەییو دەروونی، لەفێرگەو خوێندنگەکاندا هەر ماوە، هەر چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان، نزیکەی سیستمێکی فێرکاریی هاوشێوەیان هەیە کە لەسەر بنەمایەکی ئایینی، ڕەگەزپەرستانەو هەڵاواردن، یان نایەکسانی (نێرو مێ) ژنو پیاو، داڕێژراون.

ئەم ئایدیایانە لەسەر مرۆڤی کورد، بەتەواوەتی ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیدو بۆچوونانە گشتیان کۆسپی سەر ڕێگەی وانەی فەلسەفەن بۆ منداڵان، بەشێوە کاریگەرو ڕاستەقینەکەی، دەنا بەو شێوەیەی ئێستا، زیادکردنی وانەیەکی دیکە بۆ خوێندکارو سەرقاڵکردنی بەئەزبەرکردنی هەندێک بابەتی وشکو بێماناو خاڵی لەزانیاری، هیچ کەڵکێکی نییە، گەرچی لەباشووری کوردستان، هەوڵدراوەو چەند بابەتێکی نوێ هاتوونەتە ناو بەرنامەکانی خوێندنەوە (هەوڵی کاک دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پێشووی پەروەردە، جێی ستایشە)، بەڵام هێشتا پرەنسیپە سەرەکییەکان ونن، ڕێکخراوی کۆمەک زۆر چالاکانە لەهەوڵی مۆدێرنکردنی سیستمی فێرکاریی کوردستاندایە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەکارو چالاکییەکانی کۆمەک، بڕوانە ماڵپەڕی کۆمەک www.komak.nu من کتێبێکم بەناوی "پلانی فێرکاریی" نووسیوە، مانگی ١٠ی ٢٠٠٩ لەڕێگەی ڕێکخراوی کۆمەکەوە دامان بەوەزارەتی پەروەردە، تا وەک پلانی کار بۆ سیستمی فێرکاریی وڵات بەکاریبهێنێت، خۆشبەختانە، وەزیری پێشووی پەروەردە، پێشنیازەکەی قبوڵکردو فەرمانی وەزاری لەسەر بەکارهێنانی کتێبەکە، ئیمزاکرد، لەو کتێبەدا وێنای سیستمێکی فێرکاریی مرۆڤدۆست کراوە، سیستمێکی فێرکاریی دیموکراتی، بێهەڵاواردنو یەکسانی ویست، سیستمێک کە مرۆڤی داهێنەرو بەپەرۆشو دڵسۆز، مرۆڤی ژینگەدۆستو وڵاتپارێز، پێبگەیەنێت، لەو کتێبەدا، فەلسەفە وەک بابەتێکی سەرەکیو گرنگ لەپلانی فێرکارییدا، هەر لەسەرەتای پرۆسەی فێرکارییەوە (واتە لەزارۆخانەوە)، جێگەی بۆ تەرخانکراوە، گەر سیستمێکی فێرکاریی لەو جۆرە لەوڵاتدا دابمەزرێنرێت، ئیدی وتنەوەی وانەی فەلسەفە، هەم ئاسان دەبێتو هەم کاریگەریی لەسەر هزرو دیدی تاکەکانو کۆمەڵگەش دەبێت.

دکتۆر غولام حسین پابتی




شەیتانپەرستی بزاوتێکی فەلسەفەیە کە لایەنگرانی شەیتان بەگەڵاڵەو نمونەی سەرەکیو بەپێش لەدنیای بوونی دەزانن، ئەوان شەیتان بەبونەوەرێکی زیندوو لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دەزانن، شەیتانپەرستی لەگروپی "رێگای چەپ" دژ بە"رێگای راست" پۆلێنبەندی دەکەن، دەستە چەپیەکان باوەڕیان بەچرکردنەوەی رۆحی خۆیان هەیەو لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەکۆتاییدا دەبێ تەنیا وەڵام بەخۆیان بدەنەوە، لەحاڵێکدا کە دەستە راستییەکان چرکردنەوەی رۆحی خۆیان لەرێگای فیداکردنو بەندایەتی خۆی لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی مەزنتر بەدەستدێنن، شەیتانپەرستی بەسەر دووگروپی سەرەکی: شەیتانپەرستی فەلسەفیو شەیتانپەرستی ئایینی دابەشدەکرێن.

چەمکی شەیتانپەرستی بەدرێژایی سەدەکان کەوتۆتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەبنەڕەتدا لەنەریتی مەسیحییەکانی "جودو" شەیتان وەک بەشێک لەئافرێنەر دیتراوە کە لەخۆگری یاسایەکە کە دەتوانێ لەبەرانبەر خواستی خوداوەند دژایەتی بکاو بەدەسەڵاتی تەواوی خۆی، توانای هەیە شەرخوازبێ، بەدرێژایی سەدەکان ئەم واتایە بۆ دژایەتی تەواو دژ بەخوداوەند چەواشەکراوە.

ئەم روانگەیە کە هەر شتێک خاڵی بەرانبەر خۆی هەیەو خوداوەند (تەواو باش) دەبێ هێزێکی خودایی خراپ (شەیتانی)یش لەبەرانبەریدا بێ، (زۆریک لەخوداکانی دێرینیش ئەم هێزە خراپەیان لەگەڵدا بووە، بۆ نمونە شارستانیەتی میسری کۆنیش وەها باوەڕێکیان هەبووە).

بەگەشەی روو لەپێشی ئایینی مەسیحییەتو پاشانیش ئیسلام کە هەردووکیان شوێنکەوتوویەکی زۆریان وەدەستهێناو رزگارییەکی باش بۆ خۆیان لەبەرچاودەگرنو باوەڕیان بەژیانی پاش مردن هەیەو لەنێوان ئامۆژگارییەکانی ئەوان شەیتان بوونی هەیەو لەتەواوی جیهانبینییەکانی ئیلاهی، شەیتان تێدەکۆشێ خوداوەند لەخشتە بباو خراپی بکا، لەگەڵ گەشەسەندنو بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا لەسەردەمی ریفۆرم بۆ سەردەمی روناکبیری (سەدەکانی ١٧و١٨)، کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا پرسیارگەلێکیان سەبارەت بەشەیتان کردو ئەم شەیتانەش لەوەڵامدا بەرە بەرە مەزنو مەزنتر بوو، هەر بۆیە شەیتان پەرستی بەشێوەی نەریتێک لەگەڵ نەریتەکانی رابردوودا دژایەتی هەیە، سەرەڕای ئەوە شەیتانپەرستی لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی دژ بە"ئایینەکانی ئیبراهیمی" دەستی بەدژایەتی خودای ئیبراهیم کردوە، کۆنترین شاهێدی تۆمارکراو سەبارەت بەم وشەیە (شەیتانپەرستی) لەکتێبی (بەدرۆخستنەوەی کتێبێک) لەلایەن توماس هاردینگ، ١٥٦٥ بەر چاودەکەوێ کە لەوێدا داکۆکی لەکلێسای بەریتانیا دەکا: کاتێک بۆ یەکەمجار شەیتانپەرستی روو دەکاتە ئەڵمانیا مارتین لۆتەر هەر جۆرە پەیوەندیەکی لەنێوان ئامۆژگارییەکانی خۆیو شەیتانی رەتکردەوە، شەیتان لەجولەکە، مەسیحییەت، ئیسلامدا هاتووە، وشەی شەیتان سەرەتا لەئایینی جولەکەوە هاتووەو لەمەسیحییەتو ئیسلامدا تەواوکراوە.

روانینی ئایینی جو-مەسیحی-ئیسلام لەشەیتان دەتوانرێ بەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوەدا دابەشی بکەین:

-جو: شەیتان لەجودا، لەوشەدا بەواتای "دوژمن" یان "بوختانکەر"ە، هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە بڕواداران هەڵدەسەنگێنێ، شەیتان لەجودا وەک دوژمنی خودا نەناسراوە، بەڵکو خزمەتکاری خودایە کە ئەرکیەتی ئیمانی مرۆڤایەتی بخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە.

- ئیسلام: وشەی شەیتان لەعەرەبیدا "الشیگان" بەواتای خەتاکار، داگیرکەرو دوژمنە، ئەمە ناونیشانێکە کە بەگشتی دەیلکێنن بەشتێکەوە "ئیبلیس"، ئیبلیس فریشتەیەک بووە کە نافەرمانی خودای کردووە، هەربۆیە لەلایەن خوداوە بەنەفرەت کراوە کە وەک سەرچاوەیەک بۆ سەر لێشێواندنی مرۆڤو جین تاوەکو ئیمانی ئەوان بۆ خودا تاقیبکاتەوە.

-مەسیحییەت: لەزۆرێک لەلقەکانی مەسیحییەت، شەیتان پێش ئەوەی کە لەدەرگای خوداوەند دووربخرێتەوە، بوونەوەرێکی رۆحانی یان فریشتەیەک بووە کە لەخزمەتی خوداوەنددا بووە. دەوترێ کە شەیتان لەبەر دەمار بەرزیو خۆ بەزلزانی لەرادەبەدەر لەدەرگای خوداوەند دوورخرایەوە. هەروەها وتراوە کە شەیتان کەسێک بووە کەبە مرۆڤی گوتووە کە دەتوانێ ببێتە خودا، بۆتە هۆی تاوانی سەرەکی مرۆڤ لەدەرگای خوداوەنداو لەئاکامدا لەبەهەشتی (عدن) دەرکراوە، لەکتێبی یۆنانی "دیابلوس" شەیتان وەک رۆحێکی قێزەون "DIVIL"یش ناوبراوە کە بەواتای "بوختانکەر" یان "کەسێک کە بەناڕەوا خەڵکی تاوانبار دەکا" وشەی "DEVIL" لەرەفتارێک بەناوی "فرێدان" یان "گواستنەوە" سەرچاوەی گرتووە.

**شەیتانپەرستی فەلسەفی:**

بەشێوەیەکی نافەرمیو بەربڵاو ئەم لقە لەشەیتانپەرستی بە"ئانتوان شزاندر لاوی"یەوە گرێدەدەن، ناو براو کەسێک بوو کە کلێسای شەیتانی دامەزراند (یەکەمین رێکخراویک بوو کەڵکی لەوشەی شەیتانپەرستی فەلسەفی وەرگرت)، لەروانگەی شەیتانپەرستی فەلسەفییەوە، تەوەرو ناوەندییەتی جیهانی هەبوون، خودی مرۆڤە، شەیتانپەرستانی فەلسەفی بەگشتی خودایەک بۆ پەرستن لەبەرچاو ناگرنو باوەڕیشیان بەژیانی نامادی پاش مردنیش نییە، بەهەرحاڵ ژیانی ئەم تاقمە لەشەیتانپەرستەکان پەتی لەورەی مەزهەبیو مەعنەویش نییە لەروانگەی شەیتانپەرستانی فەلسەفییەوە هەر تاکێک خودای خۆیەتی، ئەوان بەپاڵپشتی باوەڕگەلی مرۆڤی بەستراو بەدونیا، بابەتگەلی گرێدراو بەفەلسەفەی ئەقڵ بەسوک دەزانن، بەچاوی ترسەوە دەڕواننە مەسەلەکانی بان سروشتی، تەنیا بەهۆی ئەوەوە ژیانێکی نەزۆکو تەنیا لەسەر بنەمای "جیهانی راستەقینە" پێکدەهێنن بەشێوەی زارەکی، ئامۆژگارییەکانی شەیتانپەرستانی فەلسەفی تەمەنێکی زیاتری لەکلێسای (لاوی) هەیە، ئەگەرچی ئەمە وێنایەک لەشەیتانە، بەڵام لەگەڵ بارودۆخی راستەقینەی ئەو دژایەتی هەیە، بۆچی؟ چونکە ئەم فێرکارییانە



لەئامۆژگارییەکانی جولەکەو مەسیحی سەرچاوەی گرتووەو شەیتانیان بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە قێزەون کردوە.

**شەیتانپەرەستەکانی لاویی:**

ئەمجۆرە لەشەیتانپەرستی لەسەر بنەمای فەلسەفی "ئانتوان لاوی" کە لەکتێبی "ئینجیلی شەیتان"و بەرهەمەکانی دیکەی داهاتووە، پێکهاتووە، (لاوی) دامەزرێنەری کلێسای شەیتان (١٩٦٦)ەو لەژێر رۆشنایی نووسراوەکانی فریدریک نیچە، ئالیستر کرالی، ئاین رەند، مارک دێسید، ویندهام لۆیس، چارلز داروین، ئامبروس بیرس، مارک توایٖنو گەلێکی دیکە بووە.

"شەیتان" لەروانگەی (لاوی) بوونەوەرێکی ئەرێنی بووە لەکاتێکدا کە فێرکارییەکانی خوداخوازانەی کلێساکانی داوەتە بەرگاڵتەجاڕیو بایەخی بەمەسەلەکانی جیهانی مادیش نەداوە، شەیتان پەرستێکی (لاوی) خۆی بەخودای خۆی دەزانێ، ئایینی مەزهەبی ئەم تاقمە لەشەیتانپەرستەکان زیاتر هاوشێوەی فەلسەفەی "میجیک کراولی"یە بەروانگەیەکی پێشکەوتووانە بەرەو لای شەیتانپەرەستییە، شەیتانپەرستی (لاوی) ئیدیعای ئەوە دەکا ئەو کەسانەی کە خۆیان بەهاوتەریبی شەیتانپەرست دەزانن، نابێ بەشێوەی بیرکردنەوەی کەسێکی تایبەت وەفاداربنو ئەوانیان لەبواری ئەخلاقییەوە قبوڵ نەبێ.

**شەیتانپەرستی ئایینی**

شەیتانپەرستی ئایینی زۆرجار هاوشێوەی شەیتانپەرستی فەلسەفییە، ئەگەر چی زۆرجار پێویستییەک بۆ خۆیان لەبەرچاودەگرنو ئەوپێویستییە ئەوەیە کە شەیتانپەرست سەرەتا دەبێ یاسایەکی بان سروشتی کە لەوێدا یەک، یان چەند خودا پێناسە کراوە کە هەموویان شەیتانێکن یان بەهۆی شەیتانەوە دەناسرێنەوە، شەیتانێک کە دەتوانێ تەنیا لەزەینی شەیتانپەرستێک پێناسە بکرێ. بەپێی ئەوەی کام جۆر شەیتانپەرستی لەبەرچاو بێ، خودا (یان خوداکان) دەتوانن لەجۆرێکی جیاواز لەپەرستراوەکان بن، هێندێ لەوان لەئایینە زۆر کۆنەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، جۆرە باوەکانی شەیتانپەرستی لەخوداکانیان لەئایینە کۆنەکانی میسری کۆنو گەلێک لەخواکانی کۆنی میزۆپۆتامیاو هێندێکیشیان لەئیلاهەکانی رۆمی یۆنانی (بۆ وێنە مارس-خودای شەڕ) وەریان نەگرتووە، ئەو شەیتانپەرستەکانی دیکە ئیدیعای پەرستنی خودای راستەقینەیان هەیە، بەڵام زۆربەی شەیتانپەرستەکان دەڵێن خودای پەرستراوی ئەوان لەراستیدا تەمەنێکی زۆر کۆنی هەیە، رەنگە لەسەردەمی پێش لەزایینو رەنگە یەکەمین خودایانێک بن کە بەهۆی مرۆڤەوە پەرستراون.

تەواوی ئەو ئایینانە پێکەوە لەگەڵ شەیتانپەرستە فەلسەفییەکان هاوبەشن، چونکە خودی تاک لەیەکەمیندا داناوە، ئەم روانگەیەش زۆرجار بەهۆی کەسانێک کە خودا بەروانگەی شەیتانییەوە سەیر دەکەن پشتیوانی لێدەکرێ. پەندێکی باوی شەیتانی هەیە کە دەڵێ: خودایەکی بەبەها باشترە لەکۆیلەیەکی داماوی سەر خاک کەوتوو، وێنەیەک بۆ ئەم بابەتە، شەیتانی ئیبر ا هیمییە، وەکو ئیبلیسێک



کە لەتەوراتدا هاتوەو مرۆڤایەتی بەلێکردنەوەی میوەی درەخت ناسینی باشو خراپ هاندەدا." تۆ بەدڵنیاییەوە نامری، چونکە خودا پێش ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەی لێی بەئاگا دەبێ، پاشان چاوەکانت دەکرێنەوەو ئێوەش وەکو خوداتان لێدێتو چاکە لەخراپە جیادەکەنەوە". بەکەڵکوەرگرتن لەم چەمکە، شەیتانپەرستەکان باوەڕیانوایە کە خۆیان باشتر لەهەر خودایەکی دیکە دەتوانن، چاکو خراپ لەیەکتر جیابکەنەوە.

لەوێڕا کە ئەم تاقمە لەشەیتانپەرستان خۆیان گەلێک کۆنو کۆنتر لەئەوانی دیکە دەزانن، ناوی "شەیتانپەرستانی نەریتی" یان لەخۆیان ناوە.

**شەڕپەرستان**

ئەم بەشە لەشەیتانپەرستەکان پەیوەستن بەسەردەمی پشکنینی بیروباوەڕەکان لەلایەن کلێساکانەوە، ئەم جۆرە شەیتانپەرستانە زۆرجار تاوانبارن کە دەست بەهێندێ کاری وەک خواردنی ساوایان، کوشتنی ئاژەڵ، قوربانیکردنی کچانی شوو نەکردوو، نەفرەت لەمەسیحییەکانن، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لەکتێبی "مالیوس مالیفیکاروم" پۆلێنبەندی کراوە، کتێبێک کە لەسەردەمی پشکنینی بیروباوەڕەکان لەلایەن کلێساوە (١٤٩٠) نووسراوەو لەراستیدا هیچکات بەشێوەی فەرمی کەڵکی لێوەرنەگیرا، کتێبێک پێکهاتووە لەبابەتی کۆنپەرستانە لەجنۆکە گرتنو جادوگەریو بابەتگەلێکی لەوجۆرە.

**فەلسەفەی شەیتانی**

شەیتان لەنۆ رستەی شەیتانی گرێدراو بە (لاوی) کورتدەکرێنەوە:

١-شەیتان دەڵێ: دەستو دڵئاوەڵایی بەجێگای بەر چاو تەنگی.

٢-شەیتان دەڵێ: ژیانی رۆحانی بەجێگای گەڵاڵەی خەیاڵیو تارمایی رۆحانی.

٣-شەیتان دەڵێ: زانستی پاک بەجێگای کڵاو لەسەرنانو دووڕوویی.

٤-شەیتان دەڵێ: خۆشەویستیکردن بەکەسانێک کە شیاویانە بەجێگای شانازیکردن بەکەسانی سپڵە.

٥-شەیتان دەڵێ: تۆڵەکردنەوەو خۆین خوایی بەجێگای گەڕاندنەوەی رووخسار.

(ئاماژە بەئامۆژگارییەکانی مەسیحییەت کە دەڵێ: هەرکات برایەک زللەیەکی لێدای، ئەولاکەی تریشی بۆبێنە پێش).

٦-شەیتان دەڵێ: بەرپرسیاریکردن لەبەرانبەر بەرپرسیاران بەجێگای هەراسانبوون.

٧-شەیتان دەڵێ: مرۆڤ وەکو گیانلەبەرانی دیکە، هێندێ جار باشو بەڵام زۆرجار خراپتر لەوانەیە کە لەسەر چوار قاچ دەچن بەرێدا.

٨-شەیتان هەموو ئەو شتانەی کە بەگوناه ناسراون ئاراستە دەکا، چونکە هەموو ئەوانە دەبێتە هۆی خۆشیو شادی.

٩-شەیتان باشترین هاوڕێی کلێسایە، چونکە شەیتان بووە بەهۆکاری مانەوەی کلێسا.

لەبەراوردکردنی ئەم رستانە، (لاوی) نۆ تاوانی شەیتانیشی ناوبردووە: گێلی، پڕوپاگەندەکردن، هەوەسخوازی (چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی سەرلەنوێی ئەو شتانەی کەبەکەسانی دیکەتان داوە)، خۆخڵەتاندن، پێڕەوی کردن لەنەریتو باوەڕی کەسانی دیکە، روناکبیری کەم، لەبیرکردنەوەی ئۆرتودۆکسی رابردوو (بۆنمونە، قبوڵ کردنی شتێکی کۆن لەچوارچێوەیەکی نوێدا)، لوتبەرزیو شانازی بێبەرهەم، کەمبوونی چاکەکان! یاداشت "SOLIPSISM".

دواتر (لاوی) یانزە یاسای شەیتانیشی داناوە، لەکاتێکدا پرۆگرامێکی ئەخلاقی نییە، بەڵام رێنوێنیگەلێکی گشتی بۆ ژیانی شەیتانپەرستی پێشکەش کردوە:

١-هیچکات روانگەکانت پێش ئەوەی لێت بپرسن باس مەکە.

٢-هیچکات کێشەکانت پێش ئەوەی دڵنیابی کەسانی دیکە دەیانەوێ گوێبیستی بن باس مەکە.

٣-کاتێ کە میوانی کەسێکی، رێزی لێبگرە گەر وانەبوو هیچکات مەڕۆ بۆ ئەوێ.

٤-ئەگەر میوانەکەت بەئەرکە بۆت، بەبێبەزەییانەو بێرەحمانە لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکە.

٥-هیچکات تا ئەوکاتەی کەلەلایەن کەسی بەرانبەرت نیشانەیەکت نەدیوە، پێشنیاری نزیکی جینسی لەگەڵدا مەکە.

٦-هیچکات شتێک کە هی خۆت نییە دەستی بۆ مەبە، مەگەر ئەوەی کەبوونی ئەوە بۆ کەسێکی دیکە ئاستەمەو دەخوازی لێیوەربگری.

٧-ئەگەر لەجادو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانت کەڵکت وەرگرتووە دان بەدەسەڵاتیدا بنێ، ئەگەر پاش وەدەستهێنانی خواستەکانت دەسەڵاتی جادو بەدرۆ لەقەڵەمبدەی، هەموو ئەو شتانەی بەدەستتهێناوە لەدەستی دەدەی.

٨-هیچکات لەو شتەی کە ناتەوێ لەبەرانبەریدا بێ، شکات مەبە.

٩-ئازاری منداڵان مەدە.

١٠-گیانلەبەران-بێجگە مرۆڤ-ئازار مەدە، مەگەر ئەوەی کە پەلاماری تۆی دابێ یان بۆ ڕاوکردنیان.

١١-کاتێ کە لەخاکێکی ئازاددا هەنگاو هەڵدێنی، ئازاری کەس مەدە، ئەگەر کەسێکیش ئازاری دای، داوای لێ بکە کە درێژەی پێ نەدا، ئەگەر درێژەی پێدا، بیفەوتێنە.

**و: جەلال کشوەردوست**

> شەیتان باشترین هاوڕێی کلیسایە چونکە شەیتان بوە بە هۆکاری مانەوەی کڵێسا

> شەیتان پەرستەکان باوەڕیان وایە کە خۆیان باشتر لە هەر خودایەکی دیکە دەتوانن، چاکو خراپ لە یەکتر جیا بکەنەوە

# گەورەترین عاشقەکان



ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی لیستێکی لەگەورەترین عاشقەکانی دنیا دروستکردو جگە لەخۆشەویستە مێژووییەکان هەندێک خوشەویستی سەردەمیش جێگەی خۆیان لەو لیستەدا کردەوە، لەلیستەکەدا عاشقە بەناوبانگەکانی وەک لیۆو سۆنیا تۆلستۆی، جۆنو ڤالێری پرۆفومۆ، ئەدیت پافو مارسڵ سەردان، فرانک سیناتراو ئاڤا گاردنەرهەنو جگە لەوانیش باراک ئۆباماو میشێل ئۆباما چوونە نێو لیستەکەوە، ناوی عاشقە مۆدێرنەکانیش لەبراد پیتو ئەنجلینا جولی نرا.

# ژنان دڵیان فەرامۆش دەکەن







بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەدامەزراوەیەکی تایبەت بەنەخۆشییەکانی دڵ لەئەمریکا ئەنجامدراون تا ئێستاش ژنان دڵیان فەرامۆش دەکەنو ئەو پەیامەیان پێنەگەیشتووە کە لەبارەی مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵەوە هەیە.

ژنان هەموو وا دەزانن کە شێرپەنجەی مەمک زۆرترین هەڕەشە لەسەر ژیانیان دروستدەکات، بەڵام ئەو ژمارە ژنەی کە بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە دەمرن زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە سەرجەم جۆرەکانی شێرپەنجە دەیانکوژێت.

هەروەک لەلێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە لەچاو دە ساڵی ڕابردوودا ژنان زۆر زیاتر تووشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبن، کێشەکانیش بریتییە لەوەی ژنان وا دەزانن نەخۆشییەکانی دڵ پەیوەندییان بەتەمەنەوە هەیە کە لەڕاستیدا بەو جۆرەنییەو هۆکارێکی دیکەش نەزانینی نیشانەکانی نەخۆشییەکانی دڵە لەلایەن ژنانەوە.

# هۆرمۆنی دەسەڵات

پرۆفیسۆر حەلیم خەتات لەیەکێک لەزانکۆکانی وڵاتی تورکیا هۆرمۆنی تێستیستێرۆن بەهۆرمۆنی دەسەڵات ناودەبات، پێشیوایە ئەو هۆرمۆنە توانای سێکسیو بیرکردنەوەو جوڵانو چالاکی پیاو دیاری دەکات، واتە تێستیستێرۆن ئەو هۆرمۆنەیە کە بۆ پیاوێکی چستو بەگوڕ پێویستەو هەموو ئەو پیاوانەشی بەو جۆرەن ئەو هۆرمۆنەیان بەهێزە، دواتر دێتە سەرباسی ئەندرۆپۆز کە لەدوای کەمبوونەوەی سروشتی ئەو هۆمۆنەی پێشوو دروستدەبێتو زۆر کێشە بۆ پیاوان دروست دەکات لەوانە کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسیو بچوک بوونەوەی گونەکانو زیاد بوونی چەوری لەشو کەمبوونەوەی خوێنو نەمانی تەرکیز.



# سپایدەرمان بەشێوازێکی نوێ وێنەی دەگیرێتەوە

سپایدەرمانی نوێ دەیەوێت زیاتر نزیک بێت لەبینەرەکانییەوە لەهۆڵەکانی سینەمادا، هەر بۆیە کۆمپانیای "سۆنی پیکچەرز" بڕیاریداوە زنجیرەی نوێی سپایدەرمان بەشێوازی سێ دووری (3D) وێنە بگرێت تا واقیعییانەتر بنوێنێت، بڕیارە لە ٣ تەمموزی ٢٠١٢ فیلمەکە تەواو بەبێتو لەسینەماکاندا ئامادەی بینینبێت.



# کەرنەڤاڵی ڕیۆ دیمەنە سەرنجڕاکیشەکانی نمایشکرد

کەرنەڤاڵی ڕیۆ کە یەکێکە لەگەورەترینو بەناوبانگترین کەرنەڤاڵەکانی دنیا بەچەندین دیمەنی سەیرو سەمەرەو سەرنجڕاکێشەوە دەستیپێکرد، کەرنەڤاڵی ڕیۆ کە ئەگەر لەدووریشەوەبێت لەلایەن هەموو جیهانەوە تەماشادەکرێت، سومبولی وڵاتی بەڕازیلە، وابڕیاریشە چالاکییەکانی ئەم کەرنەڤاڵە ٥ ڕۆژ بخایەنێتو سەمای سامپاو توانای خوێندکارەکانی ئەو بوارە پێشکەشی دەیان هەزار گەشتیار بکرێت.





# ئەمساڵ جەنگی سێیەمی جیهانی دەست پێدەکات!

ڤانگا نینەی پیاوی ئایینی بولگاری کە پێش ١٤ ساڵ کۆچیدوایی کردووەو کوێریش بووە، پێش مردنی پێشبینی هەریەک لەڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرو داگیرکردنی گورجستان لەلایەن ڕوسیاوەی کردبوو، هەرچەندە بەهۆی پێشبینییەکانییەوە لەوڵات شاروەدەرنرابوو، بەڵام دیسان پێشبینییەکانی مایەی دڵخۆشینین، ڤانگا دەڵێ لەنۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٠ دا جەنگی سێیەمی جیهانی دەستپێدەکاتو لە ٢٠١٤ دا کۆتاییدێت، لە ٢٠١١ دا بەهۆی ئەو چەکە کیمیاوییو ناوەکییانەی لەو جەنگەشدا بەکاردەهێنرێن لەنیوەگۆی باکووری زەویدا دەبنە هۆی لەناوچوونی گیانەوەرانو ڕووەکەکان، لە ٢٠١٤ دا بەهەمان شێوە ئەو چەکانەی بەکاهێنراون دەبنە هۆی ئەوەی نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی تووشی شێرپەنجەی پێست ببن، لەساڵی ٢٠١٨ دا چین دەبێتە زلهێزترین وڵاتی جیهان.



# ئەو خۆراکانەی شێرپەنجە لەناودەبەن

زانایانی دامەزراوەی بەرەوپێشبردن لەبواری دەمار لەئەمریکا ڕایانگەیاند، شەرابی سوورو چکلێتی قاوەییو سیرو مێوژی ڕەشو چا لەوخواردنو خواردنەوانەن کە لەناوبەری شێرپەنجەن، ویلیام لی سەرۆکی دامەزراوەکە ڕایگەیاندووە ئەو خواردنانەی ناویان هێنراوە خانەکانی شێرپەنجە لەناو دەبەنو ڕێگردەبن لەبەردەم دروست بوونی لووە شێرپەنجەییەکاندا، سەرۆکی دامەزراوەکە ئاماژەی بەوەشداوە کە خواردنی ئەوانە پێکەوە و لەماوەی ڕۆژێکدا سوودی زیاتر دەبەخشێت.





# ئەم پەرداخانە زمانیان هەیە!

بڕیارە جۆرە پەرداخێک دروست بکرێت کە خۆیپێت دەڵێ تۆ چیدەخۆیتەوە یان ئەو چیتێدایە، پەرداخەکە کە ناوی (سیفەرە)و ئێستا لەقۆناغی دیزاینکردندایە، شلەمەنییەکان بەڕەنگەکانیاندا دەناسێتەوەو لەڕێی ئەو تەنۆلکە ڕەنگاوڕەنگانەوە کە لەپەرداخەکەدا هەیە ڕەنگی زاڵی شلەکە دیاریدەکرێتو ناوی خواردنەوەکەت پێدەڵێت، وەک شیر، شەربەتی پرتەقاڵ، قاوە، یان کۆلاو هەر خواردنەوەیەکی دیکە، ئەم پەرداخە لەوانەیە سوودێکی بۆ کەسانی ئاسایی نەبێت، بەڵام سوودی زۆری بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری خواردنەوەکان دەبێت.




# بێتاقەتەکان زوو دەمرن

ئەگەر زۆر خۆتان بێتاقەت بکەن ئەوا مانای ئەوەیە کە زوو دەمرن، ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون دەریان خستووە کە هەرکەسێک زۆر بێزار بێت تەمەنی کورتدەبێت.
لێکۆڵەرەوەکان ڕایانگەیاندووە ئەو کەسانەی بەردەوام گلەیی لەبێتاقەتی خۆیاندەکەن، لەتەمەنێکی کورتتردا دەمرن لەوانەی ئەو کێشانەیان نییە، هەروەک ئەو کەسانە ئەگەری تووش بوونیان بەنەخۆشییەکانی دڵ زیاترە، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ٧ هەزار کەس بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ئەنجامدراوە سەرەنجام دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی بێزارن بەڕێژەی (٤٠٪) لەکەسانی ئاسایی زیاتر لەمەترسیدان.



# تۆم کروز لە فیلمێکی ترسناکدا

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی پاراماونت پیکچەرز بڵاویکردۆتەوە، بڕیارە بەم زووانە تۆم کروز ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی دەست بەوێنەگرتنی زنجیرەی چوار لەفیلمێکی ترسناک دەکات، بڕیاریشە فیلمەکە لەساڵی ٢٠١١ دا ئامادەبێت لەسینەماکان دابەزێت، هەر لەبەر ئەم فیلمە بوو کە لەساڵی ٢٠٠٦ دا نێوانی کروزو ئەو کۆمپانیایەی بەرهەم هێنانی ئەو فیلمە تێک چوو، بەڵام هەر ئەم فیلمەش بوو کە پێکیهێنانەوە.



# پرنتەریشەو کوژێنەرەوەشە

ژاپۆنییەکان لەداهێنانێکی نوێدا پرنتەرێکیان دروستکرد کە توانای ئەوەی هەیە ئەو کاغەزانەی کە نووسراویشن جارێکی دیکە بسڕێتەوەو سەر لەنوێ پرنتیان بکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانێت هەزار جار ئەو کارە لەسەر یەک پەڕەی نووسراو بکاتو پرنتی بکاتەوە، پرنتەرەکە ناوی پریپیتەو چەند دوگمەیەکی لەسەرە کە بریتین لە "پرنت"و "سڕینەوە"و "سڕینەوەو پرنت" لەئێستادا تەنها پرنتەرەکە دەتوانێت تەنها کاغەزی ڕەشو سپی بسڕێتەوەو پرنت بکات، بەڵام بڕیار وایە تایبەتمەندی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگیشی بۆ زیادبکرێت.




# ساڵانە ٨٠ جار نەخۆش دەکەوین!

هەرکەسێک لەئێمە بەدرێژایی تەمەنی (٦٢٨٤) جار تووشی چەند وردە گرفتێکی تەندروستی دەبێت، بەپێی ئەو هەواڵەی ماڵپەڕی (daily mail) لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر (٣٠٠٠) کەسی پێگەیشتوو لەوڵاتی بەریتانیا کراوە، دەرکەوتووە کە هەرکەسێک ساڵانە ٨٠ جار تووشی هەندێک کێشەی بچوکی تەندروستی دەبێت وەک سەر ئێشەو گرژ بوونی ماسولکەکانو پشت ئێشەو سەرما بوون، هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە لەساڵێکدا ٢١ ڕۆژ دەرمانی ئازارشکێن دەخۆینو ئەگەر تا تەمەنی ٧٨ ساڵو نیوی بژین ئەوا ژمارەی ئەو ڕۆژانەی ئەو دەرمانانەی تێدا بەکاردێنین دەگاتە (١٦٤٩) ڕۆژو ساڵانە ١٦ جار تووشی سەر ئێشەو بەدرێژایی تەمەنیش (١٢٥٦) کەڕەت سەرمان دەیەشێت.



ئامادەکردنی: شەیدا

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

بەوردی مامەڵە لەگەڵ کارە کەڵەکەبووەکانتدا بکە، دەتوانی بەشێک لەگرفتەکانت لەهەفتەی ئایندەدا چارەسەر بکەیت، بارودۆخی سۆزداریت فەرامۆش مەکەو گرنگی پێبدە، پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسەنزیکەکانت پتەوتربکە، خۆشترین ڕۆژت دووشەممەیە، ژمارەی بەختت (٥)

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

باری ئابوریت بەرەو باشتر دەڕواتو ئەم ماوەیە لەبارە بۆ گرنگیدان بەکارەکانتو باشترکردنی باری ئابوریت، کەسانی تر هاوکارت دەبن لەسەرکەوتنەکانتدا بەتایبەتی لەبواری کارەکەتدا، خۆشترین ڕۆژت هەینییە، ژمارەی بەختت (٢)

## دوانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

پیاداچوونەوەیەک بەژیانی کۆمەڵایەتیدا بکە، ئاستەنگە بتوانی بڕیاربەدەی لەسەر بوارە تایبەتییەکانی خۆتو چاوەڕوانی هاوکاری کەسانی تریت، لەسەرەتای هەفتەی داهاتوو هەندێک کێشەو گرفت ڕووبەڕووت دەبێتەوە، گرنگی بەخۆشەویستەکەت بدە، خۆشترین ڕۆژت سێ شەممەیە، ژمارەی بەختت (١)

## قرژاڵ



(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

چەند گۆڕانکارییەک ڕوودەدات کە چاوەڕوانی ناکەیت، پەیوەندی بەچەند دامەزراوەو ڕێکخراوێکەوە دەکەیتو بۆچوونەکانت جێگای سەرنجیان دەبێت، لەکۆتایی ئەم مانگەدا هەواڵێکی ئابوری دڵخۆشت دەکاتو سوودت پێدەگەیەنێت، خۆشترین ڕۆژت پێنج شەممەیە، ژمارەی بەختت (٧)

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

کەسێک سەرنجت ڕادەکێشێتو وات لێدەکات تەواو ئالودەبیت، ڕووداوەکانی ڕابردوو لەبیر بکەو بەژیرانە بۆ داهاتو هەوڵبدە، کەسە نزیکەکانت فەرامۆش مەکەو گرنگی بەسەردانیان بدە، چەند هەواڵێکی چاوەڕوانەکراوت پێدەگات، خۆشترین ڕۆژت شەممەیە، ژمارەی بەختت (١)

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

سەرەتای مانگی داهاتوو کەشێکی دڵخۆشکەر دەبێت بۆت، بەشداری چەندین بۆنەی کۆمەڵایەتی دەکەیت، بەشێوەیەکی نەگونجاو بڕیار لەسەر شتەکان دەدەیت، لەچیرۆکێکی خۆشەویستیدا دەژیت کە ناتەوێت بکەوێتە بەرچاوو هەوڵدەدیت بیشاریتەوە، خۆشترین ڕۆژت یەک شەممەیە، ژمارەی بەختت (٣)

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

هەواڵێکی گرنگ سەبارەت بەکارەکەت دەبیستیتو پلەکەت بەرزدەبێتەوە، لەهەفتەی داهاتوودا سەرقاڵییەکانت زیاتر هیلاکت دەکات، کێشەکانی ناو خێزانەکەت پێویستی بەبەشداریکردنی تۆ هەیە بۆ چارەسەرکردنی، خۆشترین ڕۆژت یەک شەممەیە، ژمارەی بەختت (٣)


## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

مانگی داهاتوو بەچەندین کاری کەڵەکەبوو پێشوازی لێدەکەیتو بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بەشەونخونی هەیە، هەست دەکەیت کەسانی نزیکت تۆیان فەرامۆشکردوە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە، خۆشترین ڕۆژت چوار شەممەیە، ژمارەی بەختت (٤)

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

هەوڵبدە کۆنترۆڵی توڕەبوونت بکەیت، لەسەرتای هەفتەی داهاتوو هەندێک گرفتی بچوکت بۆ دروست دەبێت کە لەکۆتایی هەفتەدا چارەسەر دەکرێت، خۆشەویستەکەت پێویستی بەئەحواڵپرسینت هەیەو فەرامۆشی مەکە، خۆشترین ڕۆژت پێنج شەممەیە، ژمارەی بەختت (٦)

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

ئارامی دەگەڕێتەوە ناو ژیانتو لەهەفتەی داهاتودا ئەرکەکانت کەمتر دەبێتەوەو پشوو دەدەیت، هاوسەنگی بۆ ئیشو کارەکانت دەگەڕێتەوە، پەیوەندییە سۆزدارییەکانت لەبەرژەوەندی تۆ دەبێت، خۆشترین ڕۆژت هەینییە، ژمارەی بەختت (٧)


## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

گۆڕانکارییە خێراکانی ژیانت دڵخۆشت دەکاتو بەگڕوتینێکی بەهێزەوە بەرەو کارەکەت دەچیت، چەند گەشتێکت بۆ دروست دەبێت کە پێویستە، ئامانجەکانت بەخێرای دێتەدیو هەوڵبدە بەژیرانە کاریان بۆ بکەیت، خۆشترین ڕۆژت دووشەممەیە، ژمارەی بەختت (٤)

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

دەتوانیت لەهەفتەی داهاتودا جارێکتر هاوسەنگی بۆ بواری کارەکەت بگەڕێنیتەوە، چەند پرۆژەو کارێکی تازە دەخرێتە بەردەمتو هەڵبژاردنەکت لەبەرژەوەندیت دەبێت، ئەم مانگە باشترین مانگە بۆ هێنانەدی خەونەکانت، خۆشترین ڕۆژت یەک شەممەیە، ژمارەی بەختت (٥)

دستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە. هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١


ژمارە (١٩) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/١٧
www.destur.net
info@destur.net



ڕیکلام




ڕیکلام




ڕیکلام

هاوپەیمانیی کوردستان

التحالف الكوردستاني

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# پەیامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان

## لیستی هاوپەیمانی کوردستان.. لیستی ئێوەیە و بۆ ئێوەیە..

هاوپەیمانی کوردستان کە یەکێکە لە بنیاتنەرە سەرەکیەکانی دیموکراسی و فیدراڵی و ئازادیی لە عێراقی نوێدا، لیستی ئەو هێزە خاوەن ئەزموون و بە ئیرادانەی کوردستانە کە خاوەنی رابردووی پرسەروەری و خەبات و قوربانیدانن لە پێناو بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەلەکەمان و دەستەبەرکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هاووڵاتیاندا..

لیستی سەروەریی یاساو دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی و مەدەنیانەیە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەو ئازادییە بنەڕەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ.

لیستی تێکۆشانە بۆ ئاوەدانی و سەقامگیریی و دیموکراسی و پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی ژنان و ئازادیی ڕادەبرین و پاراستنی مافەکانی گەلەکەمان.

هاوپەیمانی کوردستان بایەخێکی سەرەکیی بە گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردستان و خزمەتگوزارییەکانی دەدات، بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی هەر توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکەمان.

ئەم لیستە خەبات دەکات بۆ بەهێزترکردنی پێگەی هەرێمەکەمان و گێڕانەوەی تەواوی ناوچە دابڕاوەکان و چەسپاندنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکانی ڕژێمی رووخاو و لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان.

لیستی هاوپەیمانی.. لیستی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هێز و لایەن و نەتەوە و ئایین و ئایدیای پێکهاتە جیاوازەکانە لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەوەری و تەوافوقی سیاسی لە عێراقی نوێدا.

ئەزموون و خەباتی ئەم هێزانە و رابەرایەتی پارتە هاوپەیمانەکان راستگۆترین پارێزەری یەکریزیی و تەبایی گەلەکەمانەو زامنی بەهێزترکردنی پێگەی گەلی کوردستانە لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدیهێنانی سەرجەم ئاواتەکانی گەلەکەماندا.

ئیتر بۆ پێشەوە.. بەرەو هەڵبژاردنێکی ئازاد و تەندروست..
بەرەو دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ..
با هەموو دەنگمان یەکخەین بۆ سەرخستنی پاڵێوراوانی لیستی پارێزەری گەلەکەمان..
لیستی ژمارە ٣٧٢

٣٧٢